تێکۆشەر

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەت بە تێکۆشەران
بۆردی تێکۆشەرە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

ژمارە (٢) - تشرینی یەکەم ٢٠٢٦

خاوەن ئیمتیاز:
بۆردی تێکۆشەرە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

سەرنووسەر:
رەهبەر سەید برایم

جێگری سەرنووسەر:
ڕێبوار ستار

دەستەی نووسەران:
نەسرین کوردە
د.کارزان محەمەد
بورهان شێخ ڕەئوف
برایم محێدین عارف
محەمەد بەردەسپی

دیزاین:
باوان محمد صدیق

ناونیشانی گۆڤاری تێکۆشەر
هەرێمی کوردستان-عێراق
سلێمانی- گەڕەکی زەرگەتەی کۆن
بارەگای مەکتەبی کاروباری ڕێکخراوەیی (ی.ن.ك)


تکایە بابەتەکانتان تەنها بە فۆنتی یونیکورد بنووس و بینێرن بۆ واتسئاپ:
07701377301
یان لەڕێگەی ئیمێڵ:
tekosharmagazine@gmail.com

ماڵپەڕی گۆڤاری تێکۆشەر
tekoshar.com

چاپخانەی کارۆ

لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانە بخوێنەوە...

سەروتار	سەرنووسەر	3
کۆڵنەدەر	ستران عەبدوڵڵا	4
سێوەکەی دڵ مام جەلال	رەهبەر سەید برایم	5
مام جەلال، لە کاریزمای سیاسیەوە بۆ پێشەنگی میدیایی	ڕێبوار ستار	17
پرۆژەیەك بۆ کۆبەرهەمی (مام جەلال)	د.کارزان محەمەد	19
مام جەلال.. پێشمەرگە و ئەندازیارێ هەڤسەنگیێ و کاریزمایێ....	دێوالی روستینکی	28
خەونە شاعیرانەکەی مام جەلال	میران عەبدوڵڵا محەمەد	30
چارەکە سەعاتێك لە ژیانی مام جەلال	ماموستا جەعفەر	35
لاپەڕەیەک لە مێژووی جەنابی سەرۆک مام جەلال لە شۆڕشی نوێدا	حەمە سنگری	36
مام جەلال جۆرج واشنتۆنی عیراق	شێرزاد شێخانی	40
مام جەلال هەمیشە لە لوتکەدا	ئارام هەڵەدنی	42
هیرۆخان پێش ئەوەی ببێتە خانمی یەکەمی عێراق پێشمەرگە بوو	یوسف زۆزانی	45
مەکۆکە (٢) - چەمی رەزان	رەهبەر سەید برایم	48
کوردایەتی سەربەرزییە	نەسرین کوردە	50
لە دۆخی چەقبەستوویی کوردستاندا، بیری دەستپێشخەرییەکانی...	ئاوات کۆکەیی	54
سەرکردەیەک لە خزمەتی ئاشتیدا ژیان و خەباتی جەلال تاڵەبانی	گۆنا ئیبراهیم	56
شادبوون بە دیداری بەڕێز مام جەلال و ئاشنابوون بە تواناو لێهاتوویی.	برایم محیدین عارف	58
هەرجارەی باسێکی مام	ڕێبواری ئیعلام	61
مام جەلال و تورکیا: ئەندازیارێکی دیپلۆماسی و تێکشکێنەری	بورهان شێخ رەئوف	65
دیبلۆماسیەتی سەرۆک مام جەلال	فەتاح شێخ ئەمین	67
هەڤالانی خەباتگیری ی. ن. ک: پێشمەرگە نەبەزەکانی هێزی پشتیگیری...	ڕێبوار ستار	70
هەڤاڵ مام جلال بۆجەماوەری هەولێر ئەدوێ	گۆڤاری تێکۆشەر	80
وێژەی هەڵوێست و بەرگری	ماموستا چەتۆ حەوێزی	78
جەنابی مام	رەهبەر سەید برایم	79
بەڵگەنامە	گۆڤاری تێکۆشەر	80
نامە چوکلێتییەکان	گۆڤاری تێکۆشەر	81
ئاوازی هزر	ب. راهی	82
تریقەی تێکۆشەران	ب. رەندی	84
مۆری مێژوو	گۆڤاری تێکۆشەر	85
ڕۆژژمێری ڕوداوەکان	ستافی گۆڤاری تێکۆشەر	86
نووسینەوە بە هەتاو	گۆڤاری تێکۆشەر	103



سەروتار

سەرنووسەر

بەهۆی سالڕۆژی کۆچی دوایی مام جەلال لە ٢٠١٧/١٠/٣ ستافی گۆڤاری تێکۆشەر بڕیاریدا ئەو ژمارەیەمان تەرخان بکرێت و تایبەت بێت بە (مام جەلال)، چونکە مام فرە ڕەهەند و بوارە، هەرکەسێتییەکی کورد و عێراقی نییە بەڵکو جیهانییە، ژیان و خەونی هەر بۆ خەبات و رامیاری تەرخان کردبوو، لەو رووەوە بابەت و نووسین گەلەک زۆرن هەرچەند بنووسرێت هەقی خۆی نایدەینێ، لوتکەیەکی سەرکەشە نوسین و خامە نایگاتێ هەرچەند دامەزراوەی سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی هەیە بۆ کاروباری ڕەوشەنبیری، بەڵام هەر تینویەتی هەواداریانی نەشکاندووە، زۆر کەلێن و پوار هەیە بۆ پڕکردنەوەی مام جەلال ئەفسەر و فەرماندەی پێشمەرگە و مەیدانی بووە هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە، شارەزایەکی پڕ ئەزموونی هەیە لە کاروباری سەربازی و مەشق و ڕاهێنان و شەڕ و داستان، بەدەست و مستی خۆی پێ گەیشتووە، دەیان شەڕ و داستان و چالاکی سەرپەرشتی کردووە، وەک فەرماندەیەکی بە ئەزموون و شەڕکەر و ئازا و قارەمان، جگەلەوەش کەم سەرکردە هەیە وا گەشبین و وریەبەرز و نەبەز و کۆڵنەدەر بێ، لە کارکردن هەرگیز وەڕز نابێ هەمیشە دەیکاتە بەهاری بەختیاری، لەمێژوودا بە دەگمەن سەرکردە هەڵدەکەوێ وەک ئەو هێندە نامە و پەیامی هەبێ، وەخت و ناوەخت و شەو و نیوەشەو هۆشیار بێ ئاگای لە وردەکاری هەموو بێت!! لە بواری رامیاری دووربین و بەپێشین و دیدەڕوون بێ، هەمیشە لەئیشکردن وەخت و بەشی نەدەکرد بەهەموو کارێک رادەگەیشت و ئامۆژگاری و زانیاری تازەی هەبوو، لە وەچەرخان و پێشکەوتن هەر رووەو سەرکەوتن و پێشکەوتن و تێگەیشتن و پێ گەیشتن ڕەچاوی تەمەنی نەدەکرد!!

هێند کۆمەڵایەتی و لەناو کۆمەڵانی خەڵک بوو، دیبلۆماتکاری گەورە و سیاسەتمەداری ناوداری دەناسی دەگونجا و وتەی نوێی پێبوو، شارەزای دابونەریتی کوردەواری بوو، دەیزانی مامەڵە لەگەڵ کوێخا و ئاغا و بەگ و سەرۆک هۆز و سەرخێڵ بکات.

دەیزانی جەمەدانی جوان ببەستێ، بۆینباخیش گرێ بدا، دەیتوانی سواری ئەسپ ببێ و لەهەمانکاتدا سواری فڕۆکە بێ، وتاربێژێکی ڕەوان بوو وەک تاقگە هەڵدەڕژا وتەی جوانی بەکاردەهێنا! پێی دەکرا جەماوەر و بێتە جۆش و خرۆش و ڕای گشتی دروست بکات، بڕوای بە بیر و بیردۆز و فەلسەفەی رامیاری هەبوو، زۆری دەخوێندەوە کەمی دەنووسی، بی نووسیبا بابەتی فرە جوانی دەنووسی، دەبووە ڕێچکە و ڕێباز و هۆشیارکردنەوە، لە ئاخاوتن و نووسین جیاوازی نەدەکرا و گەر وتە و رای دەردەبڕی دەبووە نووسینێکی بەتام و بە چێژ، ڕۆژنامەوانێکی گەورەبوو بنەما و ڕەگەزی ڕۆژنامەنووسی شارەزابوو، بیرتیژ و بە یادگە و میشک ڕوون بوو،رووداوەکانی وەک خۆی لەبیرمابوو، لە جولانەوەی کوردی پێشەنگی بزاڤی ڕەوشەنبیری و پارتایەتی و چینایەتی و کوردایەتی بوو!

ئەمەش چنگیکە لە دەریای بێ پایاتی ژیان و خەبات و رامیاری و دبلۆماسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی!



کۆڵنەدەر

ستران عەبدوڵڵا - ئەندامی سەرکرایەتی و لێپرسراوی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی

گەرەکمە ناوی ئەو کونجەی لەم گۆڤارە بەرم کەوتووە بنێم (تێکۆشەری نوێ). بەوەش هەم هەنجەتم هەیە کە هەر وەختێک بخوازم شتێکی نوێ باس بکەم، پاکانەم هەیە و هەر وەختێکیش لە تەنهایی و دواکەوتنم بمەوێ بگەمەوە کاروانی هەڤاڵان سا بەڵکو تایتڵی نوێ گرێم بداتەوە.

شۆڕشی نوێ و ڕێبازی نوێ و کوردستانی نوێ هەمووی بۆ کوردستانێکی نوێیە کە هەر دەبێ شوێنی تێکۆشەری نوێی تێدا بکرێتەوە. ئاخر تێکۆشەری نوێش پێویستە مادام ئێمە گەرەکمانە بۆ سەد ساڵی تریش هەبین و بۆ خەبات و ڕەنجی کوردایەتی دەست بدەین. ئەم نوێیە وەکو چۆن مانای قۆناغبەندییە بۆ داهاتووش، وەک چۆن دابڕانە لەگەڵ کۆن و ڕابردوو کە جیاوازە لەچاو تێبڕینمان لە داهاتوو، لە هەمان کاتیشدا مانای بەردەوامی و درێژەپێدانن، مانای دانپیانانێکی ڕاست و ڕەوا و ژیرانەیە بە ڕابردوو.

هەر بۆیەش ئەو هەڵسەنگاندنە زۆر ناڕەوایە کە دەیەوێت شۆڕشی نوێ وەکو حاشالێکار بەرامبەر شۆڕشی پێشوو (شۆڕشی ئەیلوول) لە قەڵەم بدات. باسکردن لە نوێ بە مانای دانپیانان بە پێشوو دێت. ئەمەش پێچەوانەی ئەو لێکدانەوەیە کە پێی وایە چونکە ئەیلول کۆنە ئیتر دانپیانانێن و شانازی بە دەسکەوتە باشەکانییەوە ناکەین. پێشوو دەبێ هەبێ تاوەکو هیچ نەبێ و بەلانی کەمەوە ڕەوایی بە نوێیەتی ئێمە بدات، نوێبوونەوە زەقترین ناساندنە بە مەزنی دێرین و ڕابردوو، نیشانەیە بۆ قۆناغبەندی تازە و بۆ ڕێڕەوی بەردەوامی جاران.


ئەم گرێدانەوەیەم بە پێویست زانی تا بێمە سەر باسی تێکۆشەری نوێ کە دەبی ئەمیش لەکۆڕی خەباتدا هەم خۆی بسەلمێنێ و هەمیش دەرفەتی پێ بدرێت. تێکۆشەری نوێ مادام ئەرکێک بۆ ئەمڕۆ و داهاتوو رایی دەکات کەوابێ بوون و دڵنیایی لە بەشداری لەمەودوای مسۆگەرییەکیشە بۆ مانەوە و بەسەربەرزی مانەوەی تێکۆشەرانی دێرین. ئاخر کێ ئامادەیە باوەش بۆ تێکۆشانی ڕابردوو بکاتەوە ئەگەر تێکۆشەری نوێ لە نەسڵی تێکۆشەرانی دێرین نەبێت؟ کێ مەجبوورە ئەو ئەرکە مۆراڵییە رایی بکات و نەوەکان پێکەوە گرێبداتەوە، ئەگەر کۆڕی نوێی ئازاری دێرین نەبێت؟

کێ دەتوانێت ئەم کاروانە دەستاودەست پێ بکات ئەگەر مەیدانی خەبات زنجیرەیەک نەوەی پێکەوە گرێدراو نەبێت، کە موخەزرەمی نێوان نەوەکانی تیا نەبێت، کە یادەوەری هەموو نەوەکانی لە خۆیدا بەرجەستە نەکردبێت؟

شەمەندۆفەری خەبات دەڕوا. هەیە لە نیوەی ڕێ دادەبەزێت و هەیە دێتە وێستگەی تازەوە. جا ئەوی چیرۆکی تەواوەتی لایە کۆڵنەدەرێکە لە نیوەڕێ دانەبەزیووە وبەردەوامە. پشووی جەنگاوەر دەدات، بەڵام سەرلەنوێ تێهەڵدەچێتەوە.

کۆڵنەدەر تێکۆشەرێکی دێرین و تازە و بەردەوامیشە. کەس وەکو مام جەلالیش ئەم ناوەی بە سەردا جێبەجێ نابێت، ئەو کە کارەکتەری سەرەکی ئەم ژمارەی گۆڤارە خۆشەویستەکەمانە. بە کۆڵنەدانی بێ پسانەوەی هەموو تێکۆشانەکانی کۆن و نوێ پێکەوە گرێ دەدات.

کۆڵنەدەر یادەوەری ئەندێشەی نەوە تێکۆشەرەکانە، کۆڵنەدەر مام جەلالێکە کۆڵ نادات تا دەگات.



سێوەکەی دڵ مام جەلال

ڕەهبەر سەید برایم

ڕەگ ورێچەڵەك

مام جەلال کوڕی شێخ حیسامەدینی کوڕی شێخ نورولّلای شێخ نووری شێخ غەفووری شێخ ئەحمەدی مەلا مەحمودی زەنگەنەی یوسف ئاغای ڕۆستەماغایە، بنەماڵەیەکی گەورەن ڕەگ و ڕەچەڵەکیان دیارە و بەڵگەش شیعرە میژوویییەکەی شێخ ڕەزایە، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لەشیعرێکی بەجوانی



مام جەلال و ڕەهبەر سەید برایم

وڕوونی وڕەوانی، دەری دەخا بۆ نەوەکانی مەلا مەحمود وشێخ ئەحمەدی تاڵەبانی وشێخ غەفوور:

محمود مریدی پیری لاهـــــــور
هـرچند به زنگنه است مـــــشهور
در اصل و نسب (گلی) است ســـوری
از گلبن بـــــاغ کاکه ســـــوری[أ]

لە شیعرێکی دیکەی کە بۆتە سەرچاوەیەکی بەسوود:

خودا وەختێ کە حەزکا بەندەیەکی خۆی بـکا خۆشنوود
لەڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بەپێی خۆی شاهیدی مەقسـوود
لە هیندستانەوە شەش مانگە ڕێ تا خاکی کوردســـتان
خودا (شێخ ئەحمەدی هیندی) ڕەوانە کـرد بۆ (مەلا مەحموود)
(مەلا مەحمودی زەنگەنە) یەعنی قوتبی دائیرەی ئیرشـاد
لە دەوری مەرقەدی هەر دەنگی یا هوو دێت و یا مەعبـوود
لەپاش ئەو، ئەرشەدی ئەولادی (شێخ ئەحمەد) لەجێی دانیشـت
بە عەینی وەک (سولەیمان) جێ نشینی حـەزرەتی داود
بەڵێ بـــابی وەهـــا ئەڵبەت دبێ فرزەندی وابێنێ
ئیلاهی ســـەد هەزار ڕەحمەت لە قەبری والید ومەولوود
بەرەحمـەت چوون ئەوان، با بێینەوە سەر باسی ئەوڕەحمان
فیدات بم ئەی نەتیجەی دوودمـانی ئەحمەد ومەحموود
نەتیجەم مەقسەدە تالی موقەددیم شـــەرتی تەحسیلە
ئەوانەی بۆیە ئیجادکرد خودا، تا ئەم ببێ مـەوجوود
ئەمێستاش (شێخ عەلی) نەجلی کەبیری ســـاحێب ئیرشادە
ئەمیش وەک، باو وباپیری لە زومرەی ئەولـــیا مەعدوود
(ڕەزا)ش لەو نەسلەیە، بی بەخشە یا ڕەببی کە قەت نابێ
گوڵی بێ خارو، بەحری بێ بوخارو، ئـاگری بێ دوود

شێخایەتی

شێخ ئەحمەدی هیندی لاهوور، لە هیندستانەوە بە ڕێگەی دوور، بە شەش مانگە ڕێ دەگاتە کوردستان، لە سووڕداش کوژراوە، هەر لەوێش نێژراوە، مەلا مەحمودی زەنگەنە لە خۆشەویستی شێخ ئەحمەدی لاهووری هیندستان، کوڕەکەی ناو ناوە شێخ ئەحمەد، بەناوبانگ دەبێ بە شێخ ئەحمەدی تاڵەبان، مەلا محمودی زەنگەنە موریدی پیری شێخ ئەحمەدی لاهـوور، زەنگـەنەن لقێکن لە داری گوڵی باخی حاجی کاکە سوور، شێخ ئەحمەدی تاڵەبان (١١) کوڕی بووە یەک لەوانە شێخ غەفوور، هەموو تاڵەبانییەکان لە شێخ ئەحمەدی تاڵەبانین لەو بنە تۆیەن، شێخ غەفووری تاڵەبانی لە ساڵی (١٢٦٢)

کۆچییەوە لە کۆیەن.

مولّك ومالّ

شێخ غەفوری تالّەبانی ڕابەری ڕێبازی قادری تەکیەی لە کۆیە داناوە، لەناوجەرگەی شاری کۆیە نزیک سەرا دوو دۆنم زەوی بۆ تەرخانکراوە، سەدری ئەعزەمی دەولّەتی



مام جەلال و ڕەهبەر سەید برایم

عوسمانی چەندان گوند و ڕەز و تەکیە ولیرەی پێ داوە، هەروەک (قەمبەر، نازەنین، داربەسەر، ئیلنجاخ، بانی ماران، چنارۆک، بێستانە)، شێخ ڕەزای تالّەبانی باسی دەولّەمەندی مامە شێخ غەفوری دەکات لە خەزنە و خەزێنە و ئیرادی! لە شیعری مامەکەم بە بەربادی، هێرشی کردۆتە سەر مامی بەمەرام:

یەک دوو دێ ی داوەتێ بە پێی ئیتعامی تەعام،
هەر یەکێکی بەقەدەر خەزنەیی ئیرادی هەیە
ئەم هەموو گەنج و خەزێنەیی هەیە هێشتا کو
نە هەوای جوود و نەمەیلی کەرەم و دادی هەیە

شێخ ڕەزا هەرچەند شیعری داشۆرینی هەیە بەڕقێکی ئەستوور، بەزاندوویەتی هێلی سوور و سنوور، لەگەڵ ئەوەش شیعری ستایشی هەیە بۆ مامەکەی (شێخ غەفوور)

تا ساکنی (کۆ)ی مامە غەفوورم وەک فەخفوور
کیسەم پڕە دایم لە زەڕ و لیرەیی مەسکووک

بەشە میراتی لە ئەژدادەوە بۆ بەجێ مابوو، بەڵام قەت نەیویستووە وازی لە مولّک و میرات هێنابوو، خودی خۆی خاوەنی هیچ نییە، نەگرد، نەکێڵگە، نەباخ ، نە کۆشک وتەلار، ئەگەر تەسدیقی نەفەرموون ئەوە تاپۆ و ئەوە تۆمار!!

حاجی قادری کۆیی وشێخانی تالّەبانی

حەزرەتی حاجی قادری کۆیی ناکۆک بووە لەگەڵ شێخ غەفوور، لە شیعرەکانی بە مەبەست و هێما ناوی بردووە بە (گای کوێر) و(عەقوور)!.

شێخ غەفوور بیستوومە چـــــاچیم پێ دەڵێ
چـــــــاکە من نابم بە نوقتەی لابەلا

***

تاعەهدی کەرنەبی تا دەوری (گـــا کوێر)
لە گوێی گا نوستوون زۆر حەیفە بـــۆ شێر

کەچی شێخ نووری لەگەڵ حەزرەتی حاجی قادری کۆیی نێوانیان خۆش بووە، شیعرە بلاوقانەکانی بۆ تەکیەی تالّەبانی کۆیە ناردووە، شێخ نووری لەسەر نیشتمان و سیاسەت (١٥) ساڵ حوکم دراوە، پاش(٥) ساڵ زیندانی ئەوجا ئازاد کراوە.

کەلکان وشێخ نوری

شێخ نوری شێخ غەفوور دێی (کەلکانی) کڕیوە، بە لیرە و زێڕ لە ئاسمانەوە بۆیان نەباریوە ! . شێخ نووری شێخ غەفوور ئەدەب دۆست بووە، زاوای شێخ عەبدولقادری فائیزی ئامۆزای بووە،دێرە شیعری هەیە، هەر بەخۆشی و خەندان:

بەنامەی مەلایی تۆم ناردە کەلکـــان
کەلکت نەبوو،بۆیە لێت هاتنە کلکـان

شێخ ڕەزای تالّەبانی داشۆری شێخ نوری ئامۆزای کردووە:

لووتی وەک مەمکە کەنوو، چاوی دەڵێی کوندە بووە بەد فەسڵی وەکو (نووری) نەدەبێت و نـــەبووە کۆیە وناوی مام جەلال

تاڵەبانییەکانی کۆیە لە دێر زەمانەوە لە کۆن، دوو گۆرستانیان هەبووە لە کۆیە لە ناو تەکیە و گۆرستانی کەکۆن، مام جەلال بەناوی مامی باوکیەوە ناونراوە، چونکە شێخ حیسامەدینی باوکی خەونی بە مام جەلالی مامی خۆی بینیوە، سێوەکی پێ داوە، لەو سەر و وەختە خوا مام جەلالی داوە، مام جەلالی مامی باوکی مام جەلال جوانە مەرگ بووە بە گەنجی، ژنی نەهێناوە، بۆیە مام جەلال دەبێ بە سێوەکەی ڕۆح ودڵ، خزمەتکراوە وەک پەڕەی گوڵ، کوڕە تاقانەی شێخ حیسامەدین بووە[ب]، ناز پەروەر و ڕێزلێگیراو شیرین بووە، لەدایک وباوک تەنیا دوو خوشکی هەبووە (جەمیلەخان وفەوزیەخان) لەدایکەوە دووبرا وخوشکێکی هەبووە (شێخ حەمەسالح وشێخ جەنگی ومریەم خان) دایکی ناوی خەدیجە حسێنی کوێخا ڕەسولی مەنگوڕ بووە، خەڵکی گوندی گردگۆران بوو، ژنێکی گوناح و میهرەبان بوو، مام جەلال قەرزاری دایکیەتی، دایکی ئێجگار خۆش ویستوە، ساڵی ١٩٦٥ کە دایکی کۆچی دوایی کردووە، مام جەلال لەوێ نەبووە[ج]، مام جەلال یەک خاڵی هەبووە حاجی ڕەسولی فاتمی، یەک کوڕە خاڵی هەیە حاجی حەمەسوور[د]، دایکی دایکی مام جەلال، واتە نەنکی ناوی فاتمەی خدری ئەحمەدی ژنێکی ئازاو سوار چاک و لە دیوەخانی پیاوان دانیشتووە، دز چۆتە سەریان فاتمە خان بەر خەنجەریانی داوە دزەکە خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە، دایکی باوکی مام جەلال (ئایشە خان) هێندە مام جەلالی خۆش ویستووە، کە نۆ بەرەی کوڕە گەورەی بووە، مام جەلال لە بەغدا دەیخوێند لە حقوق، دەیگووت نابێ بچێتەوە بەغدا، دەبێ زانکۆ و حقوق بێتە کۆیە، ئەو خەونە هاتە دی بەراستی و کردەوە، بەو ئاواتە مام جەلال زانکۆی لە کۆیە کردەوە!! بەردی بناغەی دانا بەو پەرۆشیە بۆیە، ماڵ و مێوانخانەی خۆی دا بە زانکۆی کۆیە !

توانای منداڵی

مام جەلال باوکی تاڵەبانی و دایکی مەنگوڕ،بۆتە ئەو زاتە گەورەی وا بە کاریگەر و گەرم و گوور، لە سەرەتاوە دەرکەوتووە توانا و لێ هاتوویی مام جەلالی، پیاوانە و دەگمەن بووە بە منداڵی، لە کۆیە یادگاری خۆش و جوانی لێ دەگێرنەوە، هەمووی بۆ زیرەکی و ئازایەتی دەگەڕێنەوە، لە گەمەی منداڵان گوتویەتی کێ لەگەڵ منە، نەیگووتووە لەگەڵ کێم پێکم دەکەن یان نا ! بەو منداڵییەی خۆی بەشداری پرسەی کردووە، فاتحەی خوێندووە، پیاوانی بە تەمەن ئێرەیی یان پێ بردووە !، بەوگچکەییەی وا پیاوانە هەڵکەوتووە، لە پێنجی سەرەتایی لە کۆیە لە مەکتەبی ئولا، خوێنی دەماری بۆ کوردایەتی دەکولا، سەرپەرشتیاری K.P.X کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری بووە، سەرەتای لێپرسراویەتی و تاقیکردنەوەی کاری بووە، هێندە گچکە بووە لەسەر میزی پۆل و لەسەر بەرد دانراوە، بەرێک و ڕەوانی وتاری داوە، خەڵکی لێ کۆبۆتەوە، لە ریزی قوتابخانە شیعری خوێندۆتەوە، ساڵی ١٩٤٧ لە شاخە مشکەی کۆیە نەورۆز کراوە، مام جەلال رۆڵی تێدا گێراوە، کوڕی کاوەی

ئاسنگەر بووە، بۆ سەربڕین بردراوە و ئەکتەر بووە، بەڵگەو وێنەی ئەوڕۆژە ماوە! لە مێژووی کوردایەتی گەورەترین نەورۆز لە سووڕداش کراوە ! ئاپۆرەترین خەڵکی لێ بووە مام جەلال لەوێ وتارێکی مێژوویی داوە، لە چنارۆک بووین لە سەر رەزی شێخ غەفوور کەمولکی باپیری باپیری مام جەلالە، بەر لەوەی بچێتە قوتابخانە! پێیان گوتوە دەم و چاوت بشۆ، ئەوجا نان بخۆ، گوتوویەتی نایشۆم، گوتیانە بەهێز بە زۆر پێت دەشۆین، گوتویەتی بە هێز بە زۆر ناتوانن دەم و چاوم بشۆن، هێند منداڵ بووە هەڵیان گرتووە، بە زۆر دەم و چاویان شووشتووە، دوایی مام جەلال چووە، دەم و چاوی لە قوڕی کانییەکەی هەڵسووە، پێ یان گووتووە بۆ وات کردووە، گویەتی: پێم نە گوتن دەبیخۆن، ناتوانن بە هێز بە زۆر دەم وچاوم بشۆن !!

جارێکی دیکە پێ یان گوتووە دەست و دەم و چاوت بشۆ، گوتویەتی یەکیان دەشۆم گوتیانە باشە دەم و چاوت بشۆ، وایان زانی بێ دەست، ناتوانێ دەم و چاوی بشوا ، کەچی چووە دەم و چاوی لە حەوزەکە هەڵهێناوە تەڕی کردووە، دەستی لە پشتەوە گرتووە، دەستی نەشووشتووە،! پێ یان سەیربووە. بە منداڵی پیاو بوو، چاوەڕوانکراو بوو، بەرلەوەی وەک سەرکردە وفەرماندە بناسرێ ئاسۆی دیاربوو، پێشتر تێکۆشەر وپارێزەر وئەفسەر ومیدیاکار بوو! لە سەرەتاوە بەمنداڵی و هەرزەکاریی جێ ئومێد بووە بۆ ئایندە، دەزاندرا دەبێ بەفەرماندە و رابەر و سەرۆک و سەرکردە!

خەبات وسیاسەت وکاریگەری

بەهەست و نەست و رەوشەنبیرێکی پێگەیشتوو، خۆی نەکردە پاسەوانی بیرۆکەی قالب بەستوو، ساڵی ١٩٤٧ لەسەر دەستی مامۆستا تایەر سەعید گارفێن بۆتە ئەندامی پارتی بە ناز ناوی (ئاگر)، بۆتە ئەو رابەر و سەرکردە بە هیمەتەی خۆراگر. ساڵی ١٩٤٩ بۆتە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی پارتی، لە کوردایەتی وسیاسەت لە ژێر کاریگەری مامۆستا حەمەدەمین مەعروف ومامۆستا مەجید شێخ نوری ومامۆستا کەمال عەبدولقادر جەلیزادە ومامۆستا محەمەد تۆفیق ووردی ومام عومەر دەبابە بووە!

دوایی کەوتە ژێر کاریگەری مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد

مامۆستا حەمەدەمین مەعروف بەکاری حزبی دەینێرێتە کەرکوک چونکە ڕێکخستنی پارتی لە کەرکوک لاواز بووە، حزب داوای کەسێکی بە توانایان کردووە، بۆیە مام جەلالیان ناردووە، مام جەلال خۆی ئاگر و گڵپە و گڕ، هێند بە حەماسەت و گەرموگوڕ، هێندەی دی دەبێتە مەشخەڵانی بابە گوڕگوڕ، سەرەنجام بوە بە ئەندام (م.س) و فەرماندەی هێزی رزگاری و سکرتێری کۆمەڵەی (م. ل)ی کوردستان و سکرتێری یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان و سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) و یەکەم سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی عێراق

زێد وساڵی لە دایك بوون

مام جەلال لە کەس ناچێ لە خۆی دەچێ، خۆی مێژووە و مێژوو کردە! بە دەستو مەقامی خۆی بە ژیری و توانایی خۆی دەبێتە رابە رو سەرکردە! زێد وساڵی لەدایک بوون

سالێک پێش پەیدا بوونی فلوسی سوور[هـ]، نووری دەرکەوت ئەژداد وئابادی تێیدا بوو (نوور)!(و). راستە مام جەلال سالی ١٩٣٢ لە دایک بووی دێی کەلکان بوو، بەڵام خەڵکی هەموو کوردستان بوو، ئەوسا کەلکان سەر بە کۆیە بوو نەک سەر بە دوکان بوو ! باوکی و باپیری و باپیری باوکی مام جەلال لە کۆیە لە دایک بووین لە کۆیەش نیژراون !

مام وحەسەن زیرەک



مام جەلال و هونەرمەند حەسەن زیرەک

مام جەلال نەتەوە پەروەرێکی رەسەن و خۆراگر، بۆ ژنان و گەنجان و هونەرمەندان ئالاهەڵگر، بۆ نموونە هاندەرو هاوکاری زۆری هونەرمەند (حەسەن زیرەک)ی کردووە، ئەویش لە(چریکەی کوردستان) بەسەر مام جەلالی هەڵگوتووە، زیرەک هونەرمەندێکی رەسەنودەنگ زوڵاڵ بوو:

مسافرێکمان کە(مام جەلال) بوو
یەکجار گەنجێکی بە بێ غەلال(ز) بوو
خۆ پیریش نەبوو پێ یان دەگووت مام
کورێکی شیرین وەکو شەکری خام

چونکە مام ئەوکات بەهانای حەسەن زیرەکەوە دێت ویارمەتی دەدا، ژنی بۆ دەخوازێ ودەیباتە ئێستگەی کوردی لە بەغدا، لەوێ ناوبانگ پەیدا دەکا دەبێ بەگۆرانی بێژ، باری دارایی باش دەبێ بۆ ماوەیەکی درێژ.

ئەزموون وهەژموون

گەورە دیپلۆماتێکی دەم بە خەندە و شارەزا، فەرماندەیەکی چاک و چالاک و پاک و ئازا، درەنگ نەهاتووە کەمی نەهێناوە[ح]، ئەو پەندە لە چالاکیەکی ئەو داهێندراوە، لە چالاکییەکی بەرنامە داڕێژراو بۆ هێرش، خەزنە و خەزێنەی کۆیەیان هێنا بۆ شۆرش! خاوەن ئەزمونێکی دوورو درێژو دەوڵەمەند، گەورە بیر مەندێکی هەمە لایەنە و فرە رەهەند! عەودالّ و عەشقی خوێندنەوە و زانیاری، بوونە سەرکردە و ڕچەشکێنی لە خەبات و شۆڕش بە خوێندەواری! گەورە نوسەرێکی خاوەن قەڵەمێکی بە بڕشت و بە پەیام، گوتار بێژێکی کۆمپیتەری و وتارشیرن و بە تام !

راگری هاوسەنگی ویەکڕیزی و تەبایی بوو، هەڵوێستەکانی بۆ ئاسۆی گەش دەرکەوتەی دوایی بوو، فەرهەنگێکی گەورە بوو لە خەباتی نەتەوایەتی و کوردایەتی ! بەوەفا و دەگمەن بوو لە پیاوەتی و مەردایەتی!! خۆش مەحشەر و قسەکراوە و نوکتە باز، کەم وێنە و سەیر و سەرسام و جیاواز، بە کلیلی بچووک دەرگای گەورەی دەکردەوە، مەردی مەیدان بوو بە کردەوە زۆر باسی ئاشتی دەکرد و ئامادەی شەڕیش بوو، پارێزەرو دادوەر و دەرمان و چارەسەریش بوو

سەرکردەی مەزن ئەوەیە بێ شەڕ سەرکەوێ، مانگە شەو دەوری نامێنێ کە خۆر دەرکەوێ، بەدەگمەن هەڵدەکەوێ وەک مام جەلال رەوشت بەرزو داوێن

پاک، وا قۆز وجوان وزیرەک وبەکەسایەتی وخۆشەویست وبەناوبانگ وچاک، بەو هەموو ئاکارە جوانانەوە، نەکەوێتە تەڵەو داوی ژنانەوە.

مام هەتاو بوو تیشکی دەدا بۆ هەموان بە گوڵ ودڕک وداڕەوە، ڕووبار بوو بەخوڕ وهاژە دەپڕژا ودەهاتە خوارەوە، خاوەن پێگەو ڕێگە وجێگە ومارش ودروشم وئەیوان بوو! (مەجنوونی دەولە)[ط] ودەرویشی کوردستان ومواڵکی هەموان بوو!. لە مەیدانی فکر تاقەسوار بوو تۆزی دەکرد، ئایدلۆژیاو بیری نوێی خولقاند لەناو تاکی کورد، بە بیری ورد، دوور لە خێڵەکایەتی وخزمایەتی، چەسپاندی پرانسیپی حزبایەتی.

(ڕاو سەرنج)

دەیزانی قەڵەم تیژترە لە نووکی شمشێر و لوولەی تفەنگ، لەگەڵ نان و ئازادی بوو بۆیە دەهاتە ناو کایە و دەنگ! شانازی دەکرد بە وشککردنی تنۆکە فرمێسکێک نەک بەرپاکردنی ڕووبارێک خوێن لە هەر کوێیەک با، گەورەو بە سێبەر و ئاوەدان بوو وەک ڕەشمالّی هەشت هەسوێن![ی] .



ڕەگەزنامەی عێراقی مام جەلال

چارەسەری کێشەکان و ناکۆکییەکان بوو، گەوهەری ڕوحی جێی ناکۆک و کەرکوکییەکان بوو، هەرەسهێنەری هەرەس بوو، هەڵگیرسێنەری شۆرشی نوێ و فریاد ڕەس بوو، بە خۆراگری و پشوو درێژی بەردەوام، شۆرش و خەباتی گەیاندە ئەنجام! کۆکەرەوەی پێکهاتەکان بوو، ئاسۆی پێشهات و پێش کاتەکان بوو، مام جەلال وەک هەنگی کەژ لە درزی شاخ و کونە ئەشکەوت و کەلێنی بەرد و گرد، هەنگوینی نایاب و شەپەتووکە[ک]ی دروست دەکرد! لە ڕۆژگاری سەخت قەندیل و بناری مامەندە کەش و هەوایەکی وای دەخولقاند، کادیرو پێشمەرگەی بە گیانی خۆراگری پێ دەگەیاند!.

دەنگی زەنگی کەنیسە و ملوانکەی خاچی دیانان بوو، بانگ و سەلاو تریفەی ئەستێرە و مانگی گومبەزی موسڵمانان بوو، چرای (بەگەنەگەر چەک) بوو لە شەوی تاریک و نمە نمەی باران، دەگەڕا لە خانووی قوڕ و کونجی هەژاران، لە بنکەو بارەگا و کۆنە هەواران، بەوەفا و ئەمەکدار بوو بۆ یادی جاران، مەجنونی دەولە بوو، لە گێژەن ئەو کەشتییە بە سەولە بوو، دەیگەیاندە کەناری ئارام، بە ژیر و بیری خۆی بە ئۆقرە و فام ! دەبووە هاوسەنگی شیعەو سونە و نەتەوەکان و لایەنەکان، هەتوان بوو بۆ ساریژی زامی قوواڵی درێژ خایەنەکان !! وتە بە تامەکانی، دەستخەتە نامەکانی، بەڵگەی ڕاستیین، هەڵوێست و خۆشەویستین، گەشتوگەڕانی لەپێناوی کوردایەتی بوو، بۆ خەباتی سیاسی ودبلۆماسی وهاوکاری ویارمەتی بوو، گەورەیی مرواڤییەکی پڕ بەهایە، بێ پۆست و پایەش هەر پاشایە! هەڵەی ساتێک تەمەنێک خەم دروست دەکات، بەخشینی تاوان تۆڵەیەکی لەسەر خۆیە، شەڕ بەشەڕ

لە ناو نابات.

بارزانی ومام

لێبوردن لەدوژمنێک ئاسانترە لە دۆستێک، کورسی کەسایەتی گەورەترە لە پۆستێک،پەشیمان بوو لە جیابوونەوە و لێکترازان، ئەمەش جورئەت و جوامێری بوو بۆ ئاواتە خوازان ! مەلا مستەفای بارزانی، گرینگی مام جەلالی دەزانی، بۆیە دەیویست هەرگیز جیانەبێتەوە، لە نامەکەی (وەرە لام، وەرە لام) ی بارزانی دەدرەوشێتەوە، لە ناو پارتی لەڕادە بەدەر مەلا مستەفا بارزانی خۆش ویستووە، یەکەم جار بینیوویەتی بووراوەتەوە ولەخۆی چووە، لە کۆیە مووی سەری مەلا مستەفای بارزانی کڕیوە، هێندە پێی سەرسام بووە بە پیرۆزی زانیوە، لە ساڵی ١٩٤٦، ڕۆحی خۆی بۆی دەکرد



مام جەلال و مەلا مستەفای بارزانی و هەژار موکریانی لە یەکێک لە چیاکانی کوردستان

پێشکەش، دوایی دژایەتی یەکتریان کردووە، لێی جیابۆتەوە، سەرەنجام شەڕ وناکۆکی لێ کەوتۆتەوە، داری بەرز دەهەژێ بە هەموو بایەک، گەورە دیارە دەبیندرێت، لە گشت لایەک، مەزنایەتی نابەخشرێت، بەڵکو بە دەست دەهێندرێت، دەکرێ پلە و پایە بکڕدرێت، بەڵام ڕێز و خۆشەویستی خەڵک هەرگیز ناکڕدرێت، مام تووڕەبوونی بە ڕەشەبای هەیبەسوڵتان دەچوو، گڕی دەگرت ! گڵپەی دەکرد وا هەڵدەچوو، دوایی هێور دەبۆوە بە ئازاری وێژدانەوە مات دەبوو، وەک تووڕەیی ئاسمان بۆ زەوی پڕ خێرو خەڵات دەبوو.

دڵ وشیعر

دڵێکی منداڵانەی هەبوو، دڵی دەریا بوو ڕۆخەکانی نەدەدۆزرایەوە،!! گریانی بە کوڵ، بە دڵ ، بە قوڵپ لێی هەڵدەقولایەوە، شاعیر نەبوو، شیعری هەیە و زۆر شیعری لەبەر بوو شارەزا بوو لە شیعر و ئەدەب، کلاوی کوردی کەلێی نوسرا بوو (کوردستان یا نەمان) دەدایە شاعیری عەرەب، محمەد مهدی جواهیری، لوتکەی عەرەب بوو لە شاعیری، ئەو کلاوانەی دەکردە دیاری بۆی، جەواهیری لەسەر دەنا بۆ خۆی، ببووە هێمای ڕوخساری، بە کلاوی کوردەواری! سەرکردایەتی کردنی خەڵکی ئەمانەتێکی گەورەیە، تایبەتمەندیەکانی ئارامگری و خۆ گرتنەوەیە !! کۆکەرەوەی دەنگ وڕەنگە جیاوازەکان بوو وەک هێما وسمبوڵ، چەپکە گوڵی پێ جوانتر بوو لەیەک تاقە گوڵ.


وتار و وڕە

مام جەلال هەرگیز نەدەبەزی و نەدەڕوخا! بۆ سیاسەت خولقا بوو خولقا! وتەی وتارەکانی وەک جۆگەلەی بەرکانی ڕووڕوان بوو، نیشانەی دەپێکا لەڕوانگە وئامانج بە تیروکەوان بوو، لەگەڵ جیهانی عەرەب وهێزە پێشکەوتن خوازەکان وچەپەکان ونەتەوەیی یەکان وفەلەستینەکان پەیوەندی پتەو فراوان بوو، دەروازەی والا بوو بۆ تێگەیشتن لە پرسی کورد، بە دۆزێکی دادپەروەرانە، بۆ دۆزینەوەی

کۆدی هاوخەباتی لەپێناو سەربەخۆیی ومافی چارەنووس لە تێکۆشان بوو، پێی وابوو دەبێ (کورد) وەک یاسا پێشکەوتن، بۆ ئەوەی بگاتە قۆناغی سەرکەوتن، سێ شت بەدەست بهێنێ وەک بنەڕەت، ڕزگاری، یەکبوونەوە، دەوڵەت!.

دارەکەی مام جەلال

مام خۆی کێوی هەیبەسوڵتانێک بوو، لە سیاسەت هەیبەت وسوڵتانێک بوو، هەمەچەشنە لوتکە دوندو بەرزایی بوو، لە ستراتیژ وتاکتیک مەعلان وهێمای ئازایی بوو، داری مام جەلال لەگوندی قۆجەلەری نزیک ئاغجەلەر بوو، ئەو دارە بەناوی ئەو نرابوو چونکە خۆی لەوێ فەرماندەی شەڕبوو(ل)، داستانی بێ وێنەیان تۆمارکردو




دارەکەی مام جەلال

قارەمانییەتیان نواند، چەندان زیل ودەبابەو زرێ پۆشیان تێک شکاند، کەلاشی زیل ودەبابە وزرێ پۆشە شکاوەکان هەرمابوون تا ئەنفالەکان، لەوێوە بووە ئاسۆی هیوای بەدیهێنانی خەونە مەحاڵەکان، درەختێک بوو ڕەگی لە کەلکان وکۆیە وکەرکوک وکۆسار بوو، هێندە بەرز وڕەگ پتەوبوو نەک لە عێراق وکوردستان لەجیهان دیاربوو، بەبەر وسێبەربوو، هێرۆخانی هاوسەر بوو، دوو کوڕیان لێ بوو بە بونیاد، بەناوی بافل وقوباد(م)، مام داریکی چڕوپڕ وبەپەلک بوو، خەم وخەباتی بۆ خاک وخەڵک بوو.

کەسایەتیەکان

لەبەزم وڕەزم وقسەی خۆش وڕاژۆو گفتوگۆ وسەرنج رامان، وەستا ومامۆستا بوو دانەدەما لەگەڵ ئەوەش باکی نەبوو بە موڵک وسامان! .سیاسەتی پێکەوە ژیان و فرەباوەڕی و لێکترگەیشتن و گونجان بوو، لەگەڵ مافی ژنان و ئازادی و نان بۆ هونەرمەندان و پێشخستنی گەنجان بوو، لەگەڵ چینی چەوساوەو هەژاران بوو، پاڕێزەری راستەقینەی جوتیاران بوو... لەفکر سەربەخۆ بوو بە قوولی وفراوانی، مارکسیزمی بەباشترین زانستی کۆمەڵایەتی جیهانی دەزانی، پێی ڕاست بوو مارکسیزم ولینیزم، بەڵام دژبوو بۆ بە ئاین کردن ودۆگماتیزم، لەبزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانیدا سەرسام بوو بە ستالین وماوتسی تۆنگ وهۆشی مینە ودیمیترۆف، گەرچی لە خەباتی چەکدارانە وشۆڕشدابووە بەڵام پابەندبوو بەمافی مرۆڤ!. بۆ ڕاگەیاندنکاران وبەهرەداران وناوداران هاوکاربوو بێ پێچ ودەورە بوو، جیاوازیش بووبێ (مەسعوود محەمەدی مەلای گەورە)ی پێ گەورە بوو. چاوی لەسەر مێژوو بوو نەک لەسەر کورسی وبەرژەوەندی تەسک[1]، (زەمەنی زێڕین) زەمانی مام جەلال بوو[2]، لەهەر کوێیەک با لەئەشکەوت وچیاکان لە بن کەپر وسەرکانی وکۆشکی کۆماری هەڵگری هەمان بەهاو مۆراڵ بوو.

دەستێکی کتێب وقەڵەم ودەستێکی تفەنگ[٣]، بانگخوازێکی ڕاستەقینەی ڕەتکردنەوەی تـونـدڕەوی بـوو لـەئـاشـتـی وجـەنـگ، کیسنجەر ڕای وابوو مام جەلال سمبوڵی ڕووبەڕووبونەوەی دڵڕەقی وستەمکارییە[٤]. چـرای دۆزیـنـەوەی کـۆدی پێکەوە ژیان ولێبوردەیی وئارامی وگیانی هاوکارییە. پەیوەندی مام جەلال بە ئەدەب وشیعرەوە لەو ڕوانگەوە وای دەناسی، وایکردووە کە ڕۆحی شیعر ئاوێزانی دنیا بینیەکەی بێت ودایمالێت لە دڵڕەقی سیاسی[٥]، تاڵەبانی تاکەکەس بـوو، کەنەریتی ماندێلایی لە سیاسـەت ولـێبـوردەیـی داهـێـنـا[٦]، پیاوی گشت قۆناغەکان بوو[٧]، نەریتێکی دروست کـرد پێکەنینی نوکتەکانی لەجێی یەکتر بوغزاندن بەخۆشەویستی ڕاهێنا[٨]، چەکی خۆشخوانی وقسەی خۆشی مـام جـەلال، هەمیشە لە چەکی دڵڕەقی وتۆڵەسەندنەوە بەهێز تـربـوو[٩]، هـەرگیز نەیخواستووە کـەس لێ بسەڵمێتەوە بەڵکو دەیخواست هەموان خۆشیان بوویێت، لەهەموان خوان ڕازاوە تر وبەهاناتر وبەئامێزتر بـوو[١٠]، مـام جـەلال نـاوی خـۆی بەخۆیەوە جەلال واتا هەیبەت وشان وشکۆ. هەرگیز لەبەها وئاکار بیر وباوەڕەکانی دانەدەبڕا دانەدەما لە گفتوگۆ[١١]، مام جەلال کەسایەتیەکی یادگا فراوان وپڕ زانیاری وبیرتیژبوو، لە دانیشتن وبـەسـەربـردنـی ژیـان بەهەموو پێوەرێک پڕ چێژ بـوو[١٢]، ئەحمەد بن بللا جەمال عەبدولناسر سەرسامی مام جەلال بوون، لەبەر خاتری تاڵەبانی بڕیاری هاوکاریکردنی کوردیاندا وپێ سەرقاڵ بوون! [١٣]. ڕەسمی سیاسەتێکی حەکیمانەی کرد وەک (سەمامی


وثيقة
0104927

ئەمان) عێراق تاڵەبانی هەبوو بۆیە پاراستی لە داروخـان ورمـان[١٤]. پێشەنگی ڕێبازی فکربوو لەپرنسیپی پارتایەتی، پێی وابوو لـەسـەدەی نـۆزدەم دەسـتـی پـێـکـردووە بـزوتـنـەوەی کـوردایـەتـی، بـەلـێـکدانـەوەی ڕاستی مێژوویی بێ دەمارگیری ودەهری، یـەکـەم بـزوتـنـەوەی کـوردە، جـوڵانـەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، کەتێیدا بووبێ دیاردەی نەتەوایەتی، پەلی هاویشت بێ بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ کوردایەتی، ڕاو وبۆچوونی وابوو، پێی ڕاستو ڕەوا بوو.

نەمری

عـێـراق...نـیـشـتـمـانـی پـاشـا وسـەرۆکـە کـۆژراوەکـانـە، بـەڵام مـام گـەشـمـردە ولەسەرۆکە ناو گەشاوەکانە! ٢٠١٧/١٠/٣ ماڵ ئاوایی کردنی لە ژیان بوو، گەرمە گۆری قۆڕ پێوان و لە خۆدان و گریان بوو، پرسەی هەموو خەڵکی کوردستان بوو، لە مێژووی نەتەوایەتی و گەلی کورد، هیچ سەرکردەیەک وەک مام جەلالیان بۆ نـەکـراوە!! لە ژیان غەدریان لێکرد، لە مەرگ تۆڵەیان بۆ کردەوە، سەلماندیان بـەکـردەوە، خەڵک بەنەتەوە جیاجیاکانیش خـەفـەتـباربـوون، حەشری حەشامات وتاسەبار وپرسەداربوون.

لە سیلەی قەبران هاوارە

کۆچی کوردانە ئەمجارە!

خەڵک وادەزانێ بەجەستە ماوە. لەسەفەرێ

دەگەڕێتەوە، بۆیە لەناو ڕۆح وبەرچاوە. مەزاری پیرۆزی لە دەباشان، دەبێتە جێی نەزرگەی پیاو باشان!
ڕێباز و قوتابخانەکەی بمێنێ، چونکە ویژدان و میژوو نایمرێنێ !

پیرۆز دەباشان بە مەزاری مام
بڕازێتەوە بە گـــوڵ و نەمام

سەرچاوەکان :

١. دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی
٢. دیداری تەمەن (سەلاح رەشید)
٣. کورتە لە میژووی شێخانی تاڵەبانی (ئەشرەف شەرەف تاڵەبانی)
٤. مام جەلال لوتکەی گەورەیی (ممتاز حەیدەری)
٥. گۆڤاری سلێمانی ژ (١٨٤ ساڵی ٢٠١٧) وگۆڤاری لڤین ژ (٣٦١ ساڵی ٢٠١٧)
٦. ڕامانی مام (دیداری دوو دۆست گفتوگۆی هۆمەر شێخ موس لەگەڵ مام جەلال).
٧. عێراق...نیشتمانی پاشا وسەرۆکە کوژراوەکان ٢٣٤٠پ.ز-٢٠٠٣ز حەسەن بارام! (٦٧ شا و سەرۆک کوژراون لە عێراق).
٨. نوسینەکانی مام جەلال لە گۆڤاری خاک دا، حەسەن زیرەکم چۆن ناسی وچۆن بردم بۆ ڕادیۆی کوردی بەغدا.
٩. دیوانی حاجی قادری کۆیی.
١٠. دیلانەومۆزیک-رەهبەر سەید برایم
١١. کوردستانی نوێ (جەلال)دنیابینی وڕووناکبیرانی عەرەب دەرهەق بە مام جەلال ٨٤ لاپەڕە ٨٤ ساڵی تەمەن. لە ئامادەکردنی(هەڵۆ حەسەن)و(ئاریان محەمەد)
١.وتەی د.محەمەد ئەلرەمیحی (بیرمەندی کۆیتی)
٢. وتەی ڕەحیم ئەبو ڕەغیف (توێژەر وئەکادیمی عێراقی)
٣. وتەی غەریب فازل ئەلجبوری (ڕۆژنامەنوو وسینەماکاری عێراقی)
٤. وتەی سادق ئەلتائی (نوسەر ومیدیاکاری عێراقی)
٥. وتەی عیسا حەسەن ئەلیاسری (شاعیر ونوسەری عێراقی)
٦. وتەی عەلائەلمەفرەجی (نوسەر وڕەخنەگری سینەمایی)
٧. وتەی ئەحمەد خزر (نوسەر وڕۆژنامەنووسی عێراقی)
٨. وتەی قەحتان جاسم جەواد (نوسەر وڕوناکبیری عێراقی)
٩. وتەی مونزیر عەبدولحوڕڕ (ئەدەیب ومیدیاکارێکی عێراقی)
١٠. وتەی د. ئەسیر یوسف ئەلحەداد (نوسەر وئەکادیمی عێراقی)
١١. وتەی زوهێر کازم عەبود (یاساناس وڕوناکبیری عێراقی)
١٢. وتەی د.حەمید ئەلکیفائی، (نوسەر وئەکادیمی عێراقی)
١٣. وتەی ئەحمەد ئەلسەویسی (سیاسی وڕۆشنبیرێکی لوبنانی)
١٤. وتەی محەمەد عەبدول جەبار شەبووت (سیاسەتمەدار وڕوناکبیری عێراقی).

مانایەکان :

مانای شیعرە فارسیەکە:
أ. واتە مەلا مەحمود کە موریدی پیری لاهوریە هەر چۆن خۆی زەنگنە مشهورە

واتـه لەقەبەکەی مـەلا مەحمود زەنگنەیە. تاڵەبانی سەردەمی ئەویش لەقەبی تاڵەبانی لەناو بنەماڵەکەمان دەرنەکەوتووە هەرواش خۆی لقێکە لە دار گوڵی کاکە سـوور کە هەموو تاڵەبانیەکان دەگەڕێنەوە سەر ئەو حاجی کاکە سوورەی ناو زەنگنە.

ب. مـام جـەلال: لە بـرا تاقانەیە، بـەس لە دایـک دوو بـراو خوشکێکی هەیە(شێخ حەمەسالّح وشێخ جەنگی ومریەم خان)دوو برا واتە شێخ حیسامەدین مامۆژنی خۆی هێناوە، مریەم خانیش شووی بە برای شێخ حیسامەدین کردووە، شێخ شەرەف مامی مام جەلال واتە ئامۆزای خۆی هێناوە، سالّی ١٩٢٧ شێخ بورهان وشێخ ئەفزەل شەهید کراون.

بۆیە ئەو ژن وژنخوازییە وای لێهاتووە، دووبـــرا دایـــک وکـــچـیـان هـــێـنـاوە! بۆ سەرپەرشتیکردن وپاراستنی خێزانی.

ج. ئـەو دەم فـەرمـانـدەی هـێزی (٧)ی کۆیە بووم لە کۆیە، سالّی ١٩٩٢، مام جەلال بروسکەیەکی کـرد، کـە دێتـە کۆیـە سەر گـۆڕی دایکی! بەڕاستی نەمدەزانی دایکی نـاوی چییە وگۆڕیشی لە چ گۆڕستانێکە، بۆیە گەڕاین سەرەنجام لەمام عەلی مام ڕەشیـدمـان پـرسـی گـوتـی نـاوی (خدیجە حسێن کوێخا ڕەســووی مەنگوڕی)یە لە گۆڕستانی کەکۆنە، دۆزیـمـانـەوە مـام بۆ ئێوارە هات چەپکە گوڵێکی داناو فاتیحەی خوێند لەسەر گۆڕەکەی وگوتی خەونم بە دایکمەوە بینیوە سەرنج دەدەم خەونەکەم هـاوکـاتـی ســالّـڕۆژی کۆچکردنیەتی زۆر بە میهرەبانی ودلۆڤانی باسی دایکی کرد وگوتی کە کۆچی دوایـی کـردووە لە کۆیە نەبووین وبەشداری ڕێ وڕەسمی ناشتن وپرسـەم نەکردووە لە کۆیە، بۆیە نیگەرانم ولەدڵم دەرناچێ، دەربـارەی خەون گوتی کاک عەلی عەسکەری پێش ئەوەی بڕوا بۆ کارەساتی هەکاری پێی گووتم دەمرم، منیش وامزانی کێشەی تەندروستی هەیە چونکە گورچیلەی نەختێ تەواونەبوو گوتی کێشەی تەندروستی نییە مام جەلال بەرەبابی ئێمە لەخەوندا عەبا بەخۆیان دابدەن دەمرن، بۆیە منیش خەونم دیوە عەبام پێدا دراوە بۆیە ناگەڕێمەوە وکۆتایی ژیانمە! واش دەرچوو نەگەڕایەوە وشەهید کرا!! دایکی مام جەلال لە ١٩٦٥/٦/١٢ کۆچی دوایـی کـردوە! لەو سالّ وڕۆژەوە کە کۆچی دوایـی کـردووە هەموو سالّێ چەپکە گوڵ بۆ سەر گۆڕەکەی دەبەن وخێری بۆ دەکەن!.

د.(مام جەلال، شێخ جەنگی، شێخ حەمەسالّح) یەک خالّیان هەبوو (حاجی ڕەسول) خالّی وکـوڕە خالّەکەی لەیەک گـەڕەک بوین لە کۆیە، یەک کوڕە خالّیشان هەبوو (حاجی حـەمـەسـوور)، ئـەو (حـاجـی حـەمـەسـوور)ە، لـەگـردی جـوان لـە کـۆیـە، مالّیان ڕێک بەرانبەر مالّی ئێمە بـوو، دایـک وپـووری لەگەڵی دەژیـــان، جـا ئـەو پـووڕەیـان، کە دەکاتە پـووری (مام جـەلال، شێخ جەنگی، شێخ حەمەسالّح، حاجی حەمەسوور)، ناوی (پوورمەلکان)بوو، نـاوی منی نە دەزانـی، یان ناوی وای نەبیستبوو، بۆیە (ڕەهبەر)ی کردبووە(ئەکبەر)، گچکەشی کردبۆوە کردبوویە(ئەکبەڕۆکە)، بۆیە (پوورمەلکان)بە (ئەکبەڕۆکە)ناوی دەهێنام وبانگی دەکردم! (دیلانە ومۆزیک - ل٣٦).

هـ سالّێک پێش پەیدابوونی فلووسی سوور

واتە سالّی ١٩٣٢
و. لە ئەژداد و ئابادی تێدا بوو (نوور) مەبەست لە (نوور) شێخ نوروللە و شێخ نووری کە دەکاتە باپیری و باپیری باوکی مام جەلال!
ز. بەبێ غەلال : بێ خەلەل، بێ غەل و غەش
ح.لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول مام جەلال لەشیوی ساماڵ نزیک کۆیە، چالاکیەکیان ئەنجامدا، بەچاوساغی (تایەر عەبدوڵڵا) تایەرەفەندی خەزنەداربوو، ئەندامی حزب بوون، لەسالّی ١٩٦٢ هەمووڕێ وشوێنێکی بۆدانا بوون، کەبڕی (٣٣)هەزار دیناری ئەوسا بوو پارەی توتنی میری بۆ بازرگانەکانی تووتن، لەگەڵ هەندێ پوولی پۆستە، بە فەرماندەی مام جەلال، پارەکە دەگەرن و(تایەرەفەندی)بەڕێک وپێکی ودڵسۆزی کاری خۆی ئەنجامدا بوو لەکات وساتی خۆیدا، بەڵام لەناو پێشمەرگەکان دەبێتە تێک چڕژان وشۆفێر بریندار دەبێ پۆلیس دەکوژرێ ولەو چالاکییە لەتایەرە فەندیش دەدەن چ خەتای نەبوو، زۆر بەدڵسۆزی کارەکەی ئەنجامدا بۆیە پێیان دەڵێ:
بۆ لێم دەدەن کەمم هێناوە درەنگ هاتووم
ط. مام جەلال لەنامەی نهێنی مەجنونی دەولەی بەکاردەهێنا(١).
ی. هەشت هەشە سوێن : واتە رەشمالّێک لە هەشت (هەسوێن) پێک هێنرا بێت و تەنیا مالّە گەورەکان رەشمالّی هەشت هەسوێنییان هەبووە.
هەسوێن : پایەی رەشماڵ .
ک. شەپەتووکە : هەنگوینێکی نایابە بەشە پاروەکە(هەنگی کەژ) دەیکات ئەو هەنگی کەژە مالّی نابێ هەر لە شاخ و بەندە نانە!!
ل.ئەو دارە گەورەیە ناوی (دارەکەی مام جەلال) بوو کەوتۆتە گوندی قۆجەلەر نزیک ئاخجەلەر ، ئەوێ ڕۆژێ ، کە (مام جەلال) ئامر هێزبووە لە شۆڕشی ئەیلول، لەبن ئەو دارەبووە سەرپەرشتی شەڕەکەی کردووە، ١٢شەوو ڕۆژ شەڕوبەرگری کراوە، ١٥سەرباز بەدیل گیراوە، ١٢ شەهیدیشیان داوە، تانک وزرێ پۆش وزیل وئیڤاسوتاوە و شکێندراوە، داستانێکی گەورەیان لێ تۆمار کردووە لە سالّی (١٩٦٢) لەئەنفالەکانیش، شوێنەواری تانک وزیل وزرێپۆشە شکاوەکانی تێدا مابوو، بۆیە خەڵک لە خۆشەویستی مام جەلال ناویان ناوە (دارەکەی مام جەلال) بەداخەوە دارەکە سوتاوەو نەماوە. (زانیاری وێنەی دارەکەی مام جەلال لە شاخەوان قۆجەلەری وەرگیراوە.)
م.بافل: تاقگەیەکی بچووکە لە چەمی ڕەزان، لەسوریا وهەندێ لە عەرەبەکان بەمام جەلالیان دەگووت ئەبو شەلال.
قوباد:ناوێکی کوردی کۆنە لە سالّی (١٥٨٤ز) میری میرنیشینی لیوای کۆیە ناوی قوباد بەگ بووە، جۆگە وئاوێکیشە لە گوندی قازبەگیانی دەشتی کۆیە ناوی (قوباد بەگیان)
ه. تێکۆشەر وبرادەرێکی مام جەلال ئێرانی بوو، شەهید بوو لەکن مام خۆشەویست بوو، لە کۆیە ناوی قوباد زۆرە. قوباد نازناوی تێکۆشەرێکی ئێرانی بوو بەدەستی ڕژێمی شای ئێران شەهیدکرا، ناوی (کۆرش لاشایی)بوو دۆست وخۆشەویستی مام جەلال بوو.



مام جەلال،
لە کاریزمای سیاسیەوە بۆ پێشەنگی میدیایی

ڕێبوار ستار -لێپرسراوی میدیای نوێ لە مەکتەبی کاروباری ڕێکخراوەیی

مێژووی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کوردستان لە سەدەی بیستەمدا بە تەواوی گرێدراوی ناوی سەرۆک مام جەلالە، کەسایەتی و ڕابەرێک، کە لە تایتڵی سیاسی و سیمبولێکی ناوچەیی و سەرکردەیەکی ئاسایی تێپەڕیوە و بووەتە ڕەهەندێکی مێژوویی و نەتەوەیی و تەنانەت ڕوخسارێکی جیهانیش، کە هەمیشە ناو و ناوبانگ و فەرهەنگە دەوڵەمەندەکەی بە نەمریی دەمێنێتەوە.



مام جەلال

ڕۆڵی مام جەلال تەنها باسوخواسی خەباتی چەکداری و دبلۆماسیی ئەو نەمرە نییە، بەڵکو تیشکخستنەسەر لایەنێکی گرنگ و بنەڕەتی تری کەسایەتیەکەیەتی، کە ئەویش (پێشەنگی و خەباتی پیشەییە لە بواری ڕۆژنامەوانی و میدیادا. مام جەلال پێش ئەوەی تەنها سیاسەتمەدار بێت، نووسەر، ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیرێکی خودان تێڕوانینی پێشکەوتوو بووە، ڕۆڵی لە پانتایی ڕاگەیاندندا هەمیشە پێشەنگ بووە، لە ڕوانگەیەکی ڕاستەقینەوە پەیوەندیی نێوان خەباتی سیاسیی مام جەلال و پەیڕەوکردنی کاری ڕاگەیاندن وەکو دوو هێزی هاوتەریبە، کە تێیدا میدیا لای ئەو قەڵەمێک بووە بۆ هۆشیارکردنەوە، گەیاندنی دەنگی ستەملێکراوان و دروستکردنی گوتارێکی نیشتمانیی میانڕەو و فرەڕەنگ و تەنانەت دروستکردنی پردی پەیوەندیش.

لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستاندا، میدیا چاو و زەینی کۆمەڵگە و دەنگی ڕووداوەکان و ئەرشیفی زیندووی بیرەوەرییە نەتەوەییەکان بووە. لەم ڕوانگەیەوە، سەرۆک مام جەلال لەو سەرکردە دەگمەنانە بوو کە زوو درکی بە هێز و کاریگەریی ستراتیژیی ڕاگەیاندن کرد، هەربۆیە لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتدا، چ لە سەردەمی سەختی شاخ و پێشمەرگایەتیدا و چ لە سەردەمی خەباتی مەدەنی، شارستانی و دەوڵەتداریی دوای ڕاپەڕین، بایەخێکی تایبەتی بە پیشەی ڕۆژنامەنووسی و دامەزراوە میدیاییەکاندا.

ئەم روانگە فراوانەی مام جەلال بۆ میدیا، لە سنووری تەسکی پارتایەتی تێپەڕی و وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە کلتور، هۆشیاریی نیشتمانی سەیر دەکرا. ئەو میدیای وەک سەنگەرێکی ڕۆشنبیری دەبینی کە شانبەشانی سەنگەری لێهاتوو بوو کە بە وتارە قوولّ و بیرباوەڕپێکراوەکانی لە زۆرینەی ڕۆژنامە و گۆڤارە دیارەکاندا، جێگەی بایەخی ناوەندە فیکری و سیاسییەکان بوو.

لە ژیانی سیاسی و سەرکردایەتیدا، مام جەلال باوەڕێکی قوولّی بە گفتوگۆ و دیالۆگ هەبوو، هەر بۆیە هەمیشە لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بوو لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و میدیاکارانی ناوخۆیی و جیهانیدا. ئەو ئەم چاوپێکەوتن و گفتوگۆیانەی وەک پردێکی ستراتیژی بەکاردەهینا بۆ گەیاندنی دەنگی ڕەوای خەباتی کوردستان، ڕوونکردنەوەی هاوکێشە سیاسییەکان و ئاشناکردنی رای گشتیی جیهانی بە ڕاستییەکانی دۆزی گەلەکەمان. لەو سۆنگەیەوە، مام جەلال خۆی پێشڕەوی ڕاگەیاندنی یەکێتی کرد و یەکێک لە بەهێزترین ڕاگەیاندنەکانی شاخی دامەزراند. دوای ڕاپەڕینیش، ئەم ڕاگەیاندنە بوو یەکێک لە بەهێزترین میدیاکانی کوردستان. لە ڕاستیدا، ڕاگەیاندنی یەکێتی خوێندنگەیەکی گەورەی ڕاگەیاندنی کوردییە، کە چەندین ئەستێرەی لێ دروست بووە، کە ئێستا لە هەموو میدیا جیاجیاکاندا دەردەکەون، و بێگومان بنەمای سەرەکیی ئەم خوێندنگەیە خودی کەسایەتیی سەرۆک مام جەلال بووە.



مام جەلال و خالید چاوشین و جەبار فەرمان و مامۆستا نازم دەباغ
یەکەم وتاری سەرۆک مام جەلال لەکاتی ڕاپەڕین لە دهۆک

پێشمەرگایەتی داکۆکی لە مافە ڕەواکانی گەلەکمان دەکرد و پردی پەیوەندیی نێوان شۆڕش و کۆمەڵگە و جیهانی دەرەوە بوو. ڕاستیەکەشی سەرۆک مام جەلال پێش ئەوەی تەنها لە ڕێگەی دەزگا چاپکراوەکانەوە ناسراو بێت، یەکێک بوو لە گوتاربێژە هەرە بەتوانا، کاریگەر و بوێرەکانی گەلەکەمان، کە لە زۆربەی بۆنە و یادە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا بە زمانێکی زانستی، حەکیمانە و جۆشداڕژاو پەیامەکانی دەگەیاند. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو نووسەرێکی بەتوانا و شیکەرەوەیەکی


دروود بۆ ڕۆحی سەرۆک مام جەلال و تەواوی شەهیدانی ڕێگای ئازادی.



پرۆژەیەك بۆ كۆبەرهەمی (مام جەلال)

د.كارزان محەمەد- مامۆستای زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی

چیرۆكی شكست و سەركەوتنی گەلانی ژێردەستە و ستەملێكراو لە چەرخی بیستەمدا، پڕە لە بەسەرهاتی راستەقینە و نهێنی و سەرنجڕاكێشی ئەو ڕابەر و میللەتانەی لەپێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواكاندا، ڕووبەڕووی هەوراز و نشێوی و زۆر كارەساتی دڵتەزێن بوونەتەوە. باشترین سەرچاوە بۆ تێگەیشتن لەو دۆخە، شەنوكەوی یادداشت و تێڕوانینی ڕابەرانی ئەو نەتەوانەیە تا پەی بە قۆناغی گرفتەكان ببەین، داخۆ دەوڵەتێك بەچ پاساوێك نەتەوەیەك لە مافە مرۆییەكانی بێبەش دەكات؟، مرۆڤ چۆن ویژدانی قبوڵ دەكات هەمان مافی خۆی، لە مرۆڤێكیتری زەوت بكات؟. ئایا میللەتانی ژێردەست، خەباتیان بۆ وەدەستهێنانی مافەكانیان بەچ ڕێكارێك بووە و چۆن هۆشیار كراونەتەوە؟. ڕێكاری سەركەوتن یان فاكتەرەكانی شكستیان چی بووە؟.



هەروەك (مارتین لۆتەر كینگ) دەڵێت: (زەوتكردنی ئازادی لە كۆمەڵگایەك كە نایانەوێ ببنە كۆیلە كارێكی سەختە، بەخشینی ئازادی بەكۆمەڵگایەكیش كە حەز بەكۆیلەیی دەكەن، زۆر دژوارترە). ئەم تێڕوانینە بۆ كۆمەڵگای كوردی بەدروست دەزانرێت، چونكە هاندانیان لە قۆناغێكدا بۆ وەرگرتنەوەی ماف، ئەركێكی گرانی خستەئەستۆی دەستەبژێرانی سیاسی كورد كە چۆن بتوانن لەنێو (گەلێكی پەژموردە و نیشتیمانێكی پەرت)دا، هۆشیاریی نەتەوەیی بڵاوبكەنەوە تا مافەكانیان بە دەستبهێنن.

شرۆڤەی خەباتی میللەتانیتر بۆ گەلی كورد زۆر جێگەی تێڕامانە، چونكە چارەنووسی نەتەوە و كەمینە ستەملێكراوەكانی جیهان پێكەوە گرێدراون، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە دەرچوونی پەیماننامەیەكی جیهانی وەك جینۆسایدیاخود مافەكانی مرۆڤ، دەشێ هەموان سودمەند ببن یاخود بەپێچەوانەوە چەند نەتەوەیەك ببنە قوربانی ڕێككەتنامەیەكی نێودەوڵەتی وەك لۆزان. ڕەهەندێكیتری ئەم پەیوەندییە، ئاڵوگۆڕی ئەزموونە لە شێوازی سەركەوتن و تێگەیشتن لە هەڵەكان بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە.

ئەمڕۆ هەر پسپۆڕێك بۆ شرۆڤەی خەباتی نەتەوەیەك یان پەیڕەوانی ئایین و ئایدۆلۆژیایەك، پێویستی بەتاوتوێی پرۆگرام و نەخشەڕێگاكانیانە، ئایا ژاپۆن لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بەدۆڕاو دانرا، چۆن لە نیو سەدەدا دەبێ بەدەوڵەتێكی مۆدێرنی


پێشکەوتوو؟. یاخود هۆکاری هەڵوەشانی ئیمپراتۆرێکی وەک سۆڤییەت چییە؟.
باشترین میتۆد بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، خوێندنەوەی یادداشت و تێزەکانی ڕێبەرانی سیاسییە، تائێستاش یادداشتەکانی (ماندێلا) بۆ سەرکەوتنی ئەفریقا، یادەوەرییەکانی (گاندی) بۆ سەرخستنی هیندستان و چەسپاندنی هزری ناتوندوتیژی بۆ پێکەوەژیانی گەلان و ئایینە جیاوازەکانی ولاتەکەی، خەباتی (گیڤارا) و جەنگی پارتیزانی و وتە جوانەکانی بۆ میللەتانی ستەملێکراو، بایەخێکی مێژووییان هەیە.
لەم ڕوانگەیەوە سەرجەم ئەو سەرکردە و ڕابەرانەی ڕۆڵیان لە خەباتی نیشتیمانی و نەتەوایەتی گەلی کورد بینیوە، بۆ تێگەیشتن لە هزر و بۆچوونەکانیان و پێوانە و بەراوردکردنیان لەگەڵ ئاراستەی سیاسی و کارو چالاکییەکانیاندا، دەبێ کۆی بەرهەمەکانیان چاپ بکرێت. لایەنێکی ئەرێنی ئەم پرۆژەیە، بەرچاوڕوونییە بۆ ئێستا و ئایندە تا کەموکوڕییەکانی ڕابردوو، یاخود هەر ستراتیژ و نەخشەی پلانێک کە لە قۆناغی پێشوودا ئەنجام نەدراوە، بۆ ئایندەی گەلەکەمان پەندی لێوەربگرین.
لەم ڕوانگەیەوە پێشنیازی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی خوالێخۆشبوو (مام جەلال) دەخەمەڕوو، گرنگی پرۆژەکەش لە چەند خاڵێکدایە:
-پاراستن و مانەوەی نوسین و تێزە فکرییەکانی بۆ مێژوو.
-تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی قوڵی بەپێی قۆناغە سیاسییەکان.
-ڕێبازە سیاسییەکەی لەنێو بەرهەمەکانیدا بەئاشکرا دەبینرێ، لەم ڕوانگەیەوە بەرچاوڕوونییەکی گرنگ دەخاتە بەردەم هەر کەس و لایەنێک کە جەخت لەسەر پەیڕەویی لە ڕێبازەکەی بکاتەوە، لەکاتی ڕوودانی هەر کەموکوڕی و کەمتەرخەمییەک یان لادانێکی سیاسی، بەپشتبەستن بەتێزە فکرییەکانی، دەتوانرێ هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانەیان بۆ بکرێت.
-هەر توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەسەر قۆناغی نیو سەدەی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام بدرێت، بەدڵنیاییەوە ئەم کۆبەرهەمە بەسەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ دیاریکردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی مەیدانی سیاسەت.
دەشێ ئەم پرۆژەیە کۆمەڵێک بوار لەخۆبگرێت:

١- تێزە هزرییەکان:


لەدەستپێکی ژیانی سیاسییەوە، کۆمەڵێک پەرتوکی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەیە، هەر پەرتوکێک چەندین تێزی هزری لەخۆگرتووە و هۆکارێکی گرنگ لەپشت نووسینییەتی، بەگشتی بەسەر چەند تەوەرێکدا پۆلێن دەبن:

-داکۆکی لە مافی کورد:

لە ساتی ڕووخانی رژێمی پاشایەتی و هاتنەئارای سیستەمی کۆماری، سەرلەنوێ سیاسەتی شۆڤێنیانە بۆ سەرکوتی مافە مرۆییەکان لەلایەن رژێمی نوێی عێراق پیادە



دەکرا، زۆرترین زیانی ئەم دیکتاتۆرییەتەش دژ بە کوردستان بوو، لەم روانگەیەوە دەبوایە راپەرینێکی بەرینی فکریی هاوشانی خەباتی چەکداری بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلی



کورد دژ بەو شۆڤێنییەتەی عێراق هەبێت، (مام جەلال) لەو بوارەدا رۆڵێکی کارای گێڕا بەنووسین و بڵاوکردنەوەی چەند بەرهەمێکی هزریی نەتەوایەتی. بەپشتبەستن بەم تیۆرە، پەرتوکێکی بەناوی (کوردایەتی) لە هەلومەرجێکی سەختی سااڵی شەستەکاندا نووسی، لە قۆناغێکدا کە کۆمەڵگایەکی نیمچەخوێندەواری زۆرینەی گوندنشینی کوردستاندا، پێویستی بەسەرلەنوێ جۆشدانەوەو هاندانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد هەبوو تا ئاشنای پرەنسیپەکانی ئەم ڕێبازە پیرۆزە ببن لەپێناو ڕزگاریی نیشتیمانییدا لەدەست زوڵمی عێراق، هەروەها شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی زلهێزی دەرهەق بەگەلی کورد و چۆنییەتی ڕاپەراندنی ئەرکی هەموان لەم خەباتەدا خستۆتەڕوو. تیایدا وێڕای گەشەپێدانی هزری نەتەوایەتی، هۆشداریی داوە کە دەبێ دووربێ لە شۆڤێنیزم و کۆسمۆپۆلیتایەتی تا ناسنامەی مرۆیی خەباتەکە لەکەدار نەبێت[1].

-بانگەواز بۆ بەشداریی لە شۆڕشی نوێ:

لە سەرەتای خەباتی چەکداریی گەلی کورد و هەم سااڵنی شۆڕشی ئەیلولدا، کێشەی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە و گۆڕینی هێزە چەکدارە عەشایرییەکانیش بۆ سوپایەکی خاوەن دیسپلین، ململانێیەکی توندی لەنێوان هەندێ لە بەرپرسانی حیزبی و سەرۆک هۆزەکاندا لەگەڵ ئەو دەستەبژێرانەدا هێنایەئارا کە دەیانویست پێشمەرگە ببێتە سوپایەکی کوردەواریی مۆدێرن، نەک لەژێر ئیرادەی کەسێکدا قۆرغ بکرێت، ئەم هزرە دوو قازانجی هەبوو:

-پێشمەرگە ئەگەر خاوەن دیسپلین بوو، بۆ یەکلاکردنەوەی گرفتەکانی ناوخۆی حیزب یا کێشەی نێوان دوو عەشیرەت بەکارناهێنرێ.

-سوپای عێراق کە بەزەبری داهاتی نەوت پرچەک کراوە، کاتێک پێشمەرگە دەتوانێ بەرەنگاری ئەم سوپایە ببێتەوە کە بەشێوەیەکی مۆدێرن ئاراستە بکرێت.


بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە، پەرتوکی (پێشمەرگەی کوردستان: پەیدابوون و گەشەکردن و بەسەرهاتەکانی لە ڕاپۆرتی هەڤاڵ مام جەلالدا بۆ کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستان) کە لە (٢٨ی ئابی ١٩٦٦ز)دا بڵاوکردەوە، دیدێکی ڕەخنەگرانەیە بۆ شۆڕشی ئەیلول و لێکەوتەکانی، هەروەها بۆچوونی سەرکردە پێشکەوتووخوازەکانی شرۆڤە کردووە سەبارەت بەهەندێ لە لایەنە شاراوەکانی ئەودیو سیاسەتی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەوڵەتی عێراق.

ئامانج لەم پەرتوکە کە ناوەرۆکێکی ڕەخنەگرانەی هەیە، نوسیویەتی:»دەربارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەوڵی ئەوەم داوە کە وێنەیەکی ڕاست و دروستی وەزعی پێشمەرگە و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی

ناوشۆڕش و پێشمەرگەتان بخەمە پێش چاو هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئیمڕۆ» (لا ٢).

دواجار بۆ ئاراستەکردنی شۆڕشەکە، (مام جەلال) پێداگری لەسەر پراکتیزەکردنی ستراتیژێک دەکات کە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە:

(-شۆڕش خەباتێکی سیاسی چەکدارانەیە... پێویستە پارێزەر و ئالەتی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی گەلەکەشمان بێت. ئەبێ هێزی کۆمەڵانی خەڵک بێت و پارێزگاری دەستکەوت و کەرامەت و ناموس و ژیان و مافەکانیان بکات.


یەکێتی نیشتمانی کوردستان
دەزگای راگەیاندن

سێ ڕۆنامەی
بەرێز سەرنجێکی گشتی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
لەسالی ١٩٨٤

-هێزی چەکداری کورد ئەبێ خزمەتی کوردایەتی بکات، هێزێکی نیشتیمانپەروەر بێت، هێزێکی دڵسۆزی کورد و کوردستان بێت نابێ هێزی چەکداری کورد داردەستی ئیمپریالیزم و شەریکەی نەوت بێت.) (لا ٣٩).

(-دژی شەڕی براکوژی، دژی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەنێوان کورد و عەرەبدا، وە لەنێوان کورد و کوردیشدا، چونکە هەر دەسکەوتی دوژمنانمان لەم شەڕەدا هەیە، چونکە بەپێچەوانەی دەستکەوت و ئامانج و ئارەزووی گەلی عێراقە بە نەتەوەی کورد و عەرەبیشەوە.

-بۆ ئەوەی هەموو بەندەکانی بەیانی وەزاری دەربارەی مەسەلەی کورد بەچاکی و فراوانی جێبەجێ بکرێن چونکە بەمە نەک هەر ئامانجە عادیلەکانی ئیمڕۆمان دەهێنینەدی، بەڵکو پەکی هەڵگیرساندنەوەی شەڕی براکوژە و پیلانەکانی ئیمپریالیزم و دووژمنانیش دەخەین.

-بۆ ئەوەی هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بهێنینە سەر ڕێگەی ڕاست، ڕێگەی کوردایەتی و پارتی وە دووریان بخەینەوە لە ئیمپریالیزم و پیلانەکانی، وە بەڕاستی بیکەینە هێزێکی نیشتیمانی شۆڕشگێڕ وەک لە پێشەوە باسمان کردووە.

-بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەوری خۆی ببینێت لە پاراستنی جمهوریەتی عێراق و داڕشتنی حوکمی نیشتیمانی لەسەر بناغەی دیموکراسی و برایەتی و وەکیەکی کورد و عەرەب بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی گەلی عێراق، پاراستنی سەربەخۆیی و دیموکراسی و ئاسایش بۆ گەلی عێراق بە کورد و عەرەبیەوە.

مانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەر بۆ ئەم ئامانجانە و هەر بۆ ئەم نیازە پیرۆزە، واجبێکی نیشتیمانی گەورەیە، هەربۆیەش پێویست و بەکەڵکە.) (لا ٤١-٤٢)[٢].

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ، نامیلکەی (بانگەوازی کورداتی)[٣] بڵاوکردەوە کە تیایدا ئاماژەی بۆ خەباتی دیپلۆماسی کردووە، هانی جەماوەری کوردستانی داوە بەشداریی لە شۆڕشدا بکەن.

بۆ پەرەپێدان و هێنانەدی ئەو ئامانجانەی لەم پەرتوکەدا تیشکی خستۆتەسەر، زنجیرەیەک پەرتوکی نوێی بەناوی جۆراوجۆری (جۆشدانی خەبات) و (کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی)[٤] چاپ و بڵاوکردەوە.

-گوتاری کوردی بۆ نەتەوەکانیتر:

مام جەلال بایەخێکی گەورەی بە تێگەیاندنی دۆزی کورد بە نەتەوە سەردەستەکان و

ولاتانی کاریگەر لەسەر رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەدا.


لە نیو سەدەی رابردوودا، پەلامارێکی توندی عێراقی و شۆڤێنییەکان لە وڵاتانیتر بۆسەر مافەکانی گەلی کورد هەبوو، بەتایبەت لایەنە عەرەبییەکان، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هێرش و دەستوەردانەی شۆڤێنییە عەرەبەکان بەئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە کە نەیاندەویست مافی مرۆیی بە کورد ڕەواببینرێ، پەرتوکێکی ناوازەی بەناوی (اغد و دیموقراطی و حرمان شعب حتی من حق الحلم)ی بڵاوکردەوە[٥].

ڕەهەندێکیتری تێزەکانی (مام جەلال)، هاندان بوو بۆ چەسپاندنی تەبایی لەنێوان لایەنە کوردی و عێراقییەکان، بۆچوونە گرنگەکانی لەژێرناوی (الجبهە الوطنیە المتحدة) بڵاوکردەوە، وێڕای ئاماژەدان بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی پەرتەوازەیی هێزە کوردی و عێراقییەکان لەهەمبەر دیکتاتۆریدا، دەیویست جەخت لەسەر ئامانج و بایەخ و پێداویستییەکانی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو بکاتەوە، واتا وێڕای فرەچەشنی سیاسی و حیزبایەتی، هانی دەدان بۆ ئامانجێکی هاوبەش لەژێرچەتری بەرەیەکی نیشتیمانیدا کۆببنەوە. یەکێک لە ناسراوین پەرتوکەکانی بەناونیشانی (الدکتور الاتاسی و القضیة الکردیة) کە لە ئازاری (1990ز) دا لە لەندەن بڵاوی کردەوە، تیایدا گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەسەر مافەکانی کورد دەکات وەک وەڵام و دیالۆگێک لەگەڵ (الدکتور الاتاسی) سەبارەت بە سەرنج و بۆچوونەکانی کە دەربارەی کتێبی (عرب و الاکراد)ی (مونزر موسلی) بڵاوی کردبۆوە. هەروەها چەندین وتار و گوتاری جۆراوجۆری لە وڵاتانی عەرەب یاخود لەکاتی دیالۆگ لەگەڵ ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانی میللەتانیتردا هەیە کە پێویستە کۆبکرێنەوە[٦].

-خەباتی چینایەتی و سۆشیالیزم:

لایەنێکی گەشی هەندێ لە نووسەرانی سەدەی رابردوو، گرێدانەوەی خەباتی چینایەتییە لەگەڵ تێکۆشانی نەتەوایەتی، دروستی ئەم بۆچوونەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فاکتەرەی کە بەبێ چارەسەری کێشە نەتەوەییەکان، هیچ چینوتوێژی کۆمەڵگا ناتوانن گرفتەکانیان یەکلابکەنەوە.

هەژموونی بیری چەپ لە دوای گەشەی




سۆڤییەت و کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهان، کۆمەڵگای کوردیشی گرتبۆوە. چینی کرێکار و جوتیار کە تائەندازەیەک زۆرینەی دانیشتوانی کوردستانیان پێکدێنا، بەهۆی ئاوەدانی گوندەکانەوە، هەردوو گرفتی جوتیار لەگەڵ سیستەمی دەرەبەگایەیەتی لەسەر زەویوزارو مافەکانیان، کێشەی نێوان کرێکار و خاوەن کار، بەتەواوەتی مەترسی شەڕوپێکدادانی هێنابووەئارا، هەربۆیە (مام جەلال) پەرتوکێکی لەسەر ئاستی کێشەکانی ناوخۆی کوردستان لەسەر خەبات و هەڵوێستی جوتیاران نووسی تا ڕێگاچارەسەر بخاتەڕوو[٧].

هەروەها بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی خەباتی نەتەوایەتی کورد لە چوارچێوەی هەزرە هاوچەرخەکانی مرۆڤایەتی، ناساندنی وەک

دۆزێکی ڕەوا نەک هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب، پەیام و شرۆڤەیەکی گرنگی نوسی کە ئاراستەی رایگشتی عەرەب و جیهانی کردبوو[٨].

٢- وتار و گوتارەکان:

مام جەلال لە سەرەتای قۆناغی گەنجێتی و خوێندنی لە کۆلیژی ماف، بەتایبەتی ناسینی سیاسەتمەداری گەورە (م.ئیبراهیم ئەحمەد) و سەرسامی بە گۆڤاری گەلاوێژ، دەستی بەوتارنووسین بۆ چینوتوێژە جۆراوجۆرەکان کردووە، هەندێکیان بەناوی خوازراو بڵاوبۆتەوە کە بەراوێژ لەگەڵ پسپۆڕان و هاوڕێکانی دەتوانرێ بەسیمای نووسینەکانیدا، وتارەکان بناسرێتەوە. هەروەها زۆربەی وتارەکانی کە پەیوەندیدارن بەشرۆڤەی سیاسیی هەلومەرجی ناوخۆی کوردستان، یاخود لێکۆڵینەوە لە خەباتی گەلانی دونیا (بۆنمونە شرۆڤەکانی لەسەر کۆمۆنەی پاریس، خەباتی پۆڵەندا و...)[٩]، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا هەن و پێویستە کۆبکرێنەوە. هەندێک لە وتارەکانی پەیوەندیدارن بە ئەدەب و گرێی داوەتەوە بە خەباتی کلتوریی



و نەتەوایەتی کورد[١٠].

جۆرێکیتر لە وتارەکانی، خوێندنەوە بۆ زەمینەی شکستی شۆرشەکانی کوردە بۆنمونە شۆرشی ئەیلول و زەمینەسازیی بۆ جوڵانەوەیەکی نوێی نەتەوایەتی بەمۆدیلێکی تازە[١١].

ڕەهەندێکیتری وتارەکانی، مشتومڕ و دیالۆگی زانستییانەیە لەسەر گەلی کورد لەگەڵ سیاسەتمەدارانداء بۆ زیاتر تێگەیشتن یاخود ڕاستکردنەوەی هەر چەوتییەک لە بۆچوونەکانیاندا. دیارترین نمونەش بۆ (سوبحی مەهدی و هاوڕێکانی) نوسیوە[١٢]. یاخود گوتاردانەکانی لە پرۆسەی دیالۆگی عەرەبی-کوردیدا[١٣].

لە نەورۆزی (١٩٨٣ز) کە گفتوگۆی نێوان یەکێتی و عێراق بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەی کورد بەشێوازێکی ئاشتییانە لەئارادابوو، گوتارێکی بە ئامادەبوونی نزیکەی سەد هەزار کەس لە سەیرانگای سورداش پێشکەش کرد کە لە تەواوی ناوچەکانی کوردستانەوە، جەماوەرێکی فراوان ئامادەی بوون[١٤]. ئەم گوتارە بۆ تێگەیشتن لە بایەخی گفتوگۆی ئاشتیانە و ئاستەنگەکانی بەردەمیدا گرنگە، واتا لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی گفتوگۆکانی نێوان گەلی کورد و عێراق چییە؟ بۆچی شکست دەهێنێ؟.

هەروەها کۆمەڵێک وتاریتری هەیە لە (زیخان- لە 1ی کانوونی دووەمی 1984ز) کە ئاماژەی بۆ شێوازێکی نوێی خەبات کرد کە گفتوگۆی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لەگەڵ عێراق و هەندێ لە دەرئەنجامەکانی، هەروەها ڕێنمایی و ئامۆژگاریی بۆ سەرجەم ئەوانەی کە دەیانەوێ بەشداریی شۆڕش بکەن[١٥].

لەماوەی سەردان و بانگهێشتەکانیدا بۆ وڵاتانی بیانی، چەندین گوتاری پێشکەش کردووە کە شیاوی هەڵوێستەیە بۆ تێگەیشتن لە گەیاندنی پەیامی دیبلۆماسییانە، لە دوای هەردوو جینۆسایدی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و چەند ناوچەیەکیتری کوردستان،

لە پەیمانگایەکی پسپۆڕ لە شرۆڤەی کاروباری ئەمریکا، گوتارێکی لەسەر جینۆسایدی کوردستان و ڕێکارەکانی چارەسەری کێشەی کورد پێشکەش کردووە کە ڕەنگدانەوەی لەسەر چەندین میدیای جیهانی هەبوو[١٦].

بواریکیتر، وتارەکانی پەیوەندیدار بە بۆنە ئاینییەکانە بۆ هاندانی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان[١٧] و عێراق، چونکە یەکێک لە سیما جوانەکانی هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانی بەتایبەتی، کلتوریی ئاشتەوایی نێوان ئایین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکانە.

بێگومان وتاری جۆراوجۆری لەسەر هاندانی چینوتوێژەکان (ژنان، خوێندکاران...) نووسیوە بۆ ڕێنوێنی و هاندانیان لەپێناو وەرگرتنی مافەکانیان و خۆڕێکخستنیان لە چوارچێوەی تیۆری سۆشیالدیموکراتدا.


هەروەها هەندێ وتاری سەبارەت بە کەسایەتییەکانی کورد بڵاوکردۆتەوە، یاخود بەشێوەی گوتار لەبەردەم جەماوەردا پێشکەشی کردووە، بۆنمونە لەکاتی ناشتنی زانا و نووسەری کورد مامۆستا (تۆفیق وەهبی) لە ناوچەی زێوێ[١٨].

٣-دیدار و چاوپێکەوتنەکانی:

لە زانستی میدیادا، هونەری چاوپێکەوتن لەڕووی هەندێ خەسڵەتەوە لە ژانرەکانیتر بە بااڵتر دادەنرێت، لەبەر ئەو فاکتەرەی کە ڕۆژنامەنووس بەپێی گرنگی هەلومەرجەکە تەوەرەی سەرەکی بۆ لێدوان و پرسیارەکانی هەڵدەبژێرێت، دەتوانێ ناوەڕۆکەکەی بەشێوەی فرەڕەهەند بێت و جۆرەها بابەتی گرنگ بوروژێنێ، لەهەرکوێدا هەستی بەناڕوونی کرد بەپرسیارێکیتر هەوڵی دەستخستنی وەاڵم بدات.

(مام جەاڵل) بەهۆی تایبەتمەندییە کەسێتییەکانی (ئەزمونی قوڵ، پۆستی گرنگ، قسەزانی و زمانزانین...)، چاوپێکەوتنی زۆر لەگەڵدا کراوە بەبەراورد لەگەڵ سیاسەتمەدارانی قۆناغی خۆی.

دیارترین گفتوگۆی لەگەڵ (وەفا کرماشانی) دایە کە ساڵی (١٩٨٣ز) ئەنجام دراوە و



بەزمانی فارسی بڵاوکراوەتەوە، لە پێشەکیدا هاتووە: "ئەوەی لە دووتوێی ئەم لاپەڕانەدا دەیخوێنیتەوە، بەرهەمی دیدارێکە لەگەڵ (جەاڵل تاڵەبانی)ی سکرتێری گشتی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)دا، ئەم دیدارە لە زستانێکی سارد و بەفرینی ساڵی (١٩٨٣ز)دا لە (ناوزەنگ) لە بارەگای مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) سازدرا. (جەاڵل تاڵەبانی) لەنێو پێشمەرگە و جەماوەری کورد بە (مام جەاڵل) بەناوبانگە، ڕەنگە یەکێک لەو چەند پێشمەرگە دێرین و تەمەندرێژانەی کوردستان بێت کە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە چەکی بەشانەوەیە لەپێناو ڕزگاریی نەتەوەیی، دیموکراسی و پێشکەوتووخوازیدا تێدەکۆشێ. ناوبراو یەکێکە لەو کەسایەتییە دەگمەنە شۆڕشگێڕانەی خۆرهەاڵتی ناوەڕاست کە لە (٣٠) ساڵی ڕابردوودا، لە نزیکەوە بەدواداچوونی بۆ دۆز و ئاریشە سیاسی و کۆمەاڵیەتییەکانی ناوچەکە کردووە، ئەویش نەک وەک چاودێر بەڵکو بە کارایی و وەرچەرخێنەرانە.

مام جەاڵل...دونیادیدەیە، لە ساڵانی حەفتادا

سەردانی وڵاتانی چین و سۆڤییەتی کردووە، دۆستی زۆرینەی کەسایەتییە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە و دیدار و هەڤپەیڤینی لەگەڵیاندا سازداوە".

لەم دیدارەدا کورتەیەک لە خەباتی گەلی کورد لە عێراق، هەڵوێستی دەوڵەتی عێراق لەهەمبەر کورد، کاریگەریی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ڕێکارەکانی چارەسەری کێشەی گەلان بەشێوەی پرسیار و وەڵام شرۆڤە کراوە.

لەسەرئاستی ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانیش، چاوپێکەوتنی لەسەر دۆسییە گرنگەکان ئەنجام داوە و بە ڕاشکاوانە تیشکی خستۆتەسەر هەڵوێستی گەلی کورد و لایەنە سیاسییەکەی [١٩].

٤-نامە و گەشتە دیبلۆماسییەکانی.

کلتوری نامەگۆڕینەوە و ناردنی پەیامی فەرمی یاخود نهێنی بۆ داخوازی ماف و چارەسەری گرفتەکان، لە سەردەمی میرنشینەکانەوە بەتایبەت میرنشینی بابان، ئامرازێکی گرنگ بووە بۆ بانگهێشتی لایەنی بەرامبەر و سازدانی زەمینەی گفتوگۆ.

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیش، نامەکانی (شەریف پاشای خەندان) بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان، بەخەباتێکی دیبلۆماسی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دادەنرێت.

(مام جەلال) بەهۆی شارەزایی زۆری لە نووسیندا، نامەی زۆر هەستیارو گرنگی بۆ چارەسەری دۆزی کورد بۆ کەسایەتییە ناسراوەکانی جیهان ناردووە، وەک: (ماندێلا، گۆرباتشۆف، فرانسۆ میتەران و دانیاڵ میتەرانی هاوسەری، سەرۆکەکانی ئەمریکا، فرانسوا ئۆلاند، پۆڵ بریمەر، رایەن کرۆکەر، کۆلن پاوڵ...) [٢٠].

لەدووتوێی ئەم نامانە، بۆچوونی گرنگی لەسەر غەدر لە گەلی کورد وەک: (سیاسەتی جوداخوازیی دەوڵەتانی سەردەست، کۆڕەو و ئاوارەیی، ڕاگواستنی زۆرەملێ، سیاسەتی سڕینەوە و لەناوبردن، داگیرکاری و سەرکوتی زیندان و کوشتاری بەکۆمەڵ، دەستوەردانی بیانی لە دۆز کورد...) تا بانگهێشتکردنیان بۆ بەشداریی لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و عێراقی لەخۆگرتووە.

٥-ڕاپۆرتە سیاسییەکان:

هەڵسەنگاندنی ڕەوشی هەمەلایەنەی هەر حیزب و پارتێکی سیاسی لەلایەن سکرتێرەوە، بەتایبەتی بۆ قۆناغی کۆنگرە، بە ئەرکێکی دژواری هەر سیاسەتمەدارێک دادەنرێت، چونکە لەلایەن کۆی ئەندامانی کۆنگرەوە دەخرێتە بەردەم ڕەخنە و سەرنجەوە.

بەرهەمێکیتری (مام جەلال)، ڕاپۆرتە سیاسییەکانییەتی کە پێشکەشی کۆنگرەکانی یەکێتی کردووە. بەشرۆڤەکردنیان دەتوانرێ کۆی ڕەهەندەکانی هزری سیاسی تیادا بخوێنرێتەوە [٢١].

٦-ئەلبومی وێنەیی:

کۆکردنەوەو پۆلێنی وێنە مێژووییەکان لەگەڵ نووسینی داتای پێویست (ساڵ، شوێن، بۆنە، بەشداربووانی نێو وێنە...)، بەسەرچاوەیەکی بەنرخی ژیانی سیاسەتمەداران دادەنرێت کە پێویستە لە کۆبەرهەمەکەیدا هەبێت.

دواجار پێشنیازم وایە بەراوێژ لەگەڵ پسپۆران و شارەزایان، بەشێوازێکی فراوانتر پرۆژەی کۆکردنەوەو چاپکردنەوەی کۆبەرهەم ئەنجام بدرێت تا ببێتە کەرەسەتەیەک بۆ لێکۆڵینەو ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی قۆناغێکی گرنگی گەلی کوردستان.

*سەرنج:

-سەرجەم بەرهەمەکانی، لە ئەرشیفی نووسەردا هەیە.

-پوختەی ئەم پرۆژەیەم پێشتر لە ژمارە (٢) ی گۆڤاری (مەودا پۆلەتیک)، خستۆتەڕوو،

بەپێویستم زانی دوای دۆزینەوە و زیادکردنی چەند بەرهەمێکی نوێ. سەرلەنوێ بڵاوی بکەمەوە.

پەراوێزەکان:

١ –جەلال تاڵەبانی: کوردایەتی.. بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کوردستانە، چاپی یەکەم ١٩٦٤.

٢ – پێشمەرگەی کوردستان: پەیدابوون و گەشەکردن و بەسەرهاتەکانی لە ڕاپۆرتی هەڤاڵ مام جەلالدا بۆ کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ١٩٦٦.

٣ –جەلال تاڵەبانی: بانگەوازی کوردایەتی، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. (ساڵی چاپی لەسەر نییە، بەڵام پێدەچێ لە ساڵانی 1980– 1981ز) بڵاوکرابێتەوە.

٤ –جەلال طالبانی: کردستان و الحرکة القومیة الکردیة، الطبعه الاولی، البغداد، ١٩٧٠.

٥ –جەلال طالبانی: اغد و دیموقراطی و حرمان شعب حتی من حق الحلم، من منشورات الاتحاد الوطنی الکردستانی.

٦– جلال الطالبانی: الدکتور الاتاسی و القضیة الکردیة، مطبعة الشهید ابراهیم عزو، ایار 1990.

٧ جلال طالباني: قضایا نظریة: الفلاحون و مراتبهم و مواقفهم من الثورة الوطنیة الدیموقراطیة.

٨– جلال طالباني: الاشتراکیة و القضیة القومیة و المسألة الکردیة في العراق، ندوة الجزائر الاشتراکیة في الوطن العربي، مایو ١٩٦٧.

٩–بۆنمونە شرۆڤەی خەباتی کۆمۆنەی پاریسی کردووە لە یادەوەری سەد ساڵەیدا، لە ڕۆژنامەی (برایەتی، ژمارە یەک، ساڵی دوو، ١٩٧١ز) بڵاوی کردۆتەوە.

شرۆڤەیەکیتری بۆ خەباتی گەلانی دونیا، بەناونیشانی (جەژنی گەلی هاوڕێ) بڵاوکردۆتەوە، بنۆرە:

–النضال، العدد ٢٧٠، ١٩٦٠/٧/٢٥.

دەقەکەی لەلایەن خوالێخۆشبوو (ئومێد ئاشنا) وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی.

١٠ –بۆ وتارەکەی بۆ بەرگری لە حاجی قادری کۆیی، بنۆرە:

–النضال، العدد ٢٧١، ١٩٦٠/٧/٢٦.

دەقەکەی لەلایەن خوالێخۆشبوو (ئومێد ئاشنا) وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی.

١١– الاتحاد الوطني الکردستان لماذا....؟، من منشورات الاتحاد الوطني الکردستاني، تشرین الثاني ١٩٧٥.

١٢ –جلال طالبانی: حوار مع السید صبحی عبدالحمید ورفاقه، من منشورات مکتب الاعلام المرکزی الاتحاد الوطنی الکردستانی، ٢٠٠٤.

١٣ -نص الکلمة التی تقاها السید جلال طالبانی فی ندوة الحوار العربی–الکردی، اصدارات مکتب الاعلام المرکزی الاتحاد الوطنی الکردستانی، ٢٠٠٣.

١٤ – وتاری بەڕێز سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سەیرانی نەورۆزی ١٩٨٤دا، دەزگای ڕاگەیاندن.

١٥ –سێ وتاری بەڕێز سکرتێری گشتی یەکێتی ی نیشتیمانی ی کوردستان لە ساڵی (1984)، دەزگای ڕاگەیاندن (1985)، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، لا (3).

١٦ –چەند نمونەیەک لە دیدارەکانی:

–جلال طالباني: حول القضیة الکردیة في العراق، محاضرة ألقیت مساء یوم (١٩٨٨/١٠/٥م) في معهد (ایبلا) بمدرید، المختص بدراسة شؤون أمریکا الاتینیة و أفریقا، من قبل الآستاذ جلال طالباني، بعنوان (حول القضیة الکردیة في العراق)، الطبعة الآولی، بیروت، ١٩٨٨م.

–ثلاث خطب للرئیس طالبانی، من منشورات مکتب الاعلام المرکزی الاتحاد الوطنی الکردستانی، ٢٠٠٦.

١٧– پەیامەکەی لە ساڵی (٢٠٠١ز)دا بەم ناونیشانە بڵاوکراوەتەوە:

–رسالة مام جلال بمناسبة عید الفطر المبارک، ١٥–١٢–٢٠٠١، من منشورات مکتب الاعلام المرکزی الاتحاد الوطنی الکردستانی، ٢٠٠٤.

١٨ –سێ وتاری بەڕێز سکرتێری گشتی یەکێتی ی نیشتیمانی ی کوردستان لە ساڵی (1984)، سەرچاوەی پێشوو، لا (9).

١٩–بۆنمونە:

فضائیتا (MBC) و (ANN) تحاوران مع مام جلال، منشورات مکتب الاعلام المرکزی الاتحاد الوطنی الکردستانی، ١٩٩٩.

٢٠ –سەرنج: هەندێ لە نامەکانی بەم ناونیشانە بەهاوکاری (دەزگای مام) چاپ کراوەتەوە:

–چرای ڕێی خەبات، کۆکردنەوە: جەمال لۆلۆ، 2026.

٢١–بۆنمونە:

–جەلال تاڵەبانی: ڕاپۆرتی سیاسی، پەسندکراوی یەکەمین کۆنگرەی گشتی (ی.ن.ک)، ١/٢٧–١٩٩٢/٢/١٤.

–ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرەی دووەمی (ی.ن.ک)، سلێمانی، (شوباتی ٢٠٠١ز).

مام جەلال.. پێشمەرگە و ئەندازیارێ هەڤسەنگیێ و کاریزمایێ دیپلۆماسیەتا کوردی

دێوالی روستینکی - بەرپرسێ بەشێ تێکۆشەرێن دێرین / مەڵبەندێ ٤ێ دهـۆك

د دیرۆکا گەلان دا، هندەک کەسایەتی هەنە کو سنورێن دەم و جهی دەرباز دکەن و دبنە بەشەک ژ ناسنامە، ئیرادە و بیردۆزا ڕزگاریخوازیا مللەتێ خـوە. دیـرۆکا نـوی یـا کوردستانێ و عیراقێ بێی بەحسکرنا ناڤ، خەبات و کارنامە و کاریزمایا پرشنگدار یا سەرۆک (مام جەلال) یا پڕی کێماسییە و لاوازییەکا مەزن د تێگەهشتنا هەڤسەنگیا سیاسی یا دەڤەرێ دا دیار دبیت. مەها ئۆکتۆبەر نـەک بتنێ مەهەکا ئاساییە د سالنامەیا کوردان دا، بەلکو بیرهاتنا وەغەرکرنا سەرکردەیەکییە کو شیابوو ژ خەباتا پێشمەرگاتیێ ل چیای و سەردەمێ شوڕەشێ هەتا دگەهیتە ڕۆلێ سەمبولا ئێکڕێزیێ، ئەندازیارێ هەڤسەنگیێ و پرێن لێکتێگەهشتنێ د ناڤبەرا تەڤایا پێکهاتە و هێزێن جودا دا ببینیت. ٣ێ ئۆکتۆبەرا ٢٠١٧ێ نەک بتنێ وەغـەرا دوماهیێ یا کەسایەتییەکێ سیاسی بـوو، بەلکو دروستبوونا ڤالاهییەکا کوور و مەزن بوو د دیمەنێ سیاسی یێ تەڤایا ڕۆژهەلاتا ناڤین دا.

سەرۆک مام جەلال داینەمۆیێ بزاڤا ڕزگاریخوازا کوردستانێ، هەر ژ دەستپێکا ژیـانـا گەنجاتیێ و د ژیـێ چـوارده سالێی دا ل سالێن چـلان یێن چەرخێ بوری، وەکو هەڵبەستڤان، بەلاڤۆکنڤیس و تێکۆشەرەکێ چالاک د ناڤ ڕێزێن قوتابیان و لاوان دا دەست ب خەباتا ڕێکخستنێ کر و ب بـاوەریـا خـوە یـا موکم ب مافێن ڕەوا یێن گەلێ خوە، چوویە ناڤ ڕێزێن خەباتا مەیدانی. گەنجاتیا وی هەڤدەم بوو ب پێگەهشتنا هزری د ناڤ جەرگێ لڤینا نەتەوەیی دا، کو ب ژیریـیا خوە یا زوو پێگەهشتی شیابوو ببیتە سکۆلار و سەرکردەیەکێ کارامە د جڤاتێن ڕۆشنبیری و سیاسی دا. ژیێ وی یێ گەنجاتیێ نە بتنێ پڕی هەلپەرستی و گوڕوتین بوو، بەلکو ب زانست و خاندنا یاسایی ژی هاتبوو چەکدارکرن کو ڤێ چەندێ دیدگەهەکا کوورتر و گشتگیرتر دایە شیانێن وی یێن سەرکردایەتیێ.

پشتی هەرەس و شکەستنا شۆڕشا ئەیلوولێ د سالا ١٩٧٥ێ دا، د سەردەمەکێ پڕی بێ ئۆمێدی و تاریاتیێ دا کو دژمـنـان هـزردکر ئیرادەیا گەلێ کورد ب تەمامی شکەستیە، مام جەلال دگـەل هەڤالێن خـوە ژ نـاڤ ئـاگری و خۆلیێ شۆڕشەکا نوی دەستپێکر و دامەزراندنا ئێکەتییا نیشتمانییا کوردستانێ ڕاگەهـانـد. ڤێ پێنگاڤا دیرۆکی نەک بتنێ هیڤی بۆ جەماوەری ڤەگەڕاند، بەلکو قۆناغەکا نوی یا خەباتا پێشمەرگاتیێ و چەکداری ب شێوازەکێ جودا و پڕی باوەری دەستپێکر. مام جەلال وەک سەرکردەیەکێ ژیر، چـەکـداریێ سەنگەران و مەیدانی، د نـاڤ دۆڵ و کۆپێتکێن چیایێن کوردستانێ دا دژوارترین قۆناغێن پێشمەرگاتیێ دەربازکرن. قەهرەمانی و بیر و باوەرێن مام جەلال د پێشەنگیا سەنگەرێن بەرەڤانیێ دا ڕۆلێ فەرماندەیەکێ سەربازی یێ ژێهاتی دەستنیشان دکر و هەڤدەم د گەرماتیا ئەنجامدانا داستـان و نەبەردیا سـەربـازی دا، ئاراستەیێن ئالۆزێن دیپلۆماسی ژی ب ڕێڤەبرن و بوویە ئومێد و پشتەڤانێ هیڤیێن نەتەوەیەکێ د دژوارترین ڕۆژێن دیرۆکێ دا.

ئێک ژ خالێن جوداکەر و کاریزمایێن سەرۆک

مام جەلال، شیانێن وی ییێن بێ میناک بوون د دیپلۆماسیەت، دیالوگ و هونەرێ ئاخڤتنێ دا. وی ب ژیریا خوە دزانی چاوان لۆژیک، سنگفرەهی و دیپلۆماسیەتێ بکاربینیت بۆ نێزیککرنا نەیاران و ئاڤاکرنا هەڤپەیمانییێن ستراتیجی. ئەڤە بوو ئەگەرا هندێ کو تەڤایا دۆست و دۆژمنان حسابەکا گەلەک مەزن و تایبەت بۆ کەسایەتی، سەنگ و کاریزمایا وی بکەن؛ هەتا دوژمنێن کورد ییێن خودان سەربور ژی د حزووورا وی دا نەچار ببوون ب ڕێز و گرانیا سیاسی ڤە سەرەدەرێ دگەل بکەن و نێڕین و گۆتنا وی وەکو سەنگەکێ گران و ئێکلاکەر قەبول بکەن. ڤێ کاریزمایێ وەکر کو دەنگێ مەزڵومییەت و مافێن گەلێ کورد ژ چیا و سەنگەران ڤەگوهێزێت و بگەهینیتە قۆناغێن بلند ییێن بڕیاردانێ د ئاستێ هەرێمی و نێڤدەوڵەتی دا.

وەرگرتنا پۆستێ سەرۆک کۆماریا عیراقێ ژ لایێ سەرۆک مام جەلال ڤە د سالا ٢٠٠٥ێ دا، کو ئێکەم سەرۆک کۆمارێ کورد بوو د دیرۆکا وەلاتی دا، وەرچەرخانەکا دیرۆکی و بێ میناک بوو. کەسایەتییا وی د ڤێ پۆستی دا نەک بتنێ نوێنەرایەتیا مافێن ڕەوا ییێن کوردان کر، بەلکو ببوو چەترەکا ب هێز، دادپەروەر و جهێ باوەریا تەڤایا نەتەوە، مەزهەب و پێکهاتەییێن جودا ییێن عیراقێ. د دارشتنا دەستووورێ نوی یێ عیراقێ دا، د جێگیرکرنا ڤەوارەیێ فیدرالی یێ هەرێما کوردستانێ و پاراستنا ئێکڕێزی و سەڤامگیریا نیشتمانی دا، ڕۆلێ وی ئێکلاکەر ، بڕیاردەر و بنەڕەتی بوو. ناڤئینانا سەرۆک مام جەلال ب «ئەندازیاریێ هەڤسەنگیێ» نە ژ ڤالاهییێ هاتبوو؛ مام جەلال د زەحمەتترین، ئالۆزترین و مەترسیدارترین قەیرانان دا شیانێن بێ میناک ییێن چارەسەرکرنێ، ئارامکرنا سەڤایێ سیاسی و ئەمنی و ڤەکرنا گرێیان هەبوون، وی بەردەوام ئاشتی، دیالوگ و هەڤڤەبوولکرن ب ئامرازێ سەرەکی یێ ڕێڤەبرنا هەڤڕکییان دزانین.

وەغەرکرنا سەرۆک مام جەلال د دەمەکێ گەلەک هەستیار دا، ڕاستییەکا تاڵ و کوور ئاشکرا کر؛ کو پرکرنا جهێ کەسایەتییەکێ خودان کاریزما، ژیری و ئەزموونا وی کا چەند یا ب زەحمەت و مالوێرانکەرە. پشتی وەغەرکرنا وی، ڤالاهییەکا مەزن یا سیاسی د کۆڕبەندێن نیشتمانی، عیراقی و هەرێمی و نێڤدەولەتی دا دروست بوو، ب تایبەت د پرۆسەییێن ئالۆزێن بڕیاردانێ، چارەسەرکرنا ناکۆکیان و لێکتێگەهشتنا دناڤبەرا لایەنێن سیاسی دا. د سالیادا وەغەرکرنا شکۆیا نیشتیمان و کاریزمایێ مەزن دا، دیرۆک، خەبات، ژیری و خزمەتا سەرۆک مام جەلال وەک خواندنگەهەکا زەنگین، مۆزەخانەیەکا مەزنا تێکۆشانێ، دیپلۆماسیەت و سنگفرەهیێ د بیردۆزا گەلێ کورد دا بۆ هەمی دەمان زیندی دمینیت، و بیردانکا تەڤایا گەلێ کورد و گەلێن دەڤەرێ دئینیتەڤە, کو ڕێزگرتن، ژیری و ئێکڕێزی بهێزترین چەک دکەتە دەستێ نەتەوەیەکی بۆ گەهشتن مافێ چارەنڤیس, و ب ئیرادە و سەربلندیا مەزن.

د ڤێ سالیادا خەمگین دا، د حزووورا شکۆ و خەباتا وی یا مەزن دا، درود و سلاڤێن گەرم بۆ گیانێ پاقژ و مەزنێ سەرۆک مام جەلال روانە دکەین. ئەم سۆز و پەیمانا وەفاداریێ بۆ ڕوحا وی یا نەمر نوو دکەینەڤە، کو ب باوەریەکا موکم و ئیرادەیەکا پیلایی و ، بێ ڕاوەستیان لسەر ڕێبازا وی یا پیرۆز بەردەوام بین؛ ئەو ڕێبازا کو خوین، ماندیبوون و ژیێ خوە بۆ ئاڤاکرنا وێ بەخشین؛ ڕێبازا کوردایەتییا ڕاستەقینە، ئاشتیخوازی، تەبایی، ئێکڕێزی و پێکڤەژیانا هەمی پێکهاتەیان. مام جەلال نە بتنێ سەرکردەیەک بوو، بەلکو خواندنگەهەکا هەتا هەتایی یا کەرامەت و سەربلندیا نەتەوەیەکییە، و چرایێ ڕێبازا وی د دەستێن مە دا دێ بەردەوام گەش و بلند مینیت.



خەونە شاعیرانەکەی مام جەلال

میران عەبدوڵڵا محەمەد

مێژوو دایکی هەموو زانستەکانە و زانینی مێژوو پێویستیی هەر تاکێکی هۆشیار و پێگەیشتووە. یـۆهـان ڤـۆلـفـگـانـگ ڤـۆن گـۆتـە (nnahoJ ehteoG nov gnagfloW) دەڵێت: «ئەوەی نەتوانێت حسابی سێ هـەزار ساڵی ڕابـردووی خۆی بکات (لێی تێنەگات)، لە تاریکیدا بێئەزموون دەمێنێتەوە و تەنها ڕۆژ بە ڕۆژ دەژی.» لە ڕوانگەی ئـەوەی مـرۆڤ کیانێکی کۆمەڵایەتییە و بـۆ پێکەوەبوونیش کەسی زانـا و پێشەنگ (سەرکردە) پێویستە تاکو هەمووان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، بە مەبەستی تێپەڕاندنی کۆسپ و تەنگەژەکانی ژیان.

سەرکردە زۆرن، بەڵام هەندێک سەرکردە هەن کە سەرکردەی مێژوویی و هەتاهەتایین؛ لە ژیان نەماون، بەڵام ڕەوت و ڕێبازی ژیانیان هەتاکوو ئێستا بەردەوامە و خەڵک پێوەی پابەندە؛ وەک پێغەمبەرەکان لە کەسایەتیی حەزرەتی محەمەد، عیسا و موسا، و هەندێک لە بیروباوەڕەکان وەک بودا، زەردەشت، سوڵتان ئێسحاق و هتد.

لەم ڕوانگەیەوە، لە وڵاتی خۆمان کوردستاندا، زۆرێک سەرکردەی سیاسی و نیشتمانی سەریان هـەڵداوە کـە تـا ڕۆژی ئـەمـڕۆ نـاو و ڕەوت و ڕێبازیان بە پیرۆزی ماوەتەوە؛ وەک دیاکۆ، مانی، کیاکسار، شێخ سەعیدی پیران، سەید ڕەزای دەرسیمی، قازی محەمەد و هتد.

لە مێژووی کوردستان، بەتایبەت سەدەی بیستەم، ئەو ناو و کەسایەتییە کوردانە بەهۆی نوێبوونی ئـەم مێژووە و ئامرازەکانی تۆمارکردنیانەوە نـاسـراون. بـەڵام بـەداخـەوە، بەهۆی ئەو دۆخە سیاسی و پـەلامـارە درێـنـدانـەی دراوەتـە سەر نیشتمانی کـوردان وەک هاتنی ڕۆم، یۆنانی، عـەرەب، مـەغـۆل و هتد، جیا لـە کۆمەڵکوژیی درێندانـە، هەموو سـەرچاوە و بابەتە زانستی، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە کوردییەکانیان سووتاند و خـاپـوور کـرد. پـاش سـەپاندنی هەژموونی داگیرکەری خۆیان، دژایەتیی تەواویان کردووین بۆ سڕینەوەی شووناسمان بە پاساوی جیاجیا؛ وەک ئاین یان سیاسەت. بۆیە جۆرج سانتایانا دەڵێت: «ئـەوەی مێژوو نەزانێت، مەحکومە بە دووبارەکردنەوەی.» یان دەڵێن: «ئەمڕۆمان لە مێژوودا شاراوەیە و مێژووش لە ئەمڕۆماندا.»

کـورد هـەزاران ساڵە لە جوگرافیایەکی بەپیت و بەرەکەتی نێوان دوو ڕووبـارەکـەدا دەژیت و بە نـازناوی جیاجیا لە مـێژوودا باسکراوە، بـەڵام زیاتر لە هـەزار ساڵە لە کاتی زاڵبوونی عوسمانییەکانەوە تاکو ئێستا بە «کوردستان» دەناسرێت. لە پەیمانی قەسری شیرین لە نێوان سەفەوی و عوسمانی لە (١٧)ی ئایاری (١٦٣٩) تاکو پەیمانی لۆزان لە (٢٤)ی تەممووزی (١٩٢٣)، ئـەم کوردستانە پارچەپارچە کرا و لە نێوان چەندین وڵاتدا، بەدوور لە ناسنامە و قبوڵکردنی کورد وەک کیان و پێکهاتەیەکی ڕەسەن، نکۆڵیی لێ کرا و «ماڵ لە خاوەن ماڵ بێگانە بووە...!»

بەهۆی ئەمەشەوە شۆڕشی زۆر کران و زۆرێک لە مرۆڤە جوامێر و تێکۆشەرەکانی کوردستان لـەم ڕێگەیەدا گیانی پیرۆزیان فیدا کـرد. لەم پێناوەشدا زامی ئەنفال، کیمیاباران، قەڵاچۆکردن و ڕاگواستنەوەی زۆرەملێی بەسەردا سەپێنرا بۆ ئەوەی نەبێت بە خاوەنی کیان و ناسنامەی خۆی. لە پاش ئاشبەتاڵی (١٩٧٥) و ڕێککەوتنی (٦)ی

ئاداری جەزایر، و لە پاش وتەی مەلا مستەفا بارزانی: «کار من تمام است» واتە «کاری من تەواو بوو»، ڕەوانشاد سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی بوو بە هەڵگیرسێنەرەوەی شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتی و تێکۆشانێکی کەموێنە، و لە ڕۆژگاری بێهیواییدا بوو بە مەشخەڵی ئومێد، گیانی کردە بەر جەستەیەکی مردوو و هیوا و ژیانی پێ بەخشی. دوای مێژوویەک لە قارەمانێتیی مەفرەزە سەرەتایی و پارتیزانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پێدەشتە کاکیبەکاکییەکانی گەرمیان و شاخ و دۆڵ و دارستانەکانی نیشتمان، چۆکیان بە ڕژێمی بەعسی ڕووخاودا. دەرئەنجامی ئەم مێژووە تراژیدییە هەموان دەزانن، و پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی (٥)ی ئاداری (١٩٩١) و ڕووخانی بەعس، هەرێمی کوردستان بوو بە فەکتێکی (ڕاستییەکی) حاشاهەڵنەگر. ئەم هەرێمەش تاکو ئێستا دژایەتیی دەکرێت بۆ لەناوچوونی.لێرەدا دەمەوێت باسی ڕۆڵی سەرکردە و کەسی کاریزماتیک بکەم بۆ ئەوەی وەک کەشتیوانێکی چاوکراوە و زانا، ئەم کەشتییەی کوردان وا لە هەر لایەک تووشی تەوژم و تۆفان بووەتەوە، بباتە کەناری ئارامی. لە دوای (١٧)ی کانوونی یەکەمی (٢٠١٢) لە بەغدا، سەرۆک مام جەلال تووشی نەخۆشی بوو و کۆچی دواییی لە ڕۆژی (٣)ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٧)دا ڕووی دا؛ عێراق و کوردستان تووشی بۆشاییەکی زۆر بوونەوە. ئەو بۆشاییەمان لە شەڕی داعش، دەرئەنجامی ڕووداوەکانی (١٦) ی ئۆکتۆبەر و لاوازیی پێگەی کورد لە عێراق و ناوچەکەدا لێکەوتەوە. ئێستاش بەهۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم لەوپەڕی لاوازیدایە، لایەنێک بە سەپاندنی هەژموونی تاکەلایەنەی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستاندا، مان و نەمانی ئەم کیانە و ئەو هەموو قوربانی و خۆنەویستیی میلەتێک لە چاوەڕوانیی هاتن و نەهاتنی مووچەدا قەتیس کردووە و هەموو هەرێمی کوردستانی هێناوەتە ئاستی شارەدێیەک...؟!

بۆیە ئەم بۆشایی و لاوازیی پێگە و بەڕێوەبردنی کورد لێرەوە بەدی دەکرێت کە لە هەرێمی کوردستان بۆشاییی سەرکردە و کەسی کاریزمامان هەست پێ دەکرێت. وەک دەگوترێت، سەرکردە و کەسی پێشەنگ لە کاتە هەستیارەکاندا توانای دووربینی و بڕیاردانی یەکلاکەرەوەی هەیە بۆ ڕزگاربوون لەم جۆرە قەیرانانە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە، ئاماژە بە ڕووداو و قۆناغێکی هەستیار دەکەم لە کاتی بوونی ڕەوانشاد سەرۆک مام جەلال؛ کە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشدا لەگەڵ مەحموود ئەحمەدینەژاد (سەرۆککۆماری ئەوکاتەی ئێران) دوای کۆبوونەوەیەکی فەرمیی نێوانیان لە مانگی ئەیلوولی (٢٠٠٦) لە شاری تاران، پایتەختی ئێران، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە خواستی کورد بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی، مام جەلال لە وەڵامدا وتی: «سەربەخۆیی کوردستان مەحاڵە و خەونی شاعیرانەیە» (به عەرەبی: حلم شعراء / الاستقلال مستحيل).


ئەم لێدوانە لە ڕووی ڕووکەشی و هەستی نیشتمانییەوە وتەیەکی ناخۆش بوو و بگرە هەندێ کەس یاخود لە دڵسۆزی یان بەهۆی تێنەگەیشتنی قوواڵ لەم لێدوانە، پێی بێتاقەت و زوێر بوون. بەڵام هەندێ کەس و لایەن بە زانست و ئەنقەست ناوڕۆکی قووڵی ئەم لێدوانەیان بەلاڕێدا برد و دەستیان کرد بە پەلامار و ڕەشکردنی کەسایەتیی ڕێزدار مام جەلال.

کەسایەتیی سەرکردەی کاریزما و ستراتیژی ئەوەیە کە بە قووڵی لە بابەت و ڕووداوەکان دەڕوانێت. مام جەلال لەو کاتەدا لە پێگەی «سەرۆککۆماری عێراق»دا بوو و ئەبوو ڕەچاوی ئەو خاڵەی بکردایە؛ چونکە تەنها نوێنەری کورد نەبوو و بە هەڵسەنگاندنی واقیعی سیاسی و جوگرافیایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی ناوچەکە (ئێران، تورکیا، سووریا و

عێراق) دەیزانی ئەوکات دەوڵەتانی ناوچەکە ڕێگە بە دروستبوونی دەوڵەتێکی لەو شێوەیە نادەن، بەڵکو گەمارۆی دەخەنە سەر و ڕووبەڕووی پیلان و پەلاماری قورسی دەکەنەوە. دژایەتییەکەیان تۆختر دەکـرا و بێ هیچ ئەنجامێک دەبـووە مایەی کۆمەڵێک کاردانەوەی نەرێنی و خراپ بۆ سەر کورد و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی. ئێستا لێرەدا ئاماژە بە بۆشاییی سەرکردەی کاریـزمـا و دووربـیـن دەکـــەم، وەک ئـەوەی بینیمان لە ڕووداوەکـانـی ڕیفراندۆمدا بەهۆی قوواڵنەبوونەوە و کاردانەوەی کاتی یان هاندانی هـەندێک لـە دەوڵـەتـان و بـەناو ڕاوێـژکـارانـی ســەرکـردەیـەک، کـورد بـەبـێ شـرۆڤـەکـردنـی دۆخی ئەو کاتەی کوردستان و ناوچەکە و بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی کرچوکاڵ، هەرێمی کـوردسـتـان، پێگەی کـوردی و گـەلـی کـوردی تووشی چ شڵەژان و ماڵوێرانییەک کرد و بووە هۆی دۆڕاندنی ناوچە کورستانییەکانی دەرەوەی هەرێم؛ و لە کۆتاییشدا بەدوور لە قسەکەی خۆی بەڕپرسیارێتیی ئەم هەنگاوەی هەڵنەگرت و لە پێگەیەکی لاوازدا وتـی: «تەمەنا دەکـەم بەڕێز عەبادی دەرگـای حیواد (گفتوگۆ) دانەخات»!؟ ئـەوەی جێگەی تێڕامانە ئـەوە بـوو ڕووداوە تاڵ و ناخۆشەکانی ڕیفراندۆمە کرچوکاڵەکەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی نەبوونی سـەرکـردەی کاریـزمـا و ستراتیژیکی دووربینەوە بوو، وا بووە هۆی ئەوەی دەبابەی سوپای عێراقی بچێتە سەر سنگی پێشمەرگەی قارەمان و ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە و شەهیدیان بـکـات. هـەنـدێ کـەسـی نـابـەڕپـرسـیـار، بـەنـاو ڕاوێژکار و کەسانی بازرگان بە هاندانی کاک مەسعود بـارزانـی ئـەم هەنگاوەیان بە بـاش و بوێرانە سەیر دەکرد کاتێک وتی: «مـادام ئێوە حیساب بۆ دەستوور و بۆ ئێمە ناکەن، ئێمەش ئیتر هیچ حیسابێکتان بۆ ناکەین و حیساب بۆ بڕیارەکانتان ناکەین». بـەڵام لە ڕاستیدا ئەمە پلان و ساحەیەک پڕ لە ئەڵغام بوو کە بەڕێز بـارزانـی (سـەرۆکـی پـارتـی) و ڕاوێژکارەکانی نـەیـانـبـیـنـی و دەرئـەنـجـام بینیمان هـەرێمـی کوردستانی تووشی چ ماڵوێرانییەک کرد و پێگەی کوردی لە عێراق و کوردستان گەیاندە کوێ؟! بـۆیـە ســەرکـردایـەتـی بـەئـاسـانـی نـایـەت و خـــاوەن کـۆمـەڵـێـک تـایـبـەتـمـەنـدیـیـە کە ئـامـاژە بـە هـەنـدێـک لـە خـاڵـەکـانـی دەکـــەم: ســەرکـردە دەبـێـت کاریـزمـا بێت، واتـە خـاوەن کەسایەتی، زانست و دووربینییەک بێت کە لە کەسی ئاساییدا نابینرێت بۆ ڕووداوەکـــان و جۆری ڕووبەڕووبوونەوەیان؛ وەک مام جەلال کە وتی: «دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانەیە». ئەمە نەک دژایەتیی ماف و داواکارییە ڕەواکانی گـەلـی کـورد بێت، بەڵکو پێگەی دووربـیـن و قووڵبینینی سەرکردە مام جەلال پیشان دەدات کە کـات، سـات و شوێنی ڕووداوەکـە دەبینێت و دەزانێت چۆن لێدوان بدات بۆ ئەوەی توانی نەیارانی گەلی کورد بێدەنگ بکات. ئەگەرچی هەموو ڕاستییەکانی ژیان لە پرسیار، بیرۆکە، خـەون و خـیـاڵـێـکـەوە دەسـت پـێ دەکـــەن تا دەگـەنـە ئـەنـجـام، وەک چـۆن خـەون و خیاڵی مرۆڤ بۆ فڕین بوو و پاشان گەیشتە ئەنجام. ســەرکـردە دەبـێـت پێگەیشتوو بـێـت، واتـە بـە تێکۆشان و ڕەنـجـی خـۆی پـێ بگـەات نـەک بـە هـۆز، خێڵ و عەشیرەت. ســەرۆک مـام جـەلال هـەر لە کاتی منداڵییەوە کەسێکی ئازا، بلیمەت و واقعبین بوو، و لەو نووسراوەی لەسەر نەورۆز لە پێش کۆنسوڵخانەی بەریتانیا و دەسەڵاتدارانی خۆجێیی کۆیە بۆ نەورۆز نووسیبووی، کاریزما، بلیمەتی و پێشەنگیی خۆی نیشان دا.

سەرکردە هیچ کات لە کاتی ئاساییدا دەرناکەوێت، بەڵکو لە کاتی کۆسپ، نەهامەتی و بێچارەییدا دەبێتە مەشخەڵ و چرای ڕووناکی. بۆیە مام جـەلال لـە کـاتـی هـەرەسـی شـۆڕشـی کـورد و نائومێدیدا بوو بە پێشەنگ و چرای تێکۆشانی

شۆڕشی نوێ.
سەرکردە خۆسەپێن و خۆبەزلزان نییە، بەڵکو دڵنزمە و ئامادەیە بۆ هەر ڕا و بۆچوونێکی جیاواز. بۆیە کاتێک مام جەلال بوو بە خاوەن پێگە و دەسەڵات، پارکی ئازادی و سکۆی ئازادیی بنیات نا بۆ ڕاوبۆچوونی ئازاد و وتی: «سەرەتا لە منەوە دەستی پێ بکەن». هیچ کەسێک لەسەر ڕا و بۆچوونی جیاواز زیندانی نەکرد یان لەناوی نەبرد. سەرکردە سنوور و ناوچە ناناسێت و ڕەهەندی نیشتمانی لە پێشینەیدا بووە. بەردەوام پشتیوانیی شۆڕشی کورد بووە لە پارچەکانی تری کوردستان و دەبینین نەک نەبووە بە کۆسپ و هێز بۆ نەیاران، بەڵکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ڕابەرایەتیی ڕەوانشاد مام جەلال لە پارچەکانی تریش شەهیدی پێشکەش بە دۆزی ڕەوای کورد کردووە. سەرکردەی پێگەیشتوو ئەوەیە کە نەک تەنیا لە پارچەیەک و وڵاتێک، بەڵکو بۆ هەموو گەلەکەی لە هەر کوێی ئەم دونیایەدا تێبکۆشێت. وەک ئەوەی بینیمان بۆ دۆزی کورد لە باکووری کوردستان و وڵاتی تورکیا، بوو بە کۆتری ئاشتی لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان (KKP) و دەوڵەتی ئەوکاتەی تورکیا، و لە نێوان ڕێزداران عەبدوڵڵا ئۆجەلان و تورگۆت ئۆزالدا وەک کۆتری ئاشتی ڕۆڵی هەبوو. ئەگەرچی بەداخەوە لەو کاتەدا بە کۆژرانی ئۆزال نەگەیشتە ئەنجام، بەڵام ئەوەتا ئێستا لە (٢٠٢٦)دا ئەم پرۆسەیە بە کەڵکوەرگرتن لەو هەنگاوە ستراتیژییەی مام جەلال گەیشتووەتە قۆناغێکی هەستیار؛ وەک چوونی شاندی سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (KKP) بۆ زیندانی ئیمرالی لای ئۆجەلان و ئەوەی لە پەرلەماندا یاسای بۆ دەردەخەن. سەرکردە ئەو کەسەیە کە دۆست و نەیار لە بەرامبەریدا ڕێز و حورمەتیان هەیە و ئەویش لە بەرامبەر ئەم ڕێزەدا هیچ کات یاری بە چارەنووسی گەلەکەی ناکات و لە بەرامبەر دژایەتییەکاندا بە بەڵگە پێگە و بوونی کورد دەپارێزێت. لە مانگی شوباتی (٢٠٠٤) لە کۆبوونەوەیەکی فەرمیی ئەنجومەنی حوکمی عێراق لە بەغدا، لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر نووسینەوەی «یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە» (LAT) و دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان و پێگەی کەرکووک، ژمارەیەک لە سەرکردە عەرەبە سوننە و شیعەکان و تورکمانەکانی ناو ئەنجومەنی حوکم دژایەتیی تونديان دانان بە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی بوونی کەرکووکیان وەک بەشێک لە خاکی کوردستان دەکرد؛ تەنانەت دەیانوت چەمکێک بەناوی «کوردستان» لە ڕووی مێژوویی و یاساییەوە



مام جەلال

لە سنووری دەوڵەتی عێراقدا بوونی نەبووە.

پیشاندانی نەخشە: مام جەلال تاڵەبانی لە وەڵامی ئەواندا، نەخشەیەکی کۆنی سەردەمی عوسمانیی دەرهێنا (کە نەخشەی فەرمیی دەوڵەتی عوسمانی بوو و لە ئەستەنبوڵەوە دەستی کەوتبوو) و لەبەردەم هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم و پۆڵ بریمەر (حاکمی مەدەنیی ئەمریکا) ڕایخست. مام جەلال ڕوو لە ئەندامانی ئەنجومەن وتی: «ئەمە نەخشەی ئێمە نییە، نەخشەی دەوڵەتی عوسمانیی

خەلافەتی ئیسلامییە کە ئێوە پێی سەرسامن، تەماشای بکەن ناوی کوردستان و سنوورەکانی چۆن لە سەردەمی عوسمانیدا چەسپێنراون.» لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم ئەمڕۆ کوردستان، ناوچەکە و جیهان ڕووبەڕووی قەیرانێکی گشتگیر بوونەتەوە و هەر وڵاتێک خاوەن پلان، پڕۆژە و پەیوەندی بێت، دەتوانێت بەپاراستنی یەکڕیزیی ناوخۆیی خۆی لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکاندا خاوەن جێگە و پێگە بێت؛ وەک کوردەواری دەڵێت: «بڕا لە پشت بڕا بێت، قەزا و بەلا لای خوا بێت». ئەم خاڵەش تەنها بە کەسێک دەکرێت کە سەرکردە بێت و ڕۆڵی باوکی هەبێت بۆ ملەتەکەی و خۆی تەرخان بکات لە پێناو دەستەبەرکردنی داهاتووی گەلەکەی. بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا هەرێمی کوردستان خاوەن ئەو کەسەیە لەم کاتەدا؟ ئایا هەموو ڕۆژێک ناوەستێت و بۆ لای هەموو لایەنێک دەچێت و لە دەرگای هەموو ماڵێکی کورد دەدات؟ سەرۆک مام جەلال بەتایبەت لە قۆناغی شەڕی ناوخۆدا بەتەنیا ڕووی دەکردە بەر دەرگای (حەمایل خان)ی دایکی کاک مەسعود لە پێناو نەڕشتنی خوێنی زیاتر و بەرقەرارکردنی ئاشتەوایی. ئایا لەم دۆخەی کە ئێستا (٢) ساڵە حکومەت پەکی کەوتووە، شەخسی کاک مەسعود هەوڵ و تەقالای داوە بۆ پێکهێنانی بۆ ئەوەی پێگەی کورد لەمە زیاتر دانەبەزێت؟ لە بەرامبەر لاوازیی پێگەی کورددا چەند جار سەردانی لایەنەکانی هەرێم و عێراقی کردووە و نەهێشتووە خوێنی هەزاران شەهید بەفیڕۆ بچێت؟ چەندە شەڕی دەستووری و زانستی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە کردووە؟ چەند جار بینیومانە بۆ دۆزی کورد سەردانی سیاسی و دیپلۆماسی بکات و کێشە و تەنگەژەکان بە زمانی دیالۆگ و گفتوگۆ چارەسەر بکات؟ بەڵێ، ئەمانە و سەد پرسیاری تر بۆشایی و نەبوونی ڕەوانشاد سەرۆک مام جەلالمان پێ نیشان دەدەن. بۆیە لێرەوە داواکارم لە هەموو لایەنەکان، بەتایبەت بەڕێز «مەسعود بارزانی» (سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان) کە تەنها سەرکردە دیار و بەتەمەنی کوردە کە لە ناو ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم و بیست و یەکەمدا ژیاوە، بە ڕۆڵی خۆی هەستێت و ئەو دەرفەتانەی لە هەموو بوارەکانی پەیوەندی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، لۆجستیکی و هەمەلایەنەدا لەبەردەستیدایە، وەگەڕی بخات. لەم بارودۆخەدا خۆی و حزبەکەی گەورترین بەرپرسیارییەتییان لە ئەستۆیە. لە ناوەندی بڕیاردا کە هەولێرە و بە ڕەزامەندیی سەرۆک مام جەلال کرا بە پایتەخت، نابێت تاکەلایەنە قۆرخی بکەن و لە بەرامبەر کەموکوڕییەکاندا دەبێت قبوڵی بەرپرسیارێتی بکەن؛ هەولێر دەبێت پایتەختی هەموو لایەن و تاکێکی کورد بێت. بۆیە دەبێت لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا برایەتی و شەراکەتی ڕاستەقینە پەیڕەو بکات و لە بەرامبەر هەنگاوە بوێر و داواکارییە ڕەواکانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرۆک «بافڵ جەلال تاڵەبانی»، دەستی برایەتی بهێنێتە پێش. وەک ئەوەی سەرۆک مام جەلال هیچ هەنگاوێکی بێ پارتی نەدەنا، دەبێت کاک مەسعودیش ئەم ڕاستی و پێویستی و برایەتییەی مام جەلال لە بیر نەکات و سەرکردایەتیی ڕاستەقینە پەیڕەو بکات، چونکە گەلی کوردیش ئەوەی دەوێت. ئەمڕۆ لە قۆناغی دیزاینی سەدەی داهاتووی ناوچەکە و کوردستاندایین؛ لەم قەیران و تەنگەژەی ناوچەکە و جیهاندا خۆمانی بۆ ئامادە نەکەین، ڕەنج، ماندووبوون، خوێنی هەزاران شەهید و ڕەنجی ملیۆنان تێکۆشەر و گەلی کورد بەگشتی لەناو دەچێت و ئەو خەونە شاعیرانەیەی مام جەلال کە ئەمڕۆ لە هەر ڕۆژێک نزیکترە بۆ دەستەبەرکردنی، بۆ سەدەی تریش وەک خەون لە میشکی تاکی کورددا دەمێنێتەوە و دوور نییە کورد بەرەو ئاشبەتاڵێکی تر بڕوات.



چارەکە سەعاتێك لە ژیانی مام جەلال


مامۆستا جەعفەر

لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٧٨ دەنگوباسی تێکشکانی (حەملەی هەکاری) لە سەرچاوەی جیاجیاوە دەگەیشتن، تەنیا ٣٦پێشمەرگە مابوینەوە، نان و خۆراکمان نەمابو، هەمو چرکەیەک مەترسی هێرش و لەناوچونمان لەسەربوو.



مام جەلال، مامۆستا جەعفەر

دۆڵ بلوێرەوە بەرەو (دۆڵەنێ) زەردەپەڕ ، سەرکەوتین، بەرە بەرە تاریک داهات، لە ناوەڕاستی رێگادا، سەهۆڵبەندانی سەدان ساڵە وەکو ئاسن بەستبوی، هەرچۆنێک قاچت دانابا دەخزای، سەرماکەی سەرما نەبو، سەرمای سیبریا بو، داروبەرد بەستبوی، چاو چاوی نەدەبینی، هەمومان وەکو شەقشەقە هەڵدەلەرزین، رێگاکە کوێربببوەوە، خوارەوە هەڵدێرێکی هەزار بە هەزار بو . بنی شیوەکە نەدەبینرا، کاک سامان گەرمیانی ، عادل شوکر، قادر خەبات، کامەران عارف پێنجوێنی، فاخیر کەرکوکی، سەلاح چاوشین ، رەنجە ، ئاوات عومەر ، مارفی برازای عەلی بچکۆل، ئەحمەد ، رەسوڵ ... بە نوکی حەربە و قۆناخی تفەنگ شوێنپێیان لە سەر سەهۆڵەکە، بە تۆپزی هەڵدەکۆڵی، وەکو میرولە دەڕۆیشتین، دو کەسی بەهێز ئەملا و ئەولای مام جەلالیان گرتبو، هەرکەسێک لە دوندی شاخ و ماهان ترازابا، هەپرون هەپرون دەبو، باڵیشی لێ روابا، هاتنە سەرەوەی خەیاڵ بو ئەو ٥٠٠ مەترە سەما لە نێوان مەرگ و ژیان بو. ترازانێک رەنگە مێژوی یەکێتی بە باریکی تردا گۆڕابا!



لاپەڕەیەک لە مێژووی جەنابی سەرۆک مام جەلال لە شۆڕشی نوێدا

حەمە سنگری

وەک هەموو لایەک ئاگادارن دوای ئەنفالەکان لەساڵی ١٩٨٨ بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چووە گوندەکانی شێنێ، زەڵێ، خڕی ناوزەنگ، توژەڵە و قاسمەڕەش، مەڵبەندەکانیش لەسەر ئەو سنورە بستۆکەی دوژمن ناوی ناوە «سنور» جێگرکران، ئەوکات بەندە لە تیپی ٣٥ی کوڕە کاژاو بووم سەر بە مەڵبەندی یەک، بارەگاکەمان لەگوندی دزڵی بوو لەسەر سنور، تاوەکو بەهاری ساڵی ١٩٨٩ بە نقڵ گەڕامەوە بۆ تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون سەر بەمەڵبەندی دوو، لەگوندی بلەکێ، دوای دابڕانێکی زۆر لەگەڵ برادەرانی تیپی ٤٧ بەیەک شاد و شکور بوینەوە، کە ڕۆژگارێکی زۆر لە سنووری ئەو تیپە بەیەکەوەبوین، کە چەندین کادیر و فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمان و دڵسۆز بەبێ نازی کۆبوونەوە. چاوەڕێی ڕۆژگار و فرمانیان دەکرد.

ئەوەی لەبیرم مابن هاوسەنگەرەکانم لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون ئەم جوامێرانە بوون، کاک ڕزگاری کەریم باقی، کاک سالاری شێخ عمر، هاوڕێ نوری، شەهید مام بکر گەورەدێی، شەهید شەوکەت کانی مێوی، شەهید عمر ناسراو بە کاک هیوا، کاک احمد باڵخێی، وەستا سالح گاپیلۆنی، مام بکر گاپیلۆنی، کاک بورهان، کاک سلاح لیوا عشرین، کاک سۆران، کاک عبدالا، کاک دلێر کاک عبدالله مالومەیی، کاک کەمال عارف مام زۆراب. زۆر بەداخەوە ناوی هەموویانم لەیاد نەماوە، زۆر داوای لێبوردنیان لێ دەکەم دەبێ بەگەورەی خۆیان بم بەخشن. دوای قسەو باس و گۆڕینەوەی بیروڕا، من وتم بۆیە هاتوومەتەوە بۆ ئەم سنورە دەمەوێ بچمەوە سنوری خۆمان بۆ پارتیزانی جا نازانم چۆن دەبێت، زۆربەیان ئامادەیی خۆیان نیشاندا وتم باشە من دەچمە سەرکردایەتی بزانم ڕەئی ئەوان چۆنە چی مان بۆ دەکەن، زۆربەیان وتیان زۆرباشە چاوەڕێی تۆ دەکەین بەخوا هەندێک لەبرادەران گاڵتەیان پێ دەکردین دەیان وت ماوتانە ئاقاڵبن، ناحەقیان نەبوو وەزعمان زۆر خراپ بوو لەڕووی ئیداریەوە مقرەکان خواردنیان زۆر کەم بوو ڕژێمی بەعسیش پەیتا پەیتا عافواتی دەردەکرد هەمو کەسی عافووکرد بوو تەنها جەنابی سەرۆک مام جەلال نەبێ عافوو نەبوو.

تاوەکو دەهات وەزعمان خراپتر دەبوو، کادیر و فەرماندەو پێشمەرگەکان زۆر بێتاقەت بوون، هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. فێرنەبوو لەمقەڕا بکەون، مخابەراتی عێراق و ئێرانیش هەر ڕۆژە ئیدیعایەکیان بڵاودەکردەوە دەوترا ئۆردوگای سەربازییمان بۆ دەکەنەوە دەبێت ٢٥ کیلۆمەتر بچینە قولایی ئێرانەوە یان لەسنوور دوربکەوینەوە، لەوانەیە لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئاڵۆگۆڕمان پێ بکەن، ئەمە هەمووی

قسەی ڕۆژانەبوو، جەنابی سەرۆک مام جەلال لەدەرەوەی وڵات بوو، دەچویتە لای هەر بەرپرسێک هیچ جوابی پێ نەبوو، هەرئەیوت ئەگەر تەسلیم بوونەوە خیانەت مەکەن، زۆریش پێیان خۆش بوو پێشمەرگە هەڵگرت و وتی ئەم مێژووەش تۆماردەکەم زۆر سوپاس بۆ هەڵوێستی خۆتوو هاوڕێ کانت، زۆری بەشانوو باڵدا هەڵدانین و وتی لەدەستپێکردنەوەی سەرەتای شۆڕشی نوێدا ئەو سنورەی ئێوە دەست پێشخەربوون بۆ



مام جەلال لە وتارێکدا باس لە ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین دەکات - گوندی گەنمان لە نێوان گوندی ئارمندە و بلەکێ ١٩٨٩/١٠/٩

تەسلیم ببنەوە بۆ ئەوەی سەریان سوک بێت، بەشێکیان لەبەر مام جەلال و کاک نەوشیروان نەیان دەوێرا دەنا دەچونە دەرەوەی وڵات.

چوم بۆ سەرکردایەتی لەقاسمەڕەش، چوومە لای کاک نەوشیروان مستەفا کە چوم جلەکانی دەشۆری وەک دەڵێن پشیلە شۆری کردبوون هەڵی ئەخستن، دوای سەلام و کەلام و چاخوارنەوە مەوزعەکەم لەگەڵ باسکرد وتم هاتوو بۆ خزمەت جەنابت ئێمە کۆمەڵێک پێشمەرگەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروونین، هەموشمان کوڕە لادێین خۆمان ڕێکخستوەتەوە و دەمانەوێت وەک پارتیزان بچینەوە سنوری خۆمان لەگەڵ برادەرانی ڕەتڵی سورداشی دریژە بە خەباتی خۆمان بدەین، یەکسەر قەڵەمەکەی ڕاستکردنەوەی باری گڵاوی شۆڕش، ئەوە ئێوەش دریژە پێدەری خەباتی خزمەکانی خۆتانن، بەڵام پەلەمەکەن مام جەلال لەم فەترەیەدا دێتەوە بزانین چۆن دەبێت، وتی خۆتان ئامادە بکەن مشوری ماڵ و منداڵەکانتان بخۆن، هەروەها وتی بریا خێزاندار نەبوونایە سەرتان سوکتر دەبوو. کاک نەوشیروان لە دریژەی قسەکانیدا وتی، بەکاک غەریب هەڵەدنیم وتووە جێگایەکەم بۆ چاک بکەن و منیش دێمە لای ئێوە، زۆرباس و خواسمانکرد، منیش بەناوی خۆم و برادەرانەوە زۆر سوپاسیم کردو خواحافیزیم لێکرد، کەوتمە گەڕان بەناو سەرکردایەتی کۆمەڵێک پێشمەرگەی هاوڕێم بینیەوە، لەگەڵ هەندێک بەرپرسی تر هەمویان چاوەڕێی جەنابی سەرۆک مام

جەلال بووین، ڕۆژی دواتر گەڕامەوە بۆ لای برادەران سڵاو و ڕێزی کاک نەوشیروانم پێ ڕاگەیاندن، باس و خواسم بۆ برادەران کرد و وتیان، زۆرباشە چاوەڕێ دەکەین، هەمو ئەو برادەرانەی خێزانداربوون گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، من ماڵەکەم لە ئۆردوگای سەقز بوو، لەگەڵ ماڵی کاکەم و ئەوان ماوەیەکی زۆر بوو لەماڵەوە نەبووم، شەو زۆربەی برادەران و خزمان لێم کۆبونەوە، وەک دەڵێن (پیقەلەو برازا) هەزار و یەک پرسیار ڕووی تێکردبوم، وەزع زۆر نالەباربوو منیش بەوردی و بەورەیەکی بەرزەوە قسەم بۆکردن، وتم خۆتان دەزانن پێشینان وتوویانە تەنگانە بەری کورتە و سەبریش سیفەتی پێغەمبەرانە، ئەگەر سەبرت نەبێ دینت نوقسانە، خوا هەڵناگرێت هەموویان وتیان زۆرباشە بەیەکەوە دەژین و بەیەکەوە دەمرین، تەنها کاک کەمال عارف وتی ئەگەر لێم نەگرن من پێشنیارێکی خۆم هەیە خۆتان دەزانن لە ساڵی ١٩٨٢وە لەسەر ورگی ئێوەم و تەمەنم بەرەو ٤٠ ساڵ دەچێت تاوەکو ئێستا خاوەنی ژن و ماڵی خۆم نیم، دەچمەوە خۆم تەسلیم دەکەمەوە، بەڵکو بە باوکم مامەکانم ژن و ماڵم بۆ پێکبهێنن، هەمومان دڵمان پڕبوو بەڵام هیچ دەسەڵاتمان نەبوو قسەکەشی زۆر ڕاست بوو، بەڵام من وتم ئەگەر خوا تەمەن بدات دنیا زۆری ماوە ئەم ماوەیەش خۆت ڕابگرە بزانین چۆن دەبێت، ئێمەش لە خزمەتاین وتی زۆر باشە پێشینان دەڵێن، کەر نۆش بەرێ دەش دەبا لەگەڵ ئێوە دەبم.

زۆری پێنەچوو سەرۆک مام جەلال گەڕایەوە و دنیای شڵەقان و کەوتەوە کۆڕ و کۆبونەوە لەگەڵ برادەرانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، زۆری گلەیی لێکردبوون و کەوتە محاسەبەکردن و بەحەماسێکەوە کۆبونەوەی دەکرد و قسەی دەکرد، ئەتوت خۆیی و سەرکردایەتی لە قوڵایی ستراتیژی کوردستانن، بە هەوڵی لەگەڵ کاک نەوشیروان مستەفا و بەشێک لەبرادەرانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەم شێوەیە سەرکردایەتیان ڕێکخستبوو بۆ سێ بەش، جەنابی سەرۆک مام جەلال بۆ کاروباری سیاسیی دیبلۆماسی بۆ دەرەوەی وڵات، جەنابی کاک نەوشیروان مستەفا بۆ سەرکردایەتی لە قاسمەڕەش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر سنوور و پارتیزانەکان، سەرکردایەتی ناوخۆش وەک ڕێکخستنەکان بەهەموو دەسەڵاتێکەوە ئەگەر مەجالیان نەبوو لەگەڵ سەرکردایەتی سەر سنوور خۆیان ئیشی خۆیان بکەن، هێزی پێشمەرگەش دروست بکەن بەناوی سوپای ڕزگاری کوردستان، کورتکراوەکەی (سرک)، دوای تەواوکردنی نەخشەی کار جەنابی سەرۆک مام جەلال لەگەڵ کاک نەوشیروان مستەفا و بەشێک لە برادەرانی سەرکردایەتی دەستیکرد بە کۆکردنەوەی مەڵبەندەکان، یەکەم مەڵبەند کە کۆبونەوی پێکرد مەڵبەندی دووی ئێمە بوو لەڕۆژی ٩ی ١٠ی ١٩٨٩ لە گوندی گەنمان لەنێوان گوندەکانی ئارمندە و بلەکێ، ئەو سەردەمە کۆچکردوو کاک قادری حاجی عەلی مەسئولی مەڵبەندی دوو بوو، ڕۆژی پێش کۆبونەوەکە شوێن دیاریکراو کەرتەکەی کاک عوسمان سێدەری دیاریکرا بۆ پاراستنی ئاسایشی شوێنەکە کە داواکرا لە ئیدارەی تیپەکان قائیمەیان بۆ بکەن، بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ بەپێی نەفەرەکان گۆشتی سوور ئامادە کرابوو نانێکی

زۆر باش، ماوەیەکی زۆر بوو پێشمەرگە گۆشتی نەخواردبوو موچەی وەرنەگرتبوو بەخوا چاشمان نەبوو شەکر و چیای بێ حیساب هەبوو، برادەرانی ئێمە ٣٠ کەس دەبووین قۆریە ڕەشمان خستبووە ناو ئاگر هەمومان گەشکەدار بوبوین لە خۆشیدا، جەنابی سەرۆک مام جەلال دوو موچەی بۆ هێنابوین نان و گۆشتوو چاش حسابی نەبوو.

زیاتر لە هەزار پێشمەرگە بەشداری کۆبونەوەکە بوون جەنابی سەرۆک مام جەلال گەیشت لەگەڵ بەشێک لە سەرکردایەتی، بەندەش لەگەڵ دەستەی پێشوازی بەڕێز وەستابوین، کۆچکردوو کاک قادری حاجی عەلی وەک مەسئولی مەڵبەند برادەرانانی پێدەناساند گەیشتە لای من و وتی ئەمە پاسۆکە، کاک ملازم عمری دەستی کردە ملم وتی پاسۆکیشمان هەبێ کاک ملازم عمر لەمەوزعەکەی دەزانی، کۆبونەوە دەستیپێکرد مام کەوتە قسەکردن و سەر و گوێی فەرماندەکانی کوتا، ئەگەر سەرتیپ نەڕوخێ ئامرکەت ناڕووخێ، ئەگەر ئامرکەت نەڕوخێ جێگرەکەت ناڕووخێ، کوا ڕابەرسیاسیەکان؟ ئەوان ڕوخاون زۆری هەڕەشەی لە فەرماندەی تیپ و ڕابەری سیاسی کرد، ئینجا چووە سەر و گوێی پێشمەرگە و وتی بۆ واڕوخاون؟ وتی ئێمە دوای کارەساتی هەکاری ٤٠ پێشمەرگە مابوینەوە، هەندێکمان بێ چەک بوین خۆ ئێوە ماشاڵڵە بەشی هەموو کوردستان دەکەن. وتی، ئێوە وابیرتان کردووەتەوە کە ئێران و عێراق ڕێک کەوتوون لەگەڵ برادەرانی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئاڵۆگۆڕمان پێدەکەن؟ وتی ئەو خەیاڵە، گوێ لەڕادیۆی حزبی دیموکرات بگرن زمانی بستێک درێژە کە ڕێبەرەکەشیان شەهید بووە خۆ ئێوە ڕێبەرکەتان شەهید نەبووە، وتی سەرۆکە دیکتاتۆرەکەی عێراق ئەوەندە باغربووە عافوادتی دەردەکرد من ناگرێتەوە وتی بێ خەمبن ئێران و عێراق ئەوەندە کێشەیان زۆرە قەت ڕێک ناکەون سەدام حسێن بەهەموو ئەقڵی، خۆی بەسەرکەوتووی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران دەزانی لەخۆی بایی بووە، عێراق توشی شەڕێکی قورس و ماڵ ویڕانی دەکات، لەوانەیە کوەیت داگیربکات دواتر دوبارەی کردەوە و وتی کوەیت داگیربکات و بە داگیرکردنی کوەیت ئەمریکاو هاوپەیمانان دێنە سەر خەت و لە عێراق دەدەن و جەیشەکەی لاوازدەکەن، دەبێت لەئێستاوە ئێمە خۆمان کۆبکەینەوەو خۆمان ڕێکبخەینەو بۆ ڕزگارکردنی کوردستان، دڵنیاتان دەکەمەوە بەم زووانە دەچینەوە کوردستان، ڕزگارکردنی کوردستان ئاسانە بەڵام پاراستنی قورسە، بوو بەچەپڵە ڕێزان، من مەشغولی وێنەگرتنی کوبونەوەکە بووم کاک کەمال عارف یەک بەخۆی هاواری کرد حمە سنگری بە قوربانی خوای مام جەلال بم ئەوە دە ساڵی کەم تازەکردەوە، پێشمەرگە یەک پارچە چەپڵەیان دوبارەکردەوە.

جەنابی سەرۆک مام جەلال لەمانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٩دا وتی سەدام حسێن کوەیت دەگرێ و بە گرتنی کوەیت هاوپەیمانان دێنەسەرخەت سەرۆکە کەی و جەیشە زەبەلاحەکەی عێراق تەمبێ دەکەن، ئەو قسانەی جەنابی سەرۆک مام جەلال لەبەر چاوی هەزار کەس وتی ڕاستیش دەرچوو.

هەزاران سڵاو و ڕێز و وەفا بۆ گڵکۆی سەرۆک مام جەلال.



مام جەلال جۆرج واشنتۆنی عیراق

شێرزاد شێخانی

لەیەکێک لە ئەڵقەکانی بەرنامە بەپێزەکەی دکتۆر حەمید عەبدوڵڵا بە ناوی (تلک الأیام)، باس لە سەروبەندی گفتوگۆکانی هەڵبژاردنەوەی ڕەوانشاد مام جەلال دەکات بۆ خولی دووەمی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق لە ساڵی ٢٠١٠ و پەیوەندیی سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا باراک ئۆباما لەگەڵ مام جەلالدا. ئەم ئەڵقەیە، بە گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکانی بەڕێز فەخری کەریم - ڕاوێژکاری سەرۆک مام جەلال لەو کاتەدا - وەکو سەرچاوەیەک دەبەستێت کە ئەویش باس لەوە دەکات: دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٠، گفتوگۆ و ڕاوێژی دامەزراندنی حکومەتێکی نوێی عێراق دەستپێکرد. لەم کاتەدا لیستی (العراقیة) بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی لە پێشەوەی لیستە سەرکەوتووەکان بوو بە ٩١ کورسی، بەرامبەر بە لیستی (دەوڵەتی قانون) بە سەرۆکایەتیی نوری مالیکی بە ٨٩ کورسی. بەمەش مافی عەلاوی بوو سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق وەربگرێت. بەڵام دواتر تەفسیرێکی دەستووری کرا بۆ ماددەی (٧٦)ی دەستوور کە دەڵێت: (لیستی زۆرینەی کورسییەکان) ڕادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت. بەڵام هەندێک لایەن بە دەستوەردان و فشاری سیاسی تەفسیرێکی تازەیان دۆزییەوە کەوا (کوتلەی زۆرینەی دوای هەڵبژاردن) مافی خۆیەتی حکومەت پێکبێنێت؛ بەمەش دەوڵەتی قانون توانی کوتلەی زۆرینە دروست بکات و پۆستەکە لە دەست ئەیاد عەلاوی دەربهێنێت. لێرەدا ئەمریکییەکان هاتنە ناو پرۆسەکەوە و ویستیان بە کاندیدکردنی ئەیاد عەلاوی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار قەرەبووی بکەنەوە. بەڵام لەو کاتەدا مام جەلال کاندیدی هاوپەیمانیی کوردستان و کوتلەی شیعی و بەشێک لە سوننەکان بوو. ئەمریکا هەوڵێکی زۆری دا فشار بخاتە سەر نوری مالیکی و مەسعود بارزانی بۆ ئەوەی دەست لە کاندیدکردنی مام جەلال هەڵبگرن، بەڵام ئەوان بە تۆندی ڕەتیانکردەوە. بەپێی قسەکانی فەخری کەریم، لەو سەروبەندەدا کەسێکی نزیک لە ئیدارەی ئەمریکییەوە پەیوەندیی پێوە کرد و وتی: «سەرکردایەتیی ئیدارەی ئەمریکا کە پێکهاتوون لە (سەرۆکی ئەمریکا، وەزیری دەرەوە، وەزیری بەرگری، وەزیری ئەمنی قەومی، سەرۆکی دەزگای موخابەراتی ئەمریکی)، پەیامێکیان هەیە بۆ سەرۆک مام جەلال و داوا دەکەن لە کاندیدبوون بکشێتەوە، چونکە ئیدارەی ئەمریکا بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابێت سەرۆکێکی نزیک لە ئێران ئەم پۆستە وەربگرێت». فەخری دەڵێت منیش پێمگوت: «ئەم تۆمەتە بێ بنەمایە و ڕەنگە کەسانێک

بە درۆ ئەم قسانەیان بە ئێوە گەیاندبێت، ئەگینا ئێوە دەیانجار لەسەر سفرەی مام جەلال نانتان خواردووە و دەیان دیدارتان لەگەڵیدا هەبووە، هیچ کاتێک گوێمان لەم شێوە قسانەی ئێوە نەبووە؛ بۆچی لەم کات و ساتەدا باسی ئەم مەسەلەیە دەکەن؟».

وتی: «ئەمە ڕای ئیدارەی ئەمریکایە و بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابێت بۆ کاندیدبوونی مام جەلال». پێمگوت: «باشە ئەگەر مام جەلال ڕەتی بکاتەوە، ئیجرائاتی ئەمریکا چی دەبێت؟». وتی: «یەکەم: پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی هاوپەیمانیی ئەمنیی عێراق و ئەمریکا دەکەین. دووەم: عێراق لەسەر ئاستی عەرەبی و ئیقلیمی پەراوێز دەخرێت. سێیەم: هاوکاریی دارایی عێراق دەوەستێت. چوارەم: پارێزگاریی ئەمریکی بۆ هەرێمی کوردستان نامێنێت».

فەخری کەریم لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «کاتێک لەگەڵ مام جەلال و دکتۆر لەتیف ڕەشید و نەجمەدین کەریم پێکەوە دانیشتبووین، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە بۆ مام جەلال کرا و پێی ڕاگەیەندرا کەوا سەرۆک باراک ئۆباما دەیەوێت قسە لەگەڵ مام جەلال بکات. ئەوە بوو کاتژمێر ١٠ی شەو پەیوەندییەکە کرا و ئۆباما قسەی لەگەڵ مام جەلال کرد و بە دەق پێی وت: «ئێمە لە ئەمریکا سەیری تۆ دەکەین وەکو جۆرج واشنتۆنی دامەزرێنەری ئەمریکا بەنسبەت عێراقەوە؛ کاری خۆت زۆر سەرکەوتووانە بەجێگەیاندووە و دەوڵەتی نوێی عێراقت دامەزراندووە. بەڵام ئێستا وەزعەکە گۆڕاوە، بۆیە داوات لێدەکەم لە کاندیدبوون بکشێیتەوە بۆ ئەوەی ئەیاد عەلاوی ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق»».

مام جەلال بە حیکمەتە سیاسییەکەی خۆی وەڵامی دایەوە و پێی وتبوو: «جەنابی سەرۆک ئۆباما، عێراق لەسەر سێ پێکهاتەی سەرەکی دامەزراوە کە ئەوانیش کورد، عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعەن. ئێستا مالیکی دەبێتە سەرۆک وەزیران کە شیعەیە، ئەیاد عەلاویش هەر شیعەی عەرەبە ببێتە سەرۆک کۆمار، کوردیش سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێت، ئیدی شوێنی سوننەکانی عێراق لە کوێ دەبێت؟».

بەم وەڵامە سەرۆک ئۆباما قەناعەتی دێت و لە داواکەی پەشیمان دەبێتەوە و پیرۆزبایی لە مام جەلال دەکات بۆ بوونی بە سەرۆک کۆماری عێراق لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیی کۆماردا. ئینجا بە ڕاستی ئەم ڕووداوە مێژووییە حیکمەت و گەورەیی مام جەلال دەردەخات کە بە ڕاستی وەکو جۆرج واشنتۆنی ئەمریکا دامەزرێنەری دەوڵەت و وەکو سەید عەلی سیستانیش وتەنی (صەمامی ئەمانی عێراق) بوو.

ڕاستییە گەورەکەش ئەوەیە بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ەوە تاکو ئێستاش کە ١٤ سەرۆک کۆماری بەخۆیەوە بینیوە، هیچ سەرۆکێکی زانا، دانا، حەکیم و شایستەی وەکو مام جەلال نەهاتووەتە سەر کورسیی سەرۆکایەتیی کۆمار. ئەمەش گەورەیی ئەو زاتەمان بۆ دەردەخات کە لە غیابی ئەو حەکیمەدا عێراق و کوردستانیش خێریان لە خۆیان نەدیوە و ناشیبینن.



مام جەلال هەمیشە لە لوتکەدا

ئارام هەڵەدنی

کەم سەرکردە هەیە هێندەی مام ڕۆڵی کاریگەری هەبووبێت لە چەند حیزب و شۆڕشدا. ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی سەرۆک تاڵەبانی بدەینەوە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پێش شۆڕشی ئەیلول. لە دوای تەمەنی سێزدە ساڵییەوە هەست و بیری ئاوێتەی کوردایەتی بوو، سەرەتا لەناو ڕیزەکانی قوتابیانی کوردستاندا کاری ڕێکخراوەیی و حیزبی بە یەکەوە گرێدا، دواجار بوو بە سکرتێری ڕێکخراوەکە. لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا پلە بە پلە تا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان درێژەی بە خەباتی سیاسی دا و ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبوو، بە شێوەیەک ناوی مام جەلال وەکو جەمسەرێکی گرنگ باس دەکرا. ئاستی ڕۆشنبیری و دیپلۆماسیی بە شێوەیەک بوو کە زۆر جار وەکو سەرۆکی وەفدی حیزب سەردانی وڵاتان و ناوەوەی عێراقی دەکرد، تەنانەت لە ساڵی ١٩٥٨ هۆکاری گەڕانەوەی مەلا مستەفا بووە لە ڕووسیاوە بۆ عێراق. مام کەسێکی چاپووک و بەتوانا بووە، هەر بۆیە لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولدا وەکو فەرماندەیەکی دیار و ئازا و ماندوونەناس ڕێبەرایەتیی شۆڕشی کردووە. وورده وورده ناوی بە کوردستاندا بڵاو بووەوە و بووە ڕەمزی شۆڕش و بەرخودان. کاتێک شۆڕشی ئەیلول، کە زیاتر لە سەد هەزار پێشمەرگەی هەبوو، بە بڕیاری بارزانی کۆتایی پێ هات، مام لە دەرەوەی وڵات بوو و نیگەرانیی خۆی بەو بڕیارە دەربڕی؛ تەنانەت وتی: «نەدەبوو شۆڕش بەو شێوەیە چەکیان ڕادەستی ڕژێمی عێراق بکردایە.» وتیشی: «ئەگەر سەد هەزار ئاسک لە کوردستان بڵاو ببێتەوە، لانی کەم چەند مانگێکی دەوێت تا دەیانگرێتەوە؛ واتە ڕادەستکردنی سەد هەزار پێشمەرگە بە ڕژێم کارێکی هەڵە و نالۆژیکی بووە، دەبوو چەند مانگێک بەرگری بکرایە.» چەند ڕۆژێک دوای نەمانی شۆڕشی ئەیلول، مام لە ڕێگەی ڕادیۆوە پەیامی بەردەوامیی شۆڕشی بە گوێی بریندارەدا دا.کوردانی دڵشکاو و هەست هەر زوو بە نامە و ڕاسپاردە هەوڵی کۆکردنەوەی بەشێک لە شۆڕشگێڕانی دا. لە ئەڵمانیا و ئەورووپا هەوڵیدا چاوی بکەوێت بە چەند کەسایەتییەکی سیاسی و شۆڕشگێڕ لە پارتییە کۆنەکان و کەسانی بەتوانا. لە مانگی ئایار (مەی)دا لە دیمەشقی سوریا یەکەم کۆبوونەوەی خۆیانیان ڕێکخست و کۆمیتەی دامەزرێنەری حیزبێکی نوێیان دروست کرد و جارێ ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان دا، کە پێکهاتبوون لە: (مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، د. فوئاد مەعسوم، د. کەمال فوئاد، عومەر شێخ موس، عادل موراد، عەبدولڕەزاق فەیلی). مام ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە لە دروستبوونی

ئەو کۆمیتەیە و دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، هەر خۆشی پێشنیازی ناوی حیزبەکەی کردووە. مام لە نامیلکەی «الاتحاد الوطني الكردستاني لماذا»دا باسی ئەوەی کردووە کە: «من پێشنیازی ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانم کردووە. وتمان شتێک بێت نیشانەی یەکێتیی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد بێت، ئەوە بوو کە بووە دروشمی ڕۆژنامەی (الشرارة)ش؛ ڕێکخراوێک بێت هەموو تەوژمە (تەیاراتە) دیموکرات و پێشکەوتووخوازەکان کۆ بکاتەوە تا پارتی پێشڕەو دروست دەبێت. هیچ پێشنیازێکی تر نەبوو بۆ ناوی یەکێتی، بۆیە کاتێک ئەو پێشنیازەی من پێشکەش کرا، قبوڵ کرا. ناوێکی گونجاو بوو چونکە لەگەڵ فکرەکەدا دەگونجا کە ئەو ڕێکخستنە تەوژم و ڕێکخستنی جیاجیا کۆ بکاتەوە و وەک نیمچە بەرەیەک بێت و بواری گەشەکردنی تەوژمە جیاوازەکانی تێدا هەبێت. تەنیا کەسێک کە پرسم پێ کرد لەسەر وەرگێڕانی ناوەکە، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو؛ بە سەفەر هاتبوو بۆ شام، گوتم: ئەوە چۆن (الاتحاد الوطني الكردستاني) وەردەگێڕدرێت بۆ کوردی؟ ئەویش گوتی: (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان). منیش کە بە برادەرانم گوت، هەموویان پێیان باش بوو. بەو جۆرە پێشنیازی ناوەکەم کرد و برادەرانیش پێیان باش بوو، ئیتر یەکێتی کەوتە دەرەوە و خەڵکێکی زۆرمان لێ کۆ بووەوە.» دروستبوونی یەکێتی لە هەلومەرجێکی ئاوا دژواردا کە نائومێدی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، کاتێکی (تەوقیتێکی) زۆر گرنگ بوو. لەو قۆناغەدا سەرهەڵدانی حیزبێکی نوێ بە فکری نوێ و سەرکردایەتییەکی نوێوە زۆر گرنگ بوو. ڕۆڵ و ناوی مام وەکو داینەمۆی شۆڕش جێگەی ئومێدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو. دامەزراندنی یەکێتی لە ڕاگەیاندنەکانی جیهاندا دەنگی دایەوە کە حیزبێکی نوێ بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی مام جەلال دامەزراوە. ئەوەش دەسەڵاتدارانی بەغدای شۆک کرد، چونکە لە توانا و کەسایەتیی مام جەلال و هاوڕێکانی ئەوە دەستەبەر و چاوەڕوانکراو بوو کە ئەو حیزبە سەراپای کوردستان بگرێتەوە. بۆیە هەر زوو لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان، ڕێبەرانی شۆڕش و پێشمەرگە کەوتنە جووڵە و پەیوەندییان بە حیزبە نوێکەوە دەکرد. زۆری نەخایاند، سااڵێک دوای جارڕانی حیزب، بڕیاری هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ درا. سەرەتا لە چەند مەفرەزەیەک پێکهات، بەڵام دواتر گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی تا بە هەماهەنگی لەگەڵ حیزبەکانی تری باشووری کوردستاندا ڕاپەڕین دژی حکومەتی بەعس کرا و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم پێکهێنران. دوای ئازادیی عێراق، مام جەلال بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانی عێراق دوو خول بووە سەرۆک کۆماری عێراق. بە هێزی کەسایەتیی مام جەلال، کورسیی سەرۆکایەتیی عێراق گەورەتر بوو؛ ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی دەبینی و توانی عێراق ببات ئاستێکی باشی دیپلۆماسی. مام جەلال بە شێوەیەکی ئاسۆیی کاری


لەسەر پانتاییەکانی سیاسەت و شۆڕشدا دەکرد، لە هەموو بوارەکاندا توانایەکی بێ وێنەی هەبوو. لێرەدا نموونەیەک لە ژیانی ڕۆشنبیریی مام باس دەکەین لە گێڕانەوەی نووسەری ڕۆمانێک لە قۆناغی شۆڕشدا:

ڕۆشنبیریی مام جەلال

ئێمە ئەگەر بمانەوێت لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریی مام جەلال قسە بکەین، ناتوانین مافی خۆی پێ بدەین چونکە مام دەریایەک بوو لە هزر و بیری ڕۆشنفکری. محەمەد موکری، نووسەری ڕۆمانی «سەگ وەڕ» کە لە سەردەمی شۆڕشی نوێدا نووسیبووی و ڕۆمانێکی ڕەخنەیی بوو کە ڕەخنەی توندی لە شۆڕش گرتبوو، بەم شێوەیە باسی مام جەلال دەکات: «دوای ئەوەی ڕۆمانی (سەگ وەڕ)م نووسی و بڵاو بووەوە، مام جەلال لە دەرەوە بوو. کاتێک هاتەوە، دوای ماوەیەک ناردی بە دوامدا. هاوڕێ نووسەرەکانم وتیان: خۆت بشارەوە و مەچۆ، ئەگەر بچیت ئەوەندەی قسە بۆ کراوە بە گۆچان پشتت دەشکێنێت! منیش وتم: هەر دەچم. کە گەیشتم سەرم سووڕما، بەرەو پیرم هات و زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێ کردم. وتی: دەزانی بۆچی بانگم کردوویت؟ وتم: هەر کتێبەکەیە؟ وتی: نەخێر، بۆ ئەوەی سوپاست بکەم؛ بەهۆی ئەو کتێبەی تۆوە دوو کتێبم لەسەر بوونگەرایی (وجودییەت) خوێندەوە، ئەگەر ئەو کتێبەی تۆ نەبوایە ئەو دوو کتێبەم نەدەخوێندەوە. وتی: ڕۆژی چەند نامە دەنووسیت؟ وتم: ئەگەر ڕێک بکەوێت نامەیەک یان دووان دەنووسم. وتی: من زیاتر لە سی نامە دەنووسم بۆ کادیر و هەڕێم و لایەنەکان. وتی: مانگانە چەند کتێب دەخوێنیتەوە؟ وتم: ئەگەر دەستم بکەوێت کتێبێک یان دووان. وتی: من مانگی لە چوار کتێب کەمتر ناخوێنمەوە. وتی: ڕۆژانە چەند ڕۆژنامە دەخوێنیتەوە؟ وتم: ڕۆژنامە کوا تا بیخوێنمەوە! وتی: من ڕۆژانە ڕۆژنامەکانی پێشتری ئەمدیو و ئەودیو (کە مەبەستی ئێران و عێراق بوو) دەخوێنمەوە. وتی: چەند ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی دەنووسیت؟ وتم: جارجارێک کورتەیەک بۆ بڵاوکراوەکانی شاخ دەنووسم. مام جەلال وتی: ڕۆژانە پێشەکی بۆ ئێزگە دەنووسم، زۆربەی جاریش وتاری پێشەکیی (ڕێبازی نوێ) و (شەڕارە) دەنووسم؛ تەحەدای نەک سکرتێر و سەرۆکی حیزبە کۆنەکان، بەڵکو هی ئەم تازانەش دەکەم. دوای ئەوە کڵاشینکۆفێک و پێنج هەزار تمەنی دامێ و گەڕامەوە لای برادەران. «.وتیان: ئەوە چییە؟ وتم: خەڵاتی کردم



د.کەمال خۆشناو، هۆمەر شێخموس، مام جەلال، د.فوئاد مەعسووم، عادل موراد



هیرۆخان پێش ئەوەی ببێتە خانمی یەکەمی عێراق پێشمەرگە بوو

نووسینی: یوسف زۆزانی - بە کوردانذنی: کاروان محەمەد

تەنها دەمەوێت ئەوە بەو کەسانە بڵێم کە خاتوو هیرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ناناسن خاتوو هیرۆ یادەوەرییەکانی بەرخودان و خۆڕاگری بوو کاتێک بە ڕێوڕەسمی فەرمی لەسەر سەکۆی شەرەف بەتەنیشت شاژنی ئوردنەوە وەستابوو، چونکە خانمی یەکەمی عێراق بوو؛ بەڵام بۆ ئێمە، کە باش دەمانناسی، هیرۆخان پێشمەرگەبوو پێش ئەوەی ببێتە خانمی یەکەمی عێراق. هیرۆخان لەو کاتەدا لەسەر سەکۆی شەرەف وەستا بوو هەستێکی قوڵ و لەبیر نەکراو لەلام دروست بوو کاتێک



یوسف زۆزانی، هێرۆخان

یادەوەرییەکانی ڕۆژانی خەبات و شاخ و چیا هاتنەوە پێش چاوم ، و قارەمانێتییەکانی هیرۆخان وەک فیلمێکی سینەمایی خێرا لەبەر چاومدا تێپەڕین؛ لە کاتێکدا مۆسیقا سرودی نیشتمانیی دوو وڵاتەکەی دەژەند و سەرۆک تالەبانی پشکنینی گاردی شەرەفی دەکرد.

ئەوانەی هیرۆخان ناناسن، وا دەزانن لەسەر سەکۆکە وەستاوە وەک هاوسەری سەرۆک، وەک هەر خانمێکی دیکەی سەرۆکانی وڵاتان، کە بە «خانمی یەکەمی وولات » ناودەبرێت. بەڵام هەموو پێشمەرگەیەک دەیزانی کە هیرۆخان هیرۆخان بوو؛ بە کەسایەتی و قارەمانێتی و هەڵوێستەکانییەوە، جا یەکەم خانمی وڵات بوایە یاخود نا . بەڵکوو کەسایەتی و قارەمانێتیی هیرۆخان زۆر گەورەتر بوو لەوەی تەنها بە ناوی « خانمی یەکەم و هاوسەری سەرۆک» یان تەنانەت «هاوسەری مام جەلال» بناسرێت؛ لەگەڵ ئەوەشدا هەموومان دەمانزانی کە مام جەلال خۆی لە پۆستی سەرۆکایەتیش گەورەتر بوو. بەڵێ، ڕۆژانی بۆردومانە چڕ و بەردەوامەکان و شەڕە سەختەکان هاتنەوە یادم ؛ کە هیرۆخان هەمیشە لە هێڵەکانی پێشەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا بەورەیەکی بەرزەوە ئامادەیی هەبوو.

کامێرایەکی ڤیدیۆی لە دەستدا بوو و قارەمانێتیی پێشمەرگەکان و تاوانەکانی ڕژێمی بەعسی تۆمار دەکردو خاوەنی

گەورەترین ئەرشیفی خەباتی پێشمەرگەکانی شاخ بوو. بیرم کەوتەوە ئەو شەوانەی لەگەڵماندا لەسەر زەوی دەخەوت و بەرگەی هەموو سەختییەکانی ژیانی شاخ سەرما و گەرماو و برسێتی و تینوێتی، دەگرت . یادەوەریی ڕۆژ و شەوانی ڕێپێوانە درێژ و ماندووکەرەکانم هاتەوە پێش چاو ڕێپێوانێک کە بەبێ پشوودان بەردەوام بوو. هیرۆخان هەوڵی دەدا هەنگاوەکانی لە هەنگاوی ئەوانی دیکە دوا نەکەوێت، بەڵکوو هەندێک جار هەنگاوەکانی خێراتریش دەکرد. ڕۆژانی بۆردومانی تۆندی بنکەو بارەگاکانم هاتەوەیاد ، کاتێک بۆ پاراستنی ژیانمان دەچووینە پەناگەو بن تاشە بەردەکان ، ڕۆژێک کە بۆ چرکە ساتێک چاوم لێی بوو، بینیم لە دەرگای پەناگەکەوە بەرەو سەرەوە، بەرەو ژوورەکەی خۆی دەچێت. بە خێرایی دوای کەوتم، لە کاتێکدا بۆردومانەکە بە تۆندی بەردەوام بوو. بانگم کرد بگەڕێتەوە پەناگەکە، بەڵام گوتی: (باڵندە بچووکەکەم لە قەفەسەکە لەبیر کردووە، دەچم بیهێنمەوە بۆ ناو پەناگەکە). ئەی چەند کەسایەتییەکی گەورە بوو ئامادە بوو بۆ ڕزگارکردنی گیانی باڵندەیەک، ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە!

بۆردومانی گوندەکانی (سەرگەڵوو و بەرگەڵوو)م هاتەوە یاد لە دۆڵی جافایەتی و ئەو ڕۆژانەی کە بۆردومانی فڕۆکە و تۆپخانەکانی ڕژێم وەک باران تۆپ و ڕۆکێیتان بەسەر سەرماندا دەبارانـد، ئەوە یەکەم جار بوو هاوسەرەکەم بۆردومانێکی لەو جۆرەی دەبینی چەند هەفتەیەک بوو هاوسەرگیرمان کردبوو ،هیرۆخان هاوسەرەکەمی لە باوەش گرتبوو؛ ئەو وەک چۆلەکەیەک هەڵدەلەرزی. بەڵام هیرۆخان زۆر بە خۆڕاگرییەوە هەڵسوکەوتی دەکرد و هیوای بە هاوسەرەکەم دەبەخشی و دەیگوت: (مەترسە، ئەمە تەنها چەند ساتێک دەخایەنێت. خودا و ڕاستی لەگەڵمانن و هیچ شتێکمان بەسەر نایەت، مەگەر ئەوەی خودا لەچارەمانی نووسی بێت).



یوسف زۆزانی، هێرۆخان

پاشان شەوانی شەڕە تۆندەکانی ناوچەی (دۆڵی جافایەتی)م هاتەوە یاد کە هێرۆخان تا بەیانی بەبێ خەوتن بەدوای هەواڵی پێشمەرگە قارەمانەکانەوە بوو؛ ئەوانەی بەرگرییان لە هەموو تاشەبەردێکی کوردستان دەکرد.

بیرم کەوتەوە کە هیرۆخان تەنها هاوسەری سەرۆک نەبوو؛ بەڵکوو هاوڕێ و خوشک و دایک و هاوسەنگەری پێشمەرگەکان بوو. ئەو کەسایەتییەی بوو کە شاخ و چیاکانی کوردستان دەیانناسی و لە هەر بەردێک و هەر ناوچەو گوندێکی خاکی کوردستاندا یادەوەرییەک لە خەبات و قارەمانێتییەکانی بەجێهێشتووە.

هیرۆخان لە ڕۆژانی خەباتدا لەگەڵ

پێشمەرگەکاندا بوو؛ لە هیچ مەترسییەک نەدەترسا و کەسایەتییەکەی بە پۆست و پلە سنووردار نەدەکرا، چونکە پێش ئەوەی ببێتە خانمی یەکەمی عێراق، پێشمەرگەیەکی خۆڕاگر و خاوەن مێژووی خەبات و تێکۆشان بوو.

پێشمەرگەکان هەر چەند کاتژمێر جارێک شوێنیان دەگۆڕی، بەڵام هیرۆخان شەو و ڕۆژی بەیەکەوە دەبەستەوە تا هەواڵی سەرکەوتنی پێشمەرگەکان و پاشەکشە و تێکشکانی هێزەکانی ڕژێممان پێ دەگەیشت. ئەوسا دەستی دەکرد بە پرسیارکردن لەبارەی هەموو کەسەکانەوە، یەک بە یەک، کە ئایا هەموویان سەلامەتن و باشن؟

بیرم کەوتەوە ئەو ڕۆژەی بەرەو ناوچەی «خۆشناوەتی» بەڕێ کەوتین، لەگەڵ پۆلێک لە پێشمەرگەکان. وەک هەمیشە بە پێ دەڕۆیشتین و بەشێک لە ئەرشیفی مام جەلالمان لەسەر پشتی بارگیرێک بار کردبوو. هیرۆخان لەبەر ئەو هەموو گرنگییەی بە پاراستنی ئەرشیفی دەدا، لە سەرتاسەری ڕێگاکەدا هەوساری بارگیرەکەی بە دەستەوە گرتبوو، تا گەیشتینە شوێنێکی سەلامەت.

بیرم کەوتەوە ئەو شەوە تاریکەی کە مرۆڤ زیاتر لە یەک یان دوو مەتر پێشی خۆی نەدەبینی. هیرۆخان دەستی منی گرتبوو. نازانم چۆن لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک لەوانی تر جیا بووینەوە. ناوچەکە مەترسیدار بوو و لەلایەن هێزەکانی ڕژێمەوە دەورە درابوو. نەخۆمان و نە ئەوانەی لەگەڵمان بوون، ڕێگاکەمان نەدەزانی. پێویست بوو هەموومان لە گوندێکدا کۆ ببینەوە.

هیرۆخان بە خۆڕاگرییەوە هەوڵی دەدا من ئارام بکاتەوە و دەیگوت: (مەترسە؛ بە بە دیل ناگیرێم وناکەوم)

هەروەها بیرم کەوتەوە ئەو شەوەی بە بەلەمێکی بچووک بە دەریاچەی دوکاندا تێپەڕین، لە کاتێکدا هیرۆخان نەیدەزانی مەلە بکات. نزیک بوو بەهۆی بێپەروایی و خۆبەزلزانینی هەندێک لە هەڤاڵەکانمەوە بەلەمەکەمان هەڵبگەڕێتەوە ونقووم ببێ هیرۆخان ورەیەکی پۆلاینی هەبوو و نەدەترسا بەڵام کەمێک تووڕەو دڕدۆنگ بوو


بەڵێ کاتێک هیرۆخانم وەک خانمی یەکەمی عێراق بینی هەموو ئەو یادەوەرییانە لە میشکمدا زیندوو بوونەوە.

هێرۆ خان، هەموو ئەوانەی لەبارەی تۆوە دەگوترێن تەنها بەشێکە لە مۆزایکەکەی ژیانت، ئەگەر بتوانین هەموویان پێکەوە کۆبکەینەوەو بە تەواوی بیگێڕینەوە، پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕ، ڕۆژنامەنووسە ناوداركە، دایك، خوشك، هاوڵی پێشمەرگە، خەمخۆری کەسوکاری شەهیدان و منداڵەکانیان، پارێزەری دێرینی مافەکانی ژن و مرۆڤ، هاوڵی ڕێبازی مام جەلال، هەمووئەمانە بەشێکن لە ناوەکەت، کەواتە تاکە ناوێك کە هەموو ئەم سیفەتانە کۆدەکاتەوە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدە، کاتێك ناوی هێرۆ دەهێنین، هەموو ئەو سیفەتانە دەژمێرین.

مەکۆکە (٢)
چەمی ڕەزان

ڕەهبەر سەید برایم

چەمی ڕەزان: واتە (چەم و ڕەز) چەمێکی چڕوپڕدار و درەخت و ئەشکەوت و گابەرد و تاقگە و ڕووبار و ڕەز و باخ و کەوتبووە نێوان چەند شاخێکەوە (شاخی ئاوڕێژ، شاخی گێچەڵ، شاخی خورماخاج، کەژی دووداران)ەوە، جۆگەی جۆراوجۆری تێدابوو هەروەک جۆگەی(قەراخی، باڵاجۆ، بەکری حەمان، کولەجۆ، مەلاحەسەن، بەردە عەلی) ئەو جۆگانە لەسەرچاوەی چەمی ڕەزانەوە زەوی پێ بەراو و تێرئاو دەکرا، شاخەکانی سەخت و عاسێ بوو ئەشکەوتی گەورە و دووکون و دوور و دڕێژی هەیە هەروەک (ئەشکەوتی ڕەش) بە باوەشی شاخی خورماجەوە، (ئەشکەوتی دووکون) ئەشکەوتێکی گەورە و فراوان بوو، (ئەشکەوتی سەحرا) لە پشت ئەشکەوتی دووکونەوە بوو کەوتبووە ڕۆژئاوای گوندی (قوجبلاخ)ئەشکەوتی (سەحرا) دوورودڕێژ و نازاندرێ سەری بۆ کوێ دەگات خەڵکی ئەوێش نەیاندەزانی، دوو ئاوی تێدا بوو هێندە فراوان بوو ئەسپسواری تێدا دەکرا، دەتگووت سپی کاری کراوە بە گەچ چونکە بەنوێ دەمایەوە زۆرکەسێتی یادگار و هۆنراوە و مێژووی تێدا نووسی بوو ئەشکەوتی (بەرپلان)ی لێ بوو لەخوار ڕێگای گوندی (کەڵەشێرە) لەگەڵ ئەشکەوتی (ناوپلان)، بەڕێگای گوندەکانی کەڵەشێرە و عەودالان و تا سورداش و ئاغجەلەر! ئەشکەوتی مام حسێنی تێدا هەڵکەوت بوو، مەڕدارەکان ئەو ئەشکەوتانەیان دەکردە مۆل و گەوەڕ بۆ حەوانەی مەڕەکانیان، ڕەشماڵیان هەڵدەدا، ئەشکەوت بەهۆی ئاوەوە دروست دەبێ! دەبێت تەڕایی و ئاوی هەبێ، ئەشکەوتێکی دیکەی لێ بوو بەناوی (ئەشکەوت) ی (جاوڕایەڵ) لە خوار پلەی شاخی بەردە عەلی-یەوە بوو هەر بە شاخی خورماخاجەوە ئەشکەوتەکان دیمەنێکی سروشتی دڵفڕێنی هەبوو رازابۆوە بە گوڵ و گیای شەنگ و هەڵاکۆک و باریزە و هێرۆ و گیای نانەشوانە چیا و ئەشکەوتەکانیان جوان و دڵگیر کردبوو



مام جەلال - چەمی ڕەزان ڕۆژنامەنووسێکی بێگانە وێنەکەی گرتوویەتی

بەهۆی مام عەلی بچکۆلەوە نامەی بۆ ناردین لە ڕۆژمێژووی ١٩٨٨/٥/٢٢ کەوتینە چەمی ڕەزان وەک تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بن داریک و ڕۆخ ڕوباری چەمی ڕەزانمان کردە بارەگا، مام عەلی زۆر شارەزابوو هەم خەڵکی ناوچەکە بوو هەم لە شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ مام جەلال پێشمەرگایەتی




مام جەلال
١٩٦٣ ئەشکەوتە ڕەش

تێدا کردبوو یادگاریی و وتە و باسی زۆری لێ دەکرد و دەیگووت مام جەلال کە فەرماندەی هێز بووە لەوێوە ناو و ناوبانگی تەقیەوە وا بانگەشەدەکرا مام جەلال لە چەمی ڕەزان مەکینەی پێشمەرگە دروستکردنی هەیە. باسی هەورازی بەردە عەلی و عەریف عەلی ڕەقەم یەکی دەکرد کە لەوێ ناونراون، هەر لە شۆڕشی ئەیلوول باسی کوڕێکی کۆیی دەکرد لەوێ شەهید بووبوو، دەیگووت: زۆر قۆز و نازدار و گەنج بووە، دوایی پرسیمان ئەو شەهیدە نازدارە خالید حەوێز خۆشناو بووە لە ١٩٦٣/٥/١٥ لەگەڵ مام جەلال بووە شەهیدکراوە. باسی مام جەلال و مەلا ناسیحی دەکرد کە بارەگایان لە چەمی ڕەزان بووە لە تاقگەی (بافڵ)، بافڵ تاقگەیەکە لە بەرزی شاخەکە و بە جۆگە ئاو دەپڕژا و دەڕژا حەوزێکی یان لێ دورست کردبوو درەختی گوێز و تریێ زۆری لێ بوو، شنەو شێبای فێنکی هەبوو دەتگووت پانکەی سروشتی یە بەهاوینان بۆیەش مام جەلال نۆبەرەکەی ناولێنا (بافڵ)، هەروەک شێخ حەسەنی عەوڵانی شاعیر دەڵێت

خۆشترین جێگەی قەڵبەزەی بافڵ
خەم و خەفەتت لادەبا لە دڵ

مام عەلی بچکۆل بەوردی باسی چەمی ڕەزانی دەکرد لە شوێنەوار و ڕووداوی مێژوویی لەبەرئەوەی جەنگەڵستان بوو لەوێ تێگەیشتم ئێمە پێشمەرگەی کورد شەڕی ناودارستان شارەزانین و لێی نازانین! چونکە دەبێت هەمیشە چەکت لەدەست و مل بێ دەستت لەسەر پلاپیتکەی تفەنگ بێ، دەنگی دژمنی دەبیستی بەلام بەچاو نایبینی! زۆرجار لەو جۆرەمان دیوە دەنگی هەبوو ڕەنگمان نەدەدی، هەر لە خوار چەمی ڕەزانەوە (قەلای جولندی) لێ بوو کە قەڵاو شوێنەوارێکی مێژوویی بوو لە نێوان دوو شاخ دا بوو، (شاخی گێچەڵ و شاخی بەردە عەلی دارەسحاب) لە قوڵپی سەرچاوەی ئاوی بافلی چەمی



مام جەلال - چەمی ڕەزان

ڕەزانی بە دەوری قەڵا لە جولندی دەسواریەوە، گوایە لەناوی (جولندی) یەوە هاتووە سەرکردەبوو لە زەمانی (تیروکەوان) قارەمانێکی سەردەمی خۆی بووە!



بێشەی ماشێران



کوردایەتی سەربەرزییە

نەسرین کوردە - ئەندام بۆردی تێکۆشەرە دێرینەکانی ی.ن.ك

لە جیهانی ئەدەبدا دەنگی ژن هەمیشە جێی بایەخ و گرنگی پێدان بووە لە نێو ئەم دەنگدانەدا نوسەر و چیرۆک نوس و ئەدیبی گەورەی کورد خاتوو گەلاوێژ وەکو یەکێک لە ناوە دیارەکان دیارە کە جێ پەنجەیەکی دیاری لەسەر گۆڕەپانی ئەدەب بەگشتی و چیرۆک و ڕۆمان نوسیندا بەتایبەتی جێهێشتووە ، بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ژنانە پرسەکانیان کارەکانی بەها مرۆڤایەتییەکان و مێژووی کلتوری کوردییە و زۆر لایەنی تر.ە . گەلاوێژ صالح فەتاح لە شاری موصل (آم الربیعین) ساڵی (١٩٣٠) لە دایک بووە سەبارەت بە خێزانەکەی باوکی خەڵکی زاخۆیە ولە خێڵی (قوچە باگی) کوردییە باپیری لەدایکەوە خەڵکی (زۆزان)ی کوردستانی تورکیایە نەنکیشی لە دایکەوە خەڵکی وانی کوردستانی تورکیایە ، خێزانی دایکی لە وان کە لە شەڕی جیهانی یەکەمدا کۆچیان بۆ عێراق کردوە و لە زاخۆ نیشتەجێ بوون ، باپیرەی ئەفسەر بووە لە سوپای عوسمانیدا لەو جەنگەدا شەهید بووە ئەو کاتە دایک وخوشک و براکانی منداڵ بوون .

گەلاوێژ خان خێزانی ڕابەر و سەرکردەی سیاسی و مافناس و پارێزەر و ئەدیب و ڕۆمان نوسی بەناوبانگی کۆچکردووی کورد مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) ، ناسراوە بە (بلە) ، ساڵی لەدایک بوونی گەلاوێژ خان ساڵێکی ناسراوە لە ڕۆژمێری سیاسی نەتەوەی گەلی کوردستان بە گشتی و لە باشوری هەرێمی کوردستانی عێراق دا بەتایبەتی چونکە وەک شارەزایان و سیاسەتمەداران باسی دەکەن ، ساڵی سەرهەڵدان خەباتی نەتەوەی کورد بووە ئەویش لە ڕۆژی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ دا بووە ئەو ڕۆژە ڕێکەوتی شەڕی بەردەرکی سەرا بووە بەواتای خاتوو گەلاوێژ وەک و زۆربەی هەرە زۆری نەنکەکانی لەکوردستان بگرە لە جیهانیشدا نەنکێک و دایکێکی تری بووە بۆیە دەڵێت نەنکم منی پەروەردە کرد و هەمیشە قەرزاربارى نەنکم بووم ئەوکاتە دورخرابۆوە بۆ باشوری عێراق و کۆچی دوایی کردووە هاتنیان بۆ باشووری عێراق لە جەنگی جیهانی یەکدا ساڵی ١٩١٤ –١٩١٨) ژیاون و گوزەرانی ماڵی باپیرەی باوک و دایکی زۆر قورس و گران دەبێت بۆیە لەم بوارەدا گەلاوێژ خان دەڵێت ١٩٣٠ لەدایک بووم کاتێک خاڵە محمەدم تەخەڕوجی کردبوو بە ئەفسەری لە کاتی بەردەرکی سەرا بوو بروسکەیان بۆ خاڵم کردبوو چونکە دایکم زۆری خۆشدەویست

و پێیان وتبوو کە من لەدایک بووم ئەویش زۆری پێخۆش بوو لە هەمانکاتدا ئەو خاڵەم کە زۆر زیرەک بوو لەگەڵ (عەبدولکەریم قاسم)بوو ئەوکات سەرکردەی شۆرشی (١٤) ی تەموز کە ڕژێمێکی پاشایەتی لە عێراقدا ڕوخێندرا و وڵاتی کرد بە کۆماری خاڵم لەگەڵ (عەبدولکەریم قاسم) لە پۆلی خوێندندا هاوڕێ بوون ، لە نامەکەی خاڵم دا دوای خۆشحالی دەربڕین تکای کردووە ناوەکەی بکرێت بە



گەلاوێژخان

کوردی ناوەکەی ئێستای گەلاوێژ خان بۆ خانمانی کورد بووە بە یەکێک لە ناوە باوە خۆشەکان چیرۆکی ئەم ناوە تایبەتی خۆی هەیە چونکە لە سەرەتادا ئەم خاتونە نوسەرە تێکۆشەرە ناوی گەلاوێژ نەبووە بەڵکو ناوی نراوە (ساجیدە) واتە ئەو خانمەی سوجدە دەبات ،ساجیدە پێی دەچێت ئەم ناوە بۆ کیژێکی ڕەسەنی کورد لە خانەوادەیەکی کورد پەروەردا لە لایەن خاڵییەوە جێی دڵخۆشی نەبووە هەر بۆیە تکای کردووە ناوەکەی بگۆڕن لە ساجیدەوە بە ژیان بەڵام زۆری پێنەچووە جارێکی تر ناوەکەی دەکرێتەوە بە ساجیدە کاتێک بە هۆی خاڵەکانیەوە دوردەخرێتەوە بۆ عەفەکە جارێکی تر ناوەکەی بوویەوە بە ساجیدە ئیتر بەم ناوەوە دەمێنێتەوە تا ئەدیب و ڕۆناکبیر و سیاسی مامۆستا برایم ئەحمەد دەچێتە خوازبێنی و دەبێتە دەزگیرانی بەهەمان شێوەی خاڵە محەمەدی دەزگیرانە کورد پەروەر و خەباتگێڕەکەی حەز بە گۆرینی ناوە عەرەبیەکەی دەکات بیکات بە (گەلاوێژ) ئەو ناوە کوردییە تازەیەش ڕێگایەکی کەم وێنەی جوانە زادەی هۆشی بیری کوردانەو مرۆڤ دۆستانە پەیڕەو دەکات ،باوکی هێرۆ (مامۆستا ئیبراهیم)وتی دەبێت ناوی بگۆڕین بە گەلاوێژ بە ناوی گۆڤارەکەی خۆیەوە (مامۆستا ئیبراهیم) قتویەکی دانابوو هەرکەس بە ناوی ساجیدەوە باونگی بکردایە دەبوو (دە فلس) بکاتە ناو قتوەکە وە ، تا ناوەکەی بەیەکجاری بوو بە گەلاوێژ (٢-٣) جار قتووەکە پر بوو دایان بە خەڵکی هەژار کاریگەری خاڵوان و خۆشەویستیان بۆ گەلاوێژ خان و لە لای نەنە حەلیم و لە مااڵی هەمزە عەبدولا خاڵە محەمەدی گەورە دەبێت سەرکردەی کۆچکردوو هەمزە عەبدولا یەکێکە لە سیاسەتمەدار و ماف پەروەرەکانی کورد و یەکێکە لە دامەزرێنەری پ.د.ک و یەکەم سکرتێری ئەو حزبە بووە گەلاوێژ خان دەڵێت منااڵ بووم خاڵە هەمزەم لە شاری زاخۆ ئیشی پارێزەری ئەکرد ، خاڵە محەمەدیشم کە ئەفسەری سوپا بوو لە تەمەنی گەنجیدا خانەنشین کرا ئیتر بێ ویستی خۆمان بێ ئەوەی هیچ دەسکەوتێکمان هەبێت لەم هەڵبژاردنەدا تێکەڵ بە دنیای سیاسەت و کوردایەتی بووین بێگومان سیاسەت لە مااڵی خاڵوانمەوە دەست پێدەکات و پاشان لای هاوسەری ژیانم (ئیبراهیم ئەحمەد) هەڵدەکشێ کە شومکرد بە باوکی هێرۆ دوو ساڵ لە خانویەکدا بە خۆشی نەژیاین هەر ئەمشار بۆ ئەوشارمان کردووە هەتا چووین بۆ لەندەن

(مامۆستا ئیبراهیم)بەردەوام یان لە سجن بووە یان لە ژێر زەمین لە خۆشاردنەوەدا بووە یان لە شاخ بووە ئیتر کاری ئێمەش ژیان لە خۆشاردنەوە و دڵە ڕوکێ دا بووە بە چوونی هەڤاڵ مام جەلال بۆ لای ئەم خێزانە بەهۆی پێکهێنانی هاوسەری لەگەڵ (هێرۆ خان) کچە گەورەی (مامۆستا ئیبراهیم)و (گەلاوێژ خان) دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانیان مام جەلال براوەی خۆشەویستییەکی کەم وێنەیە بۆ نیو سەدە دەچێت گەلاوێژ خان دایکی هێرۆ خان خەسوی هەڤاڵ مام جەلالە کە ساڵی (١٩٧٠)لەگەڵ هێرۆخان خێزانی پێکهێناوە لەم پەیوەندییەدا مام جەلال بووەتە براوەی خۆشەویستییەکی کەم وێنە خەسووی هەرچەندە مام جەلال وەک سەرکردەیەکی سیاسی مێژووی گەلەکەمان زۆرێک لە دایکان و باوکان کوڕان و کچان کوردا بە جیاوازی تەمەن و پیشە و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نیشتیمانی حزبی و زانستی و فکریەوە خۆشەویستییەی بەهێزی پێ بەخشراوە بەڵام جیاوازیەکەی لەلای گەلاوێژ خان دایکایەتییەکی تری کوردستان ئەوەیە کە خۆشەویستییەکەی هەر لە دورەوە و هەر دڵەوە نیە بەڵکو بە روح و گیان و پێکەوەییە بە وپێیەی مام جەلال زۆر پێش هاوسەرگیری لەگەڵ (هێرۆ خان) تێکەڵ بە مااڵی (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد)بووە لە ژیانی خودی گەلاوێژ خان دا چەند لاپەرەیەکی تایبەتی پێ بەخشراوە مام جەلال بەر لەوەی بێت بە زاوامان تەمەنی (١٦) ساڵ بووە هاتوچۆی دەکردین هەموو جارێک باوکی هێرۆ دەیوت خەڵک وادەزانێت لەبەر ئەوە مام جەلالی خۆش ویستوە زاوای بووە بەڵام مام جەلال ئەوەندە خۆشەویست بووە حەزی کردووە ببێت بە زاوای لە سەرئەنجامدا هەریەک لە مامۆستا و خوێندکار رابەر و پشتیوان و دۆست و ئەزیزان (مامۆستا ئیبراهیم و مام جەلال) لە ساڵی ١٩٧٠ هاتە دی .

گەلاوێژ خان لە وەسفی مام جەلالدا دەڵێت



مام جەلال و گەلاوێژخان

پیاوێکی زیرەک و نەزیری کورد پەروەر خۆنەویست و ماندونەناس بوو بە بۆچوونی گەلاوێژ خان جارێکی تر کەسێکی تر وەک مام جەلال دروست نابێتەوە .

سەبارەت بە خۆشەویستی بۆ مام جەلال وتی هەموو منااڵکانم بە لایەک و مام جەلال بەلایەک نازانم چۆن باسی بکەم تەبیعەتمان لەیەک دەچوو مام جەلال لە ئێرانەوە هاتەوە بۆلامان لە لەندەن بۆ ئەوەی کورەکانی ببینێت بەتایبەت (قوباد) کە هەر نەیدیبوو هێرۆ خان لە نەخۆشخانە قوبادی بوو ئەوکات مام جەلال لەگەڵ چەند کەسێکی تردەیانویست یەکێتی دروست بکەن ئیتر مام جەلال ڕۆیشت و نەمانبینیەوە کە هاتەوە بۆلامان قوباد دەرگاکەی لێدەکاتەوە دەڵێت تۆ کێیت ئەویش دەڵێت باوکتم من پێشتر ڕەسمی مام جەلال و هێرۆخانم پشان دەدان دەموت ئەوە

باوکتەو ئەوە دایکتە قوباد هەر نەیدیبوون بەڵام (بافڵ) باشتر بوو کە چوونە سوریا ماوەیەک لەگەڵیان بوو ئەوکات تەمەنی (بافڵ) دوو ساڵ بوو بەڵام هێشتانەبووبوو بە چوار ساڵ بردمانەوە بۆ لەندەن .

گەلاوێژ خان لە ماوەی سەرۆکایەتی مام جەلال دا وەک یەکەم سەرۆکی کۆماری عێراق گلەیی هەبوو لەوەی کە زۆر کەم یەکتریان دەبینی ڕۆژێکیان شەڕێکی گەورەمان کرد لەگەڵی وتم مامە ئێمەش حەزدەکەین لە نزیکەوە بتبینن ڕاستە ئەرک و ئیشی زۆر قورس و زۆر ماندو دەبیت بەڵام ئێمەش حەز دەکەین دوو قسەت لەگەڵدا بکەین ئەویش وتی گەلە خان ڕاست دەکەیت بەڵام بڵێم چی ئەرکەکەی منیش وایە ناچارم لە وەڵامی ئەم پرسیارە کە بەچی ناوێکەوە یەکتری بانگ دەکەین گەلاوێژ خان وتی من پێت دەڵێم مام جەلال وتی منیش پێت دەڵێم گەلە خان .

بەداخەوە ئێمە زۆر دوورکەوتینەوە لەیەکتر لەبەر کاری سیاسی و سیستەمی بەعس دووجار پەنابەر بووین چوینە ئێران مام جەلال و هێرۆ خان لە قاهیرەی پایتەختی میسر بووین ئێمەش لە میسر بووین ماوەیەکیش لە سوریا بووین ئیتر لە ساڵی ١٩٧٥ کە ی.ن.ک دروست بوو هەموومان لە قاهیرە بووین منااڵەکانی خۆم و خوشکەزاکانم لەوێ بووین لەکۆتایدا چوینە لەندەن چونکە باوکی هێرۆ نەخۆش بوو خۆم چەن جارێک لەگەڵی چومە لەندەن وەکو ئەڵێن کورد گەلێکی بە ئەمەک و بە وەفایە و چاکەی دۆستەکانی لەیاد ناکات گەلاوێژ خان نمونەیەک پێشکەش دەکات کاتێک لە باسی لەندەن دا بەراستی لەوێ بۆم دەرکەوت کە ئینگلز کەسانی زۆر باشن ئیتر پلانمان دانا بە یەکجاری لە لەندەن ماینەوە بە هەر هۆکارێک بێت لە زێدی لەدایک بوونمان و ژیانی کەسوکارمان دورکەوتینەوە .

گەلاوێژ خان بۆ کوردستان ئەڵێت (بۆ تۆ زۆر پەرێشانم لای تۆیە هۆش و هەستم نە هیچ شار و وڵاتێک نە هیچ خۆشی و ئاواتێک ناتوانن هەر بۆ ساتێک دوورمبخەنەوە لە فکرم هەمیشە جێی باو و باپیرم دڵم لای پێشمەرگەیە لای عەزیز و هانایە هەروا لای خەڵکی شارە لای دێهات و هەژارە چونکە دوژمنان نالەبارە درندە و گورگی هارە ئەیەوێ کورد لەناوبەرێ ناونیشانی نەهێڵێ بەڵام با بمرێ خەیاڵی خاوە کورد هەر ئەمێنێ و هەر ماوە) لەم پەخشانەدا گەلاوێژ خان ئاماژە بە ناوی عەزیز و هانا دەبات کە عەزیز مام جەلالە و هانا هێرۆ خانە سەبارەت بەو وابەستە بوونە توندوتۆڵەی بە کوردستانەوە ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانە بەرامبەرایەتی بە هاوسەرەکەی و زاواکەی لە نێو بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستاندا بەردەوام بووە .


گەلاوێژ خان دەربارەی هێرۆخانی کچە گەورەی و خێزانی مام جەلال ئەڵێت یەکێکە لە ژنە پێشمەرگەکانی سەردەمی شاخ یەکێکە لە ژنە دیارەکانی ئەمڕۆی کوردستان و لە زۆر بواردا خزمەتی بەرچاوی کردووە لە شاخیش وێنەگری ڕووداوەکانی ناو شۆڕش بووە خاوەنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندە لە وێنە و دۆکۆمێنتەکان وەهەروەها ئەڵێت هێرۆ خان زەحمەتی زۆری کێشاوە کە منااڵی دووەمی بووە بەجێی هێشتووە لەگەڵ مام جەلال بەشداری لە شۆڕشدا کردووە .

هەردوو کوڕەکەی باڤڵ و قوباد لە لای من گەورە بوون ، بە فرمێسک ئەوان و منداڵەکانی

خۆمم گەورە کرد .
لەبارەی مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) وەک ئەدیبێکی گەورە و خاوەنی رۆمانی (ژانی گەل)ە کە بناغەی رۆمانی کوردییە بە شایەتی پسپۆڕان و توێژەرانی ئەکادیمی یەکێکە لە قەڵەمە دیارەکان لە ئەدەبیاتی کوردیدا سەبارەت بەو شاکارەی هاوسەرەکەی دەڵێت زۆرم حەزم لە رۆمانی (ژانی گەل)ە کە لە ژانی ئێمەوە هاتووە یانی ژیانی خۆمانە باوکی هێرۆ کە شێخ مەحموودی حەفید کۆچی دوایی کرد ئەو رۆژە دەیان هێنایەوە بردیان بۆ ئیمام قاسم لای چایخانەی عاشور لەو کاتەدا تەرمەکەیان بەڕێ دەکرد (کاک عومەر دەبابە) و چەن کەسێکی تر چوون لەگەڵی من لەوکاتەدا ژان دەیگرتم باوکی هێرۆ ناچار منی جێهێشت کە ڕۆیشت دوای شەش رۆژ هاتەوە وتی قەیناکە ژانی گەل رۆمانێکی دروست بوو لەبیرمە وتی ئەوە ژانی گەلە ، مامۆستا ئیبراهیم ژمارەیەک هەڵبەست و هۆنراوەکانی کراوە بە گۆرانی بۆ نمونە مەقامی (شیرین بەهارە) مامۆستا (تایەر تۆفیق) وتویەتی وە (هەر کورد بوین و هەر کورد ئەبین) کە ئاوازی شانازی خانی کچێتی (حەمید بانەیی) وتویەتی ، دەست پێکردنی مامۆستا ئیبراهیم بە رۆمان بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٣٣ بە وەرچەرخانێکی ئەدەبی مەزن دادەنرێت لە مێژووی کوردا .
کۆی بەرهەمەکانی خاتوو گەلاوێژ کە بریتین لە (٢٤) ڕۆمان و چیرۆک و کورتە چیرۆک و نۆڤلێت و بیرەوەری و ئەدەبی منداڵان ، تومارێکی ئۆنتۆلۆژیی زەمەنی ڕووداوەکانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، گرنگیدان بەو تۆمارە گرنگیدانە بە شوناسی مێژووی هاوچەرخی کورد لە هەموو ڕوویەکەوە ئەمەش ئەرکی هەمووانە بە جیاوازیی ئایدیاکانەوە .

بەرهەمەکان بریتین لە :

_ بیرەوەرییە هەرگیز لەبیر نەکراوەکان من – بەشی یەکەم
_ بیرەوەرییە هەرگیز لەبیر نەکراوەکان من – بەشی دووەم
– بەرەو ئەشکەوتی دلێران – بەرگی یەکەم
– بەرەو ئەشکەوتی دلێران – بەرگی دووەم
– بەرەو ئەشکەوتی دلێران – بەرگی سێهەم
– کارەکەر – نۆڤلێت
– دایک کوڕ – ڕۆمان
– ڕێبوارێکی سەرگەردان
– ئەفسانەی گەلی ناو گردان، چیرۆکی فۆلکلۆری بۆ مێر منداڵان
– لەسەر باڵی سیمرخ – ڕۆمان
– بووکی ئاتە خان – چیرۆک
– گەشتی کوردستان – چیرۆک
– سێ کورتە چیرۆک بۆ مێرد منداڵان
– پەروەندی ئیداری – عەزیز نەسین – وەرگێڕان
– پایز و بەهاری خونچە
– اوراق من السیر الذاتیة
– العالم و الغابة
– اسطورة کلی ناو کردان
– قصص للاطفال
– عابر سبیل هائمة
– نحو کهف الشجعان
– کنة ئاتە خان
– الخادمة
– الام و الابن



لە دۆخی چەقبەستوویی کوردستاندا، بیری دەستپێشخەرییەکانی مام جەلال دەکەین

ئاوات کۆکەیی

لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورددا، سیاسەتکردن تەنها بریتی نەبووە لە ململانێی حزبی یان بەدەستهێنانی دەسەڵات، بەڵکو هونەری پاراستنی قەوارەی نیشتمان و خوڵقاندنی دەرفەت بووە لە سەختترین ساتەوەختەکاندا.

ئەمڕۆ کە هەرێمی کوردستان لە بەردەم جۆرێک لە چەقبەستوویی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدایە، زیاتر لە هەر کاتێک جێدەست و بیری ژیرانەی ڕابەری کۆچکردوو، سەرۆک مام جەلال، دەبێتەوە هەوێنی بیرکردنەوە و ئاراستەکردنی قەیرانەکان.

هەموومان لە بیرمانە کە هەر کاتێک کوردستان دەگەیشتە دۆخی چەقبەستوویی، یان دەکەوتە لێواری مەترسییە گەورەکانەوە، بە دەستپێشخەرییەک یان جوڵەیەکی سیاسی ژیرانەی سەرۆک مام جەلال، گرژییەکان دەڕەوینەوە و ئارامی و دڵنیایی دەگەڕایەوە بۆ وڵات، لەو کاتانەدا، زۆرجار دەوترا مام سازش دەکات، ئەمەش دەبووە هۆی دروستبوونی ناڕەزایەتی و ڕەخنەی توند لەلایەن دۆست، هەڤاڵانی نزیکی و بەتایبەت ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

بەڵێ، بە ڕاستیش سەرۆک مام جەلال سازشی دەکرد، بەڵام سازشەکانی جیاواز بوون، لەسەر مافە کەسیی و حزبییەکانی بوو، مام ئامادە بوو قوربانی بە دەسکەوتی کاتیی حزبی یان کەسی بدات لەپێناو پاراستنی یەکڕیزیی گەلەکەی و ڕێگریکردن لە ماڵوێرانی، زۆربەی خەڵک تەنها ئاستی سازشەکەیان دەبینی، بەڵام مام لە سەرەوە و بە ڕوانینێکی دووربینانەتر سەیری دیمەنەکەی دەکرد، دەیزانی کە ئارامیی وڵات و کەرامەتی نەتەوەیی، ئامانجە گەورەکەن و دەبێت بەرژەوەندییە لاوەکییەکان ببنە بەڵاگێڕیان.

ئەو فەلسەفە سیاسییەی مام جەلال پەیڕەوی دەکرد، ڕێگەی نەدەدا ناکۆکییە ناوخۆییەکان ببنە هۆی داڕمانی خەونی نەتەوەیی، هەر کاتێک بەرژەوەندییە کەسی و حزبییەکانی دەکردە قوربانی پرسی نەتەوەیی، دەرەنجامەکەی بەهێزتربوونی پێگەی کورد لە ئاستی ناوچەکە و نێودەوڵەتی، ئاوەدانتربوونی کوردستان و دروستبوونی کەشێکی پر لە ئومێد بوو بۆ هاووڵاتیان.

ئەمڕۆ کە کوردستان لەبەردەم ئاڵۆزیی ناوخۆیی، ڕکابەریی نەخوازراو و گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکەدا پێویستی بە نەفەسێکی نوێیە، بۆشایی سەرکردەیەکی دەستپێشخەر و خاوەن دیدگای نیشتمانی بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت.

لەبیرکردنەوەی فەلسەفەی سازش لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا، گەورەترین وانەیەکە کە پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستان لێی بکۆڵنەوە، چونکە هیچ دەسکەوتێکی حزبی یان کەسی، ناتوانێت شوێنی هاوسەنگی و ئارامیی نیشتمان بگرێتەوە.

سەرکردەیەک لە خزمەتی ئاشتیدا
ژیان و خەباتی جەلال تاڵەبانی

گۆنا ئیبراهیم

جەلال تاڵەبانی، کە لە جیهانی سیاسەت و لای هاوڕێ و نەیارەکانی بە «مام جەلال» ناسرابوو، یەکێکە لە دیارترین و کاریگەرترین سەرکردە سیاسییەکانی میژووی نوێی عێراق و کوردستان. ئەو زیاتر لە نیو سەدە لە تەمەنی خۆی بۆ بزاوی رزگاریخوازی گەلی کورد، خەباتی دیموکراتی لە عێراق، و بنیاتنانەوەی دەوڵەتێکی نوێی فیدراڵی تەرخان کرد. تاڵەبانی هەمیشە وەک سیمبولێکی دیالۆگ، نەرمونیانی سیاسی و پێکەوەژیان ناسرابوو، کە توانای هەبوو لە دژوارترین قۆناغەکاندا پردی پەیوەندی لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا دروست بکات.

ژیانی سەرەتایی و پێگەیشتنی فیکری

جەلال حسامەدین تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی کەڵکان لە نزیک چیای دۆکان لە خێزانێکی ناسراوی ئایینی و نیشتمانپەروەر لەدایک بوو. لە تەمەنێکی زووەوا، خولیای خوێندن و ئەدەب و سیاسەت بوو. هێشتا تەمەنی زۆر نەبوو کە تێکەڵ بە کاری سیاسی و رۆشنبیری بوو. لە ساڵی ١٩٤٦ و لە تەمەنی تەنها ١٣ ساڵیدا، یەکەمین ڕێکخراوی قوتابیانی لە نهێنیدا دامەزراند کە بوە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی سیاسی.

خوێندنی ئامادەیی لە کۆیە و کەرکوک تەواو کرد و پاشان ڕووی کردە بەغدا بۆ تەواوکردنی خوێندن لە کۆلێژی ماف (یاسا). لە زانکۆشدا، تاڵەبانی چالاکانە بەشدار بوو لە بزووتنەوەی قوتابیان و نووسین لە رۆژنامەکاندا. لە ساڵی ١٩٥٣، لە کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا، کە ئەمەش نیشانەی پێگەیشتنی خێرای سیاسی ئەو بوو وەک سەرکردەیەکی گەنج و چالاک.

گەشتە سیاسییەکەی مام جەلال پڕ بوو لە قۆناغی سەخت و جۆراوجۆر. دوای ڕووخانی ڕژێمی پادشایی و هاتنە پێشەوەی کۆماری عێراق بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم، تاڵەبانی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە گەشەپێدانی رۆژنامەگەری کوردی و ڕێکخستنەکاندا. بەڵام کاتێک پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی تێکچوون، چەکی هەڵگرت و وەک فەرماندەیەکی پێشمەرگە بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوولدا کرد.

لە ساڵی ١٩٧٥، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، تاڵەبانی لەگەڵ کۆمەڵێک لە هەڤاڵەکانی، لەوانە نەوشیروان مستەفا و عادل موراد، هەستان بە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (یەنەکە) لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٦. ئەم هەنگاوە قۆناغێکی نوێی لە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد دەستپێکرد و شێوازێکی نوێی خەباتی سیاسی و چەکداری هێنا کایەوە. تاڵەبانی توانی ببێتە سەرکردەیەکی دیار کە خەباتی چەکداری لە چیاکان لەگەڵ دیپلۆماسی نێودەوڵەتی لە دەرەوەی وڵات تێکەڵ بکات.

ڕۆڵی لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و ڕووخانی ڕژێمی بەعس

مام جەلال تێگەیشتبوو کە کێشەی کورد لە عێراقدا چارەسەر ناکرێت ئەگەر سیستمی سیاسی لە بنەڕەتەوە نەگۆڕدرێت. بۆیە، ئەو یەکێک بوو لە پێشەنگەکانی یەکخستنی ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دژی ڕژێمی بەعسی سەددام حسین. لە ساکۆکانی نەوەدەکاندا، لەگەڵ لایەنە عێراقییە ئیسلامی، نەتەوەیی و لیبرالەکاندا کاریکرد بۆ

دروستکردنی بەرەیەک دژی دیکتاتۆریەت.
لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و دروستبوونی ناوچەی دژەفڕین، تالەبانی بەردەوام لە هەوڵدا بوو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، هەروەها بنیاتنانی ئەزموونی حکومڕانی کوردی. لە ساڵی ٢٠٠٣، لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە دەستێوەردانی ئەمریکا و هاوپەیمانان، مام جەلال ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە



مام جەلال

ڕێکخستنەوەی عێراقی نوێ و جێگیرکردنی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی کورد لە دەستووری نوێی عێراقدا.
لە نیسانی ٢٠٠٥، لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بە سەرۆککۆماری عێراق هەڵبژێردرا. ئەم هەڵبژاردنە خاڵێکی وەرچەرخان بوو، چونکە بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراقدا کەسایەتییەکی کورد بووە سەرۆکی دەوڵەت. تالەبانی لەو پۆستەدا توانی ڕۆڵی «مەرجەع و خاڵی هاوسەنگی» ببینی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا (شیعە، سوننە، و کورد).
بەهۆی لێهاتوویی دیپلۆماسی و زمانی گوفتاری نەرم و دۆستانەی، مام جەلال توانی زۆرێک لە قەیرانە سیاسییە ئاڵۆزەکانی عێراق هێور بکاتەوە. نەیارەکانیش تەنانەت ڕێزیان لە توانای دانوستاندنی دەگرت، و بە «پیاوی قەیرانەکان» ناویان دەبرد، چونکە هەمیشە دەبووە کلیلی چارەسەر لە کاتی بنبەستە سیاسییەکاندا.
جگە لە سیاسەت، جەلال تالەبانی کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر، خوێندەوار و شارەزا بوو لە ئەدەب، مێژوو و شێعردا. ئەو زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی بە باشی دەزانی، و هەمیشە لە وتارەکانیدا سوودی لە پەند، چیرۆک و شیعر دەبیند. هەستی مرۆڤدۆستی، خۆشەویستی بۆ پێشکەوتن، و باوەڕبوون بە ئازادی ڕادەربڕین و مافی ژنان لە تایبەتمەندییە دیارەکانی کەسایەتییەکەی بوون.
کۆچی دوایی و کاریگەرییە بەردەوامەکانی
لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٢دا، تووشی جەڵتەی مێشک بوو و بۆ چارەسەر ڕەوانەی ئەڵمانیا کرایە. سەرەڕای هەوڵە پزیشکییەکان، لە ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ لە شاری بەرلین کۆچی دوایی کرد. تەرمەکەی بە شێوازێکی شکۆمەندانە گەڕێنرایەوە بۆ شاری سلێمانی و لە دەباشان بەخاک سپێردرا، لە ڕووداوێکدا کە هەزاران هاوڵاتی و سەرکردەی جیهانی بەشداریان تێدا کرد.
جەلال تالەبانی ڕێبەرێک بوو کە مێژووی گەلێکی لە قۆناغێکی سەختەوە گواستەوە بۆ قۆناغی بڕیاردان و بەشداری سیاسی کاریگەر. میراتەکەی تەنها حزبی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نییە، بەڵکو کولتووری گفتوگۆ، پێکەوەژیان، و بڕوابوون بە چارەسەری ئاشتییانەیە بۆ کێشەکان. یاد و ناوی مام جەلال هەمیشە وەک چرایەکی ڕووناک لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتیی عێراق و کوردستاندا دەمێنێتەوە.



شادبوون به دیداری بەڕێز مام جەلال و ئاشنابوون بە تواناو لێهاتوویی لە سەردەمی خەباتی شاخدا

برایم محێدین عارف (د.برایم)

مام جەلال، جگە لەوەی سەرکردەیەکی هەڵگەوتوو و بەئەزموون بوو، نووسەر، سیاسەتمەدار، یاساناس و ڕووناکبیرێکی گەورەش بوو. هەمیشە ئاگاداری کایەکانی ڕووناکبیری، سیاست، ئابووری و زۆر بوارەکانی تری ژیان بوو؛ تەنانەت لە بواری ئایین و پەندی عەرەبی و کوردیشدا لێهاتوو بوو. هەمیشە لە قسەکردندا پەندێک یان ئایەتێکی قورئانی دەهێنایەوە و دەیکردە پاڵپشتی بۆچوونەکانی.

بە قۆناغەکانی ئەزموون، هەڵگەوتن و شارەزایی لە بوارەکاندا، پلە بە پلە بەپێی مێژوو هەنگاوی نابوو؛ باگراوندێکی گشتی لە هەموو بوارەکاندا هەبوو و سەرکەوتنیشی وەدەست هێنابوو. لە سەرەتاوە و لە سەردەمی خوێندکارییەوە تێکەڵی سیاست بوو، بەڵام لە زاری مامۆستاکانییەوە دەگێڕنەوە کە هەر لە منداڵییەوە زیرەک و زیتەڵ بووە و سروودە نیشتمانییەکانی لەبەر بووە. لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بوێرانە هەڵوێستی کوردانەی نواندووە. لە فێربوونی زمانیشدا زەمینەڕەخساندنی هەڵگەوتوانەی بۆ فێربوونی چەندین زمان تێدا بوو و چەند زبانێکی بە تەواوی دەزانی. لە ڕووی تەمەنیشەوە، تەمەنی سیاسیی زۆر لە دەوروبەرەکەی هەڵگشاوتر بوو.

سەرەڕای ئەوەی وەک سەرکردەش کەسی یەکەمی ی.ن.ک بوو و هەمیشە سەرقاڵ بوو، کەم بوار و دەرفەتی بینینی هەبوو، بەڵام دەکرا ببینرێت. ئێمە کادری بواری تەندروستی بووین، کەمتر دەکەوتینە خانەی کۆبوونەوەی سیاسییەوە، لەم ڕوانگەیەوە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆمان لەگەڵیدا نەبوو؛ ئەگەر کارێکیشمان هەبوایە، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە دەچوو بۆ بینینی. هەرچەندە لەو سەرکردانە بوو کە زۆر ڕێزی لە کادری تەندروستی دەگرت و هەمیشە پشتیوانمان بوو. ئێمەش دەمانتوانی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بە دیداری شاد ببین. بە دیداری مام جەلال شادبوونیش هەمیشە بەهای خۆی هەبوو؛ دانیشتن لەگەڵیدا لە ساتە مێژوویییەکانی تۆماری تەمەن بوو، شتی لێوە فێر دەبوویت و کاتەکە دەبووە یەکێک لە ساتە دەگمەنەکانی مێژووی ڕێڕەوی ژیان و بە ئاسانی لەبیر نەدەچووەوە، هێندە باس و خواسی دەگمەنی تێدا دەکرا.

بەندە یەکێک بووم لەو پێشمەرگانەی لە ساڵانی ٩٨٩١ و ١٩٩٠دا توانیم سێ جار بە خزمەت مام جەلال بگەم. لە هەر دانیشتنێکدا لە بواریکدا پێی ئاشنا دەبووم، چونکە هەر جارەی لە کلاوڕۆژنەی باسێکەوە کۆبوونەوەی پێ دەکردین. لە دانیشتنەکاندا توانیم لە سنووری هەڵگشاوی تاقەت و توانای لە بوارەکاندا بگەم. لە دیدارەکاندا ئەوەم هەڵهێنجا کە وەک تاک، سیفاتی سەرکردەی لێهاتووی زۆر تێدا بوو. لە یەکەم دیداریدا، دوای باسێکی کورتی سیاسەتی جیهان، باسی جموجۆڵی پێشمەرگە، باری دارایی گشتی و قۆناغی تەسکبوونەوەی سنوورەکانی دوای شاڵاوەکانی ئەنفالی کرد. ئاماژەی دا بەوەی ئەم بارودۆخە کاتییە

و دەگوزەرێت. لەم یەکەم دیدارەی مام جەلالدا، هەیبەت و شکۆی مام جەلال و قورسایی کەسایەتیی ئەم پیاوە لە ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە ڕوونی دەرکەوت، کە دەتوانێت وەک کەسێکی تاک جموجۆڵی سیاسیی گەورە بکات و بەرامبەرەکەی بهێنێتە سەر هێڵی کێشراوی ڕازیبوون.

هەروەها کاتێک لە وڵاتی غەریبیی ئێران بووین، ماوەیەک باری دارایمان زۆر خراپ بوو؛ نزیکەی سێ مانگ بوو هیچ مووچەیەکمان وەرنەگرتبوو. کاتێک باری دارایی پێشمەرگە خراپ بێت، کار لە ڕێڕەوی ئاسایی خەبات دەکات و کارەکان ناڕۆن لە غەریبیدا، چونکە لە جەماوەری گوندەکان دابڕابووین و تا ڕادەیەکی زۆر کەلێن لە پێداویستییەکانماندا دروست بووبوو. بۆیە بەدوای دەروازەیەکدا دەگەڕاین لەو بارودۆخە ڕزگارمان بێت. کاتێک مام جەلال لە دەرەوە گەڕایەوە، بووە فریادڕەس و لە بارودۆخەکە تێگەیشت کە باری دارایی خراپە. قورسایی کەسایەتیی مام جەلال پەیوەندیمانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دۆخێکی تەواو باشتر گۆڕی. بروسکەیەکی بۆ وەرەی هێزی پێشمەرگە نارد کە تێیدا هاتبوو: «باری دارایی چاک دەکەین و خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە.» لای خۆشییەوە مژدەی دابەشکردنی هاوکاریی پێشمەرگەی دابوو. هێندەی پێ نەچوو باری دارایی گۆڕا؛ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا سێ مووچە دوابەدوای یەک هات و وەرە گەڕایەوە ناو هێزی پێشمەرگە. ئەمەش هەر لە توانا و هەیبەتبەخشیی مام جەلالەوە دەوەشایەوە کە توانی ئێران ڕازی بکات مووچەمان بۆ بنێرێت. بێگومان پێشتر جەخت لە داواکردنی هاوکاری کرابووەوە، بەڵام هیچ ئەنجامێک وەدەست نەهاتبوو؛ ئەمە بەرئەنجامی هەیبەت و ڕۆڵی مام جەلال بوو کە کاریگەریی لەسەر سیاسییەکانی وڵاتی ئێران کرد و باری دارایی پێشمەرگە باش بوو. هەر لەسەر ڕاسپاردەی مام جەلال و بەو هاوکارییانەی هێنابووی، توانرا باری دارایی بارەگاکانی پێشمەرگە و ئازووقە بگەڕێنرێتەوە دۆخی ئاسایی، و بەرگی بێئومێدی لەبەری پێشمەرگە داکەند و بەرگی هیوایەکی گەشی کردەوە بە گیانی پێشمەرگەدا.

دیداری دووەم لە دەربەندی دزڵێ بوو، کە بارەگای مەڵبەندی یەکی ئەو کاتەی لێ بوو. شوێنەکە دەربەندێکی دڵگیر، سەخت و شوێنی گەشتە؛ تەنیا ئاسمانی ئاستی دەربەندەکە دیارە. کۆبوونەوەیەکی گشتیی پێ کردین. لە کۆبوونەوەکەدا باسی ئازایی و مێرخاسیی هێزی پێشمەرگەی کرد، کە وەک چەکێکی کاریگەر لە چالاکییەکانی دەرەوەی وڵاتدا سوودی لێ بینیوە و باسی کردووە بۆ سیاسییەکانی جیهان و پەیوەستی کردووە بە داواکانی پێشمەرگەوە، کە چەند داوایەکی ڕەوان و بۆیە بە بیروباوەڕەوە دەجەنگن. یەکێک لە سیفەتەکانی مام جەلال ئەوە بوو کاتێک بە دیداری شاد دەبووین، جگە لە باسوخواسی سیاسی، بە قسەی خۆش و هەزەلی کەشی کۆبوونەوەکەی هێندەی تر پڕجۆش و ساز دەکرد؛ کرۆکی باسەکانی دەگۆڕی بۆ جیهانی خەندە، قسەی خۆش، هەندێک جار نوکتە و قسەی نەستەق. هەموو ئامادەبووانی دەهێنایە پێکەنین. بەمەش دانیشتنەکە دەچووە خانەی تۆمارکردنی بیرەوەریی مێژووەوە و بە ئاسانی لەبیر

نەدەکرا. لە پیاهەڵدانی ئازایەتی و مێرخاسیی پێشمەرگەدا دەورێکی باڵای هەبوو؛ باسی ئازایەتیی پێشمەرگەکانی گەرمیانی کرد و نموونەیەکی زەقی ئازایی پێشمەرگەی هێنایەوە و وتی:

ساڵێک دوندێکی سەربەرزی شاخێکی کوردستان بە دەست هێزەکانی پێشمەرگەوە بوو. وەرزی زستان بوو، سەرما و سۆڵەیەکی بێوێنە بەرۆکی پێشمەرگەکانی گرتبوو و بەفرێکی زۆر باریبوو. پێشمەرگەکان لەبەر ساردی و کەمیی کەلوپەلی پێویست، لوتکەکەیان چۆڵ کردبوو. لوتکەی بەرزی شاخەکە هێزی پێشمەرگەی گەرمیانی پێوە بوو. هێزەکانی پێشمەرگە ئاماژەیان دابوو لەبەر سەرما بۆ ماوەیەک ئەو شوێنەمان چۆڵ کردووە و نەگیراوە. سوپای عێراق چووبوونە شوێنەکە و بەیاننامەی گرتنی شوێنەکەیان بڵاو کردبووەوە.

هەواڵەکە گەیشتبووە مام جەلال و وتبووی: «بۆ پێشمەرگەکان ئەو شوێنەیان چۆڵ کردووە؟» پێشمەرگەکانی گەرمیانیش وەڵامیان دابووەوە و وتبوویان: «وەڵا شوێنەکە نەگیراوە، خۆمان شوێنەکەمان چۆڵ کردووە. جا ئەوە چییە، هەر ئەمشەو دەچین و دەیگرینەوە!» بەڵێنیان دابوو بە مام جەلال کە هەر ئەو شەوە دەیگرنەوە و دەیکەنەوە بە سەنگەر و مۆڵگەی پێشمەرگە. مام جەلال لە دریژەی قسەکانیدا ئاماژەی دا کە: «پەیمانەکەیان بردە سەر و هەر ئەو شەوە لوتکەکەیان گرتەوە و پاراستیان.»

لە منبەرەوە هێندەی تر دەستی کرد بە پیاهەڵدانی ئازایی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و وتی: «بە کەمی و زۆریی ژمارەی چەکدار نییە و هەمیشە پێشمەرگەکان لە شەڕەکاندا دەیبەنەوە.» پاشان ڕووی کردە جیهانی پێکەنین و قسە خۆشەکانی و وتی: «بە شێوەی شەڕی پارتیزانیش بێت، واز لەم حکومەتەی عێراق ناهێنین؛ یا دەمانبەزێنێت یا دەیبەزێنین، یا ئەمانپسێنێت یا دەیپسێنین!» لە دریژەی قسەکانیدا بۆ خەندە و خۆشی و گۆڕینی کەشی گوێگرتن بۆ پێکەنین، وتی: «یان ئەمان... یان دەیانترێنین!» کەشەکە تەواو گۆڕا و ورەی پێشمەرگە هێندەی تر بەرز بووەوە تا بووە پێکەنین. دواتر دەورەی سەربازی کرایەوە بۆ شارەزایی لە شەڕی پارتیزانی و ژمارەیەک پێشمەرگە ناوی خۆیان تۆمار کرد بۆ چوونە خوارەوە بۆ ناوچە و گوندە چۆڵەکانی کوردستانی باشوور.

جاری سێیەم لە قاسمەڕەش بوو، کە خاڵێکی سنووریی نێوان دوو وڵاتی عێراق و ئێرانە. کۆبوونەوەیەکی گەورەی پێ کردین. دووبارە تازە لە دەرەوە گەڕابووەوە؛ هەموو کادرە تەندروستییەکانی کۆکردبووەوە، باسوخواستێکی زۆری سیاسی و هاوکێشە سیاسییەکانی کرد و ورەی تەواو بەرز کردینەوە کە دڵنیا بین گۆڕانکاری دەبێت و دەگەڕێینەوە وڵات و ناو کەسوکاری خۆمان. هەریەکە لایتێکی شەحنیی پاتریی دا پێمان کە بۆ ئەو کاتە دیارییەکی نایاب و دەگمەن بوو، چونکە لەو وڵاتانە ئەو جۆرە لایتە دەست نەدەکەوت. لەو ڕوانگەیەوە کە کادری تەندروستی لەناو هێزی پێشمەرگەدا خزمەتێکی زۆری هێزی پێشمەرگەی دەکرد و کارێکی زۆر پیرۆز و پێویست بوو لە سەردەمی شاخدا، تەنیا لایتەکانی بە کادرە تەندروستییەکان دا. لە دواییدا تەوقەی لەگەڵ هەموومان کرد. ڕەوانشاد دکتۆر ئاتیلامان لەگەڵ بوو کە کەمێک ڕیشی

هەبوو؛ دوا کەس بوو کە تەوقەی لەگەڵ کرد و وتی: «مەرحەبا مام سۆفی!»
هەر لە درێژەی باسە سیاسییەکانیدا، هەواڵی گەرموگوڕی تازەی لادەبوو. ئاماژەی دا کە زۆر کەسی لە ستافی سیاسییە گەورەکانی دنیا بینیوە، وەک ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا. ئەو هەواڵانە کەمتر لە شاشە و ڕادیۆکانەوە باس دەکران و شتی وردی نهێنیی زۆری تێدا بوو کە پێی ئاشنا نەبووین؛ هەستت دەکرد هەموو کارەکان بە کۆششی کەسایەتیی مام جەلال ئەنجام درابوون.
ئەوەی کە ئاماژەی پێ دا و هەموومانی سەرسام کرد، وتی: «ئەم دۆخە هەروا نامێنێت. دڵنیا بن عێراق بێ گۆبەن دانانیشێت و هێرش دەکاتە سەر یەکێک لە وڵاتانی دراوسێی؛ گۆڕانکاری ڕوو دەدات و سودەکەی بۆ بەرژەوەندیی کورد دەگەڕێتەوە.» هەرواش دەرچوو؛ هێندەی پێ نەچوو عێراق کوەیتی داگیر کرد و دەروازەی ئازادی لە کورد کرایەوە. دەتوانرێت ئاماژە بیدرێتێ کە مام جەلال یەکەمین کەس بوو ئەگەری داگیرکردنی کوەیتی لەلایەن عێراقەوە پێشبینی کردبوو. هەروەها باسی ئەوەی کرد کە پێویستە خولی زۆر بکەینەوە و هەندێکتان بنێرین بۆ دەرەوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەرزتر. هەر لەم کاتەدا سەیری د. حسێنی کرد کە برازای خۆی بوو و دکتۆری شۆڕش بوو، وتی: «تۆ نانێرین بۆ دەرەوە، چونکە تۆ برازامی؛ دوایی دەڵێن مام جەلال برازاکەی خۆی ناردووە، ئەو ئیشەش لە من ناوەشێتەوە.» ئەمەش یەکێک بوو لە ڕەوشتە سیاسییە بەرزەکانی مام جەلال کە هەرگیز نەدەکەوتە ژێر پەیوەندیی کەسایەتی، خزمخزمێنە و ئەو دیاردە نەشیاوانەی ئەمڕۆ سیمای هەموو حزب و کەسایەتییە سیاسییەکانی ناشیرین کردووە و بەردەوام درێژەی هەیە.
دانیشتن لە کۆڕی مام جەلالدا هەمیشە بەجۆش و گەرموگوڕ بوو، بەهای شیرینیی ژیانی پێ دەدایت؛ حەزت دەکرد هەر بەردەوام بێت لە کۆڕی دانیشتن و گوێگرتن لە باس و ئاموژگارییەکانی. لە دانیشتنەکاندا بە توانا، لێهاتوویی، بوێری و قەبارەی خەرمانی زانیارییەکانی ئاشنا دەبوویت. دوای ئێمە، کۆبوونەوەی لەگەڵ چینەکانی تری نووسەران، دادوەران و فەرماندە سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگەدا ئەنجام دا؛ زۆر لە برادەران پرسیاریان کرد و وەڵامی دانەوە. ئەوەی شایانی باسکردنە، چەندین جاری تری دوای ڕاپەڕین بە دیداری مام جەلال شاد بووم و لە دوور و نزیکەوە گفتوگۆم لەگەڵ بەڕێزیاندا کردووە؛ هەروەک لەگەڵ ستافی مەڵبەندەکان، نووسەرانی کەرکووک، ڕۆژنامەنووسان و دانیشتنەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، چەندین جار کۆبوونەوەی لەگەڵ کردووین و کەوتووینەتە جیهانی تایبەتیی باسە بەتاسۆق و دەگمەنەکانی. لە کۆی دانیشتنەکاندا، هەر جارەی لە دەلاقەیەکی تایبەتەوە ئاشنای گەورەیی ئەم کەسایەتییە بووم؛ هەستت دەکرد ئەزموونەکانی خوێندنەوە، گەڕانی وڵاتان، بینینی کەسایەتییە جیهانییەکان، ژیانی تەمەنی شاخ و پێشمەرگایەتی، و زیرەکی و زیتەڵی لە منالییەوە، ئەم کەسایەتییەی کردووە بە دەریایەکی بێپەی لە بەسەرهات، ئەزموونی سیاسی و زانیاریی هەمەلایەنەی درست.



هەرجارەی باسێکی مام



ڕێبوار ی ئیعلام

مێژووی سەرۆک مام جەلال مێژوویەکی پرشنگدار و پڕ لە تێکۆشانە ئەم مێژووە دەرەوشاوەیە پڕە لە یادەوەری و بیرەوەری کە بە چەندین کتێب کۆتای نایەت چ یادەوەری و بیرەوەریەکانی سەردەمی خەبات و تێکۆشانە یان سەردەمی خوێنکاری یان سەردەمی خەبات یانە لەگەڵ کەسایەتیە سیاسیەکانە یانە لەگەڵ سەرۆکی وولاتانی دنیا ئەم بیرە وەریەی سەرۆک مام جەلال کەلەگەڵ مامۆستای گەورە وسیاسەت مەدار وڕووناکبیرمامۆستا ابراهیم احمد دایە. بەیەکێک لەناوازەترین بیرەوەریەکان پێناس دەکرێت بۆبەگرنگی ئەزانین لەم ژمارەی گۆڤارەدا بۆتان بڵاوبکەینەوە کەپێشترلە دووتێی کتێب بەناوی(خاک)ی کوردستانی نوێ دابڵاوکراوەتەوە . سوپاس کەلەبڵاوکراوەکانی دامەزراوەی سەرۆک جلال تاڵەبانی ومەکتەبی ڕاگەیاندنە (نوسینی مام جلال)ە پیاچونەوەی مەریوان مەسعود بۆی کردووە کەلەپەڕەی (١١٥-١٢١) کە لەو کتێبەدا.

بیروباوەڕەچەپەکانیش سەرەنجی ڕاکێشام. مامۆستا برایم لەسەرەتای ژیانییەوە، چەپ بوو، زۆرتش لە ژێر تەئسیری لینینیزم دابوو ، دوای ئەوبەماوتس تۆگ وتاقیکردنەوەی چینی موعجەبوو. بۆیەکەمین جار گوێم لێ بوو، پاشان یش زۆری دەگوتووە؛ کە(خۆزیامارکسیزم-لینینیزم لەڕێگەی چینەوە بۆ ڕۆژهەلاتی ئێمە دەهات). ئەوبیرۆکەی خۆی باش بۆ شەرح کردم وسەلماندم. سەبارەت بەوەی کە هەلومەرجی چین لەهی ڕۆژهەلاتی ئێمە زۆر نزیکترە هەتاکو هەلومەرجی ئەوروپا. چینیش وەک ئێمە وڵاتێک بووە نیمچە سەرمایەدار و نیمچە دەرەبەگ، بن دەست وبێ بەش لەسەربەخۆی ، ئەویش لەقۆناغی رزگاری نیشتیمانی ودیموکراسیدابوو، دیموکراسییەکەش دیموکراسی نوێ بوو. کە مامۆستا برایم باش تێگەشتبوو چاکیش لەمنی گەیاند. مامۆستابرایم دەیویست ئەوەش بخاتە ناو پڕۆگرامی پارتییەوە، واتە دیموکراسی نوێ ، قۆناغێکە لەبەینی سەرمایەداری کلاسیکی و سۆشیالیزم دا. مامۆستا برایم لەکۆنگرەی دووەمدا هەڵبژێردرا بەسکرتێر و بیروڕاکەش لێ پەسەندکرا کە هەر تەنها حزب بگۆڕدرێت و کرابە (پارتی دیموکراتی کوردستان-عیراق) پڕۆگرام وپەیڕەوی کۆنیش بە لاوەنران، بەڵام بۆهی نوی خرایە ئەستۆی (ک ن) ی نوێ کەئامادەی بکات بۆکۆنگرەی سێ ی پارتی .

دوای تەواو بوونی کۆنگرە مامۆستا برایم لە دوای ناردم و چوومە لای لە ئوتێلە کە. سوپاسی کردم و ڕێزی لە هەڵوێستەکەم گرتوو زۆریشی پێخۆشبوو کە بۆم باس کرد بە دڵ و بە گیان ئەو هەڵوێستەم هەبوو. بەتایبەتی من خۆشم بە شایستەی ئەو شوێنە نەدەزانی سەبارەت بەوەی کە

ئەوسا سنفی چواری سانەوی بووم و ئاستی هۆشیاری سیاسی و زۆر بەرز نەبوو . هەر لەو کۆبونەوەیەدا ڕوێنوێنی کردم کە (الدیمقرا طیە الحدیثە) کەی مامۆستای خوالێخۆش بوو زەکی خەیری بخوێنمەوە کە بەشێکی بە عەربی کراوی کتێبە گۆرینەکەی ئەدگار سنو بوو بە ناونیشانی (ئەستێرەیەکی سور بەسەر چینەوە). پێی گوتم کە هەوڵدەم دیموکراسی نوێی ماویش پەیدا بکەم و بیخوێنمەوە هەروەک باسی ئەوەشی بۆ کردم کە پێویستە ئیهتیمام بە کرێکاران و جوتیاران و خوێندکاران بدەین و ئامۆژگاری کردم کە کادری جوتیاری پەروەردە بکەین بۆ لادێی دەشتی هەولێر و قاراج و بەرانەتی واتە سەرنجی بۆلای ڕەنجدەرانی بیروبازوو ڕاکێشام.



مام جەلال

لە وەلامی پرسیارێکی منداباسی بۆ کردم کە ستالین لە موحازەرەیەکیابۆ زانکۆی ڕەنجدەرانی ڕۆژهەلات باسی (٣)جۆر پارتی پێشڕەو دەکات یەکێکیان لەو ولاتانەی کە پڕۆلیتاریا تیا بە ژمارە هەندەو بە چۆنایەتیش خەملیوە، یەکێکیان ئەو ولاتانەی پڕۆلیتاریای هەیە، بەلام زۆرنییەو تاقیکرنەوی کرێکارانەی کەمە، یەکیکیان ولاتانی بن دەستەی بێ چینێکی کرێکاری خەملیون، کە دەبێت پارتی پێشرەویان(دیموکراتی شۆرشگێڕ) بێت. هەندێ لە بیرەوەریەکانم لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمدی نەمر

٢٩دیارە من ناوی مامۆستا برایم ئەحمەدم بیستبوو. هەر لە دوای ٢-٣ ساڵ لە دەرچونی گۆڤاری گەلاوێژەوە ناویم بیستبوو . بگرە لە دوریشەوە دیبووم. من خوێندکاری سەرەتای بوم ئەویش بۆ چەند ڕۆژێک بە حاکمی نێردرابوو بۆ کۆیە. لە وێ دەعوایەکی دژی هەقەکان هەبوو. مامۆستا برایمی حاکم پشتیوانی کردبوون و تەبریەی کردبوون .

ئەوەش دەنگی دایەوە چونکە حوکومەتو هەندێ لە ئاغاکان دژی هەقەکان بوون لەوساوە،لەدوروە،مامۆستابرایمم ناسی نەک هەروەک خاوەنی چاکترین گۆڤاری سەردەمی خۆی ،بەڵک و وەک دڵسۆزێکی هەژاران و پشتیوانێکی جوتیاران و لێقەوماوانی کوردیش. بەڵام هەم سەبارەت بە تەمەن و هەم سەبارەت بە نەبونی هیچ موناسەبەیەک بە دیداری مامۆستابرایم شادنەبووم تاکوو ئەوساڵەی لە زیندان ئازادکرا، ساڵی١٩٥١

لەشوباتی ئەوساڵەدا لەگەڵ خوالێخۆشبوان عەونی یوسف و نوری شاوەیس لە هەولێرەوە چوبوین بۆ کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کورد -عێراق کە لەماڵی شەهیدی نەمر علی حەمدی بەرواری دەبەستررا .ئەوسا ناکۆکیەکی توند هەبوو لەناوپارتیدا ، کۆنگرێس(٣) بەش بوو. ئێمە مانان :خوالێخۆشبوان حلمی علی شەریف ،نوری شاوەیس،علی حمدی بەرواری لەگەڵ بەندەو کاک مەجید و کاک بەکرو

چەند هەڵێکی تر باڵی مامۆستا حەمزە عەبدوڵڵای خوالێخۆش بووین .
کاک سەڵاح روشدی و خوالێخۆش بوو مستەفاکەریم و مەلاسەیفڵڵا مزوری و مەلا سدیق بلوکینی باڵی کاک سالح ودژی کاک هەمزە بوون مامۆستایانی خوالێخۆش بوو برایم ئەحمد و کاکە دەبابە،جەلیل هۆشیارو عەونی یوسف لەگەڵ کاک علی عەبدڵڵا بێلایەن بوون . بەڵام بە پێچەوانەوەی باڵەکەی کاک سالح ڕوشدی لەگەڵ پاراستنی یەکێتی پارتیدا بون و ئامادەی خۆنەپاڵاوتنەوەش بوون بۆسەرکردایەتی پارتی لە پێناوی ئەو یەکێتیەدا.
مامۆستا برایم و کاک جەلیل تازە لە زیندان ئازادکرابوون، بویە جیگەی متمانە و ریزی هەموو بالەکان بوون؛ بویە کە رتنە بەپینەوە بۆ پاراستنی یەکێتی پارتی. ئیمە مانانی (حەمەزیی) منیان هەلبژارد بۆ گفتوگۆکردن لەگەل مامۆستا برایم کە لە ئۆتیل ترۆکادیرۆ دابە زیبوو.
کاکی کاکان منی بردە لایو منی پیناساند. ئەوییش زۆر بە لوتفەوە منیان دواند و پیویستی پاراستنی یەکێتی ریزەکانی پارتی بۆ ڕوون کردەوە و تیی گە یاندم کە نابئ لەو راستا یە دا مەسەلەی بە شە زۆڕو کە م بیتە کایە وە . منیش ئەوەم قبوول کرد بە و شەرتەی نە ک هەر مامۆستا حەمزە لە سەر کردایە تیدا نە بیت بە لکو هەموو ئەندامانی پیشووی ک.م. ی تیانە بیت تاکو کۆنگرەی داهاتوو. مامۆستا برایمیش ئە و پیشنیارەی لی قبوول کردم بە و شەرتەی ئیمەش دە نگ بدە ین بۆ کاک جەلیل هوشیار بۆ ک. م. کە گەڕانەوە لای هەڤاڵەکانی باڵی خۆمان هەموویان پەسەندی کرد بە مامۆستا حەمزە شەوە . دیارە ئەو ڕئژە هە موومان جگە لە کاک صالح روشدی و تاقمەکە ی مامۆستا برایم ئە حەمە دە مان وە ک رزگاریهینەر بۆ پارتیو ریبە ریکی شۆرشگیری پیشکە وتن خوا ز دادە نا. هە ر بۆیە ش بە گشتی دەنگی
کۆنگرەی دوو کرا بە سکرتێری پارتی و بۆ ک.م یش. لە هەلبژاردندا هەڤالان خوالی خۆشبوو نوری شاوە یس و خوالی خۆشبوو حەمە دەمین مەعروف و کاک بەکر ئیسماعیل و مام جەلال هەلبژێردران. دوای ئەوە مامۆستا برایم منی جیاکردەوە و گوتی ئەڕە هەڤالانی ئیوە بە پێچەوانەی ریککە تنەکەمان کاک جەلیل یان هەڵنەبژاردووە، بە ڵکو تویان هەڵبژاردووە. منیش پیم راگە یاند کە من خۆم نەپالاوتبوو، هە ر بۆخاتری سە رخستنی ریککە وتنەکەش تەنازول دە کە م و دوای من کاک جەلیل دیتو دەبێتە ئەندامی ک ن. هە رواشم کرد ئەوسا مامۆستای نەمریش رازیبوو.
لە یەکە م دیدارما لەگە ل مامۆستا برایم ئەحەمە دی نەمردا زۆر ئیعجابم پیی پیدا کرد. جاری بە کوردیەکی رە وانی زۆر جوان، بیروباوە ڕی پی خۆی بۆ ڕوون کردمەوە و تێ یگە یاندم کە دەبی یەکیتي پارتی بپاریزین، جاریش وە ختی گۆرینی پەیڕەوو پرۆگرام نییە. چونکە کاری واگرنگ بە پە لە و بە سە رپیی ناکرێ. دە بی خۆی بۆ ئامادە بکەین. پرۆژە یە کی تیروتە سە ل ئامادە بکەین، بیخەینە بە ردەست هەڤالان لە هەموو شانە و لیژنە کاندا بیرورای خۆیانی لە سە ربردە ن، دە وڵە مە ندی بکە نو گە شە ی پیبدە ن، ئینجا بەیندریتە وە بە ردەم کۆنگرە یە کی فراوانترو (شە رعیتر) لە مە ی ئیستا بۆ بریار لی دانی..



مام جەلال و تورکیا: ئەندازیارێکی دیپلۆماسی و تێکشکێنەری بەستەڵەکی مێژوویی

بورهان شێخ ڕەئوف

مام جەلال ئەو سەرکردەیەی کە نزیکەی نیو سەدە زیاتر کارەکتەرێکی چالاک، دیار، بوێر، ئازا و دیپلۆماتێکی بەتوانا و بەسەلیقە بوو؛ جێ پەنجەی لە سەر زۆربەی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی باشووری کوردستان، عێراق و ناوچەکەش بە گشتی دیاربوو.

مام جەلال هەرلەوسەردەمەی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو تا بووە یەکێک لە سەرکردە کاراو دیارەکانی ئۆپۆزەسیۆنی عێراق و دوای ڕووخانی ڕژێمی عیراقیش بووە یەکەم سەرۆک کۆماری هەڵبژێراوی عیراق تاوەکو لە ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٣ لە دوای تەمەنێکی درێژی پڕ هەوراز و نشێو و سەرکەوتن بۆ دواجار مالئاوایی لە گەلی کوردستان و عیراق و ناوچەکەش کرد لە ڕووی فیزیکییەوە، بەڵام پەیامەکەی و مێژووە پڕ خەبات و چالاکییەکەی وەک چرایەکی ڕووناکی بۆ ئایندە دەمێنێتەوە و نەوە دوای نەوە کەڵکی لێوەردەگیرێت.

مام جەلال؛ پشتیوانی ئازادی و فرەیی

مام جەلال ئەو پیاوە بوو کە ڕۆژنامەنووس و نووسەر بوو، لە هەمان کاتدا پشت و پەنای ڕۆژنامەنووسان، ئەهلی قەڵەم و هونەر بوو. ئەو خاوەنی ئەو وتە بەناوبانگە بوو کە: «ئەگەر هەرکەسێک ڕەخنەی لە من و حزبەکەم هەبوو، با لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا بینووسێت» کە زمانحاڵی حزبەکەی بوو.

ئەو پشت و پەنای ژنان و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان بوو؛ هەر لە تورکمان، کریستیان، یەزیدی، و تەنانەت کوردانی کاکەیی، هەورامی و ئەوانی تریش. لە هەمان کاتدا، خاوەنی پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵ بوو لەگەڵ هەموو ڕەوتە جیاوازەکان؛ هەر لە سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنالیستەکانەوە بگرە تا بوو بە جێگری سەرۆکی گشتی ئەو ڕێکخراوە- تا دەگاتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، کە خاوەنی باشترین پەیوەندی بوو. وەکو لە ڕۆژانی کۆچی دواییشیدا دەرکەوت، ئێرانییەکان بە بەشداری وەزیری دەرەوە لە مەراسیمەکەیدا ئامادە بوون و چەندین لێدوان و هەڵسەنگاندنی بەرزیان بۆ کەسایەتی مام جەلال دەربڕی.

وەرچەرخانی مێژوویی: تێکشکاندنی بەستەڵەکی پەیوەندیی لەگەڵ تورکیا

ئەوەی مەبەستمە زیاتر لەم وتارەدا باسی لێوەبکەم، پەیوەندییەکانی کوردی باشوورە بە دەوڵەتی تورکیاوە. کۆماری تورکیا ئەتاتورک بۆ دەیان ساڵ نکوولی لە بوونی کورد کردبوو لە هەموو کوردستاندا. هەرچەندە لە سەردەمی حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، جۆرێک لە ڕێککەوتن لە نێوان میرنشینە کوردەکان و دەوڵەتی ناوبراودا هەبوو (کە باج و سەرباز بدەن بە دەوڵەت لە کاتی جەنگدا، و دەوڵەتیش زۆر دەستی لە کاروباری ڕۆژانەی میرنشینەکان وەرنەدەدا)، بەڵام پاش ئەوە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و فەرمی لە نێوان کوردی باشوور و دەوڵەتی تورکیادا نەبوو تا ساڵی ١٩٩١.

دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١، مام جەلال توانی بۆ یەکەمین جار پەیوەندی لەگەڵ تورگۆت ئۆزال، سەرکۆماری ئەوسای تورکیا ڕێکبخات و بەم هەنگاوە بەستەڵەکێکی هەشتا ساڵی مێژوویی نێوان کۆماری تورکیا و کوردی باشوور تووانەوە.

لە ڕۆژی هەینی ١٩٩١/٦/١٤ لە کۆشکی چانقایا، بۆ یەکەمجار سەرکردەیەکی کوردی عێراق (مام جەلال) کە هەریەک لە د. بەرهەم سالەح و سەرچڵ قەزاز یاوەری بوون، لەگەڵ سەرکۆماری تورکیا تورگۆت ئۆزال دیدارێکی

میژوویيان ئەنجامدا.
گێڕانەوەیەکی زیندوو لە کتێبی «شەمەندۆفێری میزۆپۆتامیا»
دەربارەی گرنگی و هەستیاریی ئەو کۆبوونەوەیە، ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورک جەنگیز چاندار لە کتێبەکەیدا بەم شێوەیە باسی دەکات:



مام جەلال

«پێش ئەوەی بچێتە لای سەرکۆماری تورکیا یەکمان بینی. مام جەلال زۆر بێئۆقرە بوو؛ وەکو منداڵ پڕ جۆش و خرۆش بوو، بەردەوام بە عەرەبی دەیگوت: «ڕۆژێکی میژوویيە!». خۆمم پێڕانەگیرا و پێم وت: مام جەلال! لە تەمەنتدا ئەمە یەکەمجار نییە کە سەرۆکی دەوڵەت یان کەسێکی میژوویی ببینی؛ لە ماوتسی تۆنگەوە بگرە تا جەمال عەبدولناسر، لە گیڤاراوا تا حافز ئەسەد و ڕەفسنجانی، لەگەڵ هەموویاندا بوویت، و ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستاش لەگەڵ سەدام حوسێن لە بەغدا لەسەر میزی دانوستان دانیشتووی؛ ئەوە چیتە بۆ وا بێئۆقرەی؟!
تاڵەبانی وتی: «ئەمە لە هیچ شتێکی دیکە و لە هیچیان ناچێت! ئەوەی کورد نەبێت، بەئاسانی لە گرنگی دیداری کەسێکی وەک من لەگەڵ سەرکۆمارێکی تورکیا تێناگات!»»
هەر لەو بابەتەدا، نووسەر باسی هاوسەنگییەکانی ناو تورکیا دەکات کە ئەوکات سەرکۆمار لە حزبێکدا بوو و سەرۆکوەزیران لە حزبێکی تردا، و هەر نزیکبوونەوەیەک لە کورد هەڵای لەسەر دروست دەکرا و بڤە بوو. بۆیە مام جەلال پێشنیاری بۆ ئۆزال کرد کە بۆ ئەوەی لەو کێشە و هەڵایە بەدوور بێت، ئەوا بە ناوی شاندی ئۆپۆزسیۆنی عێراقەوە خۆی و مەسعود بارزانی بانگهێشتی تورکیا بکات.
دەرئەنجام و ڕەهەندی ستراتیژیی پەیوەندییەکان لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە سەرکردەو کاریزمای دیرۆکی کورد مام جەلال ئەندازیاری پەیوەندییەکانی کوردستانی باشوور و دەوڵەتی تورکیا بوو؛ زۆر بە وردی لە ڕۆڵ و پێگەی تورکیا ڕوانی بەو پێیەی تورکیا ئەندامی پەیمانی ناتۆ بوو و بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە ئەمریکا، تورکیا دەلاقە و دەرگایەکی گرنگ بوو؛ هەروەکو دواتریش دەرکەوت کلیلی واشنتۆن لە تورکیای ئەوساوە بۆ کورد کرایەوە. لە هەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی مام جەلال لە پرۆسەی ئاشتی لە کوردستانی باکووریش بکەین کە ئەوەش ڕاستییەکەی نکوولی لێ ناکرێت.
کاریگەریی سیاسەتی مام جەلال لەسەر ئێستای هەرێمی کوردستان
ڕەهەند و دەرئەنجامی سیاسەت و دیدگا دیپلۆماسییەکانی مام جەلال تەنها بۆ سەردەمی خۆی نەبوو، بەڵکو ئێستاش کاریگەرییەکی قوول و ستراتیژیی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، کە دیارترین ڕەهەندەکانی بریتیین لە:
• هاوسەنگی دیپلۆماسی: بنەمای دروستکردنی پەیوەندیی هاوسەنگ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و هێزە نێودەوڵەتییەکان، کە تا ئێستاش بنەمای سەرەکیی تێڕوانینی دەرەکیی هەرێم پێکدەهێنێت.
• فەرهەنگی گفتوگۆ و ئاشتەوایی: جەختکردنەوە لەسەر مێزی دانوستان و چارەسەری ئاشتییانە بۆ قەیرانە ناوخۆیی و ناوچەییەکان، کە بۆشایی کەسایەتییە کۆکەرەوەکەی هەمیشە لە کاتی ئاڵۆزییەکاندا هەست پێ دەکرێت.
• پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی: پاراستن و پشتیوانیکردنی فرەیی و کەمینەکان کە ئێستاش پێگەی هەرێمی کوردستان لەو ڕووەوە بە زیندوویی هێشتووەتەوە..



دیبلۆماسیەتی سەرۆك مام جەلال

فەتاح شێخ ئەمین (شێخ فەتاحی زیندانی سیاسی) - ئەندام بۆردی تێکۆشەرە دێرینەکانی ی.ن.ك

مام جەلال هەر لە تەمەنی گەنجییەوە خولیای ئەدەب، نووسین، و کۆرە سیاسییەکانی هەبووە، لە ساڵی ١٩٥٣ چووە کۆلێژی یاسا لە بەغدا، ئەوەش بڕیارێک بوو کە ڕێڕەوی کەسایەتییەکەی دارشت؛ خوێندنی یاسا زانیارییەکی بەربلاوی لەسەر مافە دەستوورییەکان، یاسای نێودەوڵەتی، دروستکردنی دەوڵەت پێبەخشی، لە ساڵی ١٩٥٩ کۆلێژی یاسای تەواو کرد.



مام جەلال و شێخ فەتاح شێخ ئەمین

هۆشیاری سیاسی مام جەلال لە تەمەنێکی زۆر پێشوەختەوە سەریهەڵدا، لە کۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا بەشداری لە دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کرد و بووە سکرتێری ئەو ڕێکخراوە. دواتر لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا گەیشتە مەکتەبی سیاسی پ.د.ک.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١، مام جەلال ڕۆڵی سەرەکی بینی لە فەرماندەییکردنی بەرەکانی جەنگ لە ناوچەکانی سلێمانی، کەرکووک، و گەرمیان، هاوکات نوێنەرایەتی دیپلۆماسی شۆڕشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبیدا کرد.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ بەهۆی ڕێککەوتننامەی جەزائیرەوە، بێئومێدییەکی گەورە ئاسمانی کوردستان و سەردەمی سیاسی داگیرکرد، لەم دۆخە سەختەدا، مام جەلال لەگەڵ کۆمەڵێک تێکۆشەر و ڕۆشنبیر لە ١٩٧٥/٦/١ لە دیمەشق یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ی.ن.ک) یان دامەزراند.

ی.ن.ک لەسەر بنەمای فیکری سۆشیال دیموکرات، چەپڕەوی نیشتمانی، و بڕوا بە خەباتی جەماوەری دروستبوو، مام جەلال خەباتی چەکداری لەژێر ناوی «شۆڕشی نوێ»دا ڕێکخستەوە و گەڕایەوە شاخەکانی کوردستان، توانای ڕێکخستنەوەی هێزەکان، دروستکردنی بەرەی بەرگری و ڕاکێشانی چین و توێژە ڕۆشنبیر و جەماوەرییەکان، هاوسەنگی هێزی لە باشووری کوردستاندا بردە قۆناغێکی دیکەوە.

یەکەم: سەرۆک مام جەلال و ڕۆڵی لەسەر ئاستی کوردستان

ڕۆڵی مام جەلال لەسەر ئاستی کوردستانی، نەخشەی ڕێڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیی بۆ هەتا هەتایە گۆڕی، گرنگترین خاڵەکانی ئەم ئاستە بریتین لە:

- چەسپاندنی فرەیی سیاسی:

سەرۆک مام جەلال کۆتایی بە تاک حزبی لە فەزای سیاسی کوردیدا هێنا، بە دروستکردنی یەکێتی، تێگەیشتنێکی نوێ بۆ خەبات و جیاوازی ئایدۆلۆژی لە باشووری کوردستان هاتە کایەوە.

- **داهێنەری بەرەی کوردستانی :**

سەرەڕای ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی دڕێژخایەن، مام جەلال درکی بەوە کرد کە بێ هاوپەیمانی ناوخۆیی مەحاڵە کورد بە ئامانجەکانی بگات، لە ساڵی ١٩٨٧ ڕۆڵی سەرەکی بینی لە دروستکردنی «بەرەی کوردستانی» کە تەواوی حزبە کوردستانییەکانی کۆکردەوە.

- ڕابەرایەتیکردنی ڕاپەڕینی ١٩٩١:

ئەم بەرەی نیشتمانییە بووە بنەمای سەرەکی بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و ڕزگارکردنی شارەکانی کوردستان لە دەستی ڕژێمی بەعس.

- دامەزراندنی ئەزموونی هەرێم و

پەرلەمان ١٩٩٢:

مام جەلال یەکێک بوو لە دایناموّ سەرەکییەکانی ئاڕاستەکردنی جەماوەر بەرەو هەڵبژاردن و دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا.

- ئاشتی ناوخۆیی و ڕێککەوتننامەی واشنتۆن:

دوای ساڵانێک لە شەڕی براکوژی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا، سەرۆک مام جەلال بە ئیرادەیەکی سیاسی بەرزەوە لە ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ مەسعود بارزانی ڕێککەوتننامەی واشنتۆنیان ئیمزا کرد، کە دواتر بووە بنەمای ئاشتی کۆتایی و یەکخستنەوەی ئیدارەکان لە ساڵی ٢٠٠٥دا بە ناوی «ڕێککەوتنی ستراتیژی».

دووەم: سەرۆک مام جەلال و ڕۆڵی لەسەر ئاستی عێراق

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، قۆناغێکی زێڕین لە ژیانی سیاسی مام جەلال و میژووی عێراقدا دەستی پێکرد. سەرۆک مام جەلال ڕووی لە بەغدا کرد و بووە دیارترین ئەندامی ئەنجوومەنی دەسەڵاتی عێراق و دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٥ بە یەکەم سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی دەستووریی عێراق هەڵبژێردرا.

- ئەندازیاری دەستووری نوێی عێراق ٢٠٠٥:

سەرۆک مام جەلال ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی بینی لە گەرەنتیکردنی مافەکانی گەلی کورد لە دەستووری نوێدا، لەوانە فیدرالییەت بۆ هەرێمی کوردستان، بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی، و دارشتنی ماددەی ١٤٠ بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان.

- چەتری کۆکەرەوە و «سەمامی ئەمان»:

لە قۆناغێکدا کە عێراق بەرەو شەڕی تایفی و عەشائیری دەڕۆشت (٢٠٠٦–٢٠٠٨)، سەرۆک مام جەلال وەک باوکێکی ڕوحی بۆ تەواوی پێکهاتەکانی عێراق (شیعە، سونە، کورد، تورکمان، و مەسیحی) کاری دەکرد، لێهاتوویی لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هێزە شیعی و سوننییەکاندا وایکرد نازناوی «سەمامی ئەمانی عێراق»ی پێ ببەخشرێت.

- بەرگریکردن لە مافی پێکهاتەکان:

سەرۆک مام جەلال بڕوای بە عێراقێکی دیموکرات، فیدرالْ، و فرەیی هەبوو کە تێیدا مافی سەرجەم پێکهاتەکان پارێزراو بێت، ئەمەش وایکرد حزبی شیعە و سوننەکان بەیەکەوە ڕێزێکی بێئەندازەی لێبگرن.

سێیەم: سەرۆک مام جەلال و ڕۆڵی لەسەر ئاستی هەرێمی

مام جەلال لە بواری دیپلۆماسی و پەیوەندییە هەرێمییەکاندا خاوەنی قوتابخانەیەکی تایبەت بە خۆی بووە، لە ناوچەیەکدا کە پڕبوو لە ناکۆکی و هاوکێشەی ئاڵۆز، ئەو توانی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لە ئاستی دوژمنکارییەوە بۆ ئاستی هاوبەشی ستراتیژی بگوازێتەوە.

- پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران:

سەرۆک مام جەلال پەیوەندییەکی میژوویی، قوڵ و بڕواپێکراوی لەگەڵ سەرکردایەتی ئێراندا بونیادنا، ئەم پەیوەندییە لە سەردەمی خەباتی شاخدا هاوکارییەکی گەورەی شۆڕشی کورد بوو، و لە سەردەمی دوای ٢٠٠٣شدا یارمەتیدەر بوو لە هێورکردنەوەی گرژییەکان لە عێراقدا.

لەگەڵ تورکیا:

سەرۆک مام جەلال ڕۆڵی سەرەکی بینی لە شکاندنی بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەنقەرە، لە سەرەتای نەوەدەکاندا لەگەڵ تورگوت ئۆزال (سەرۆکی ئەوکاتی تورکیا) دیالۆگی ڕاستەوخۆی دەستپێکرد و دواتریش ڕۆڵی نێوەندگیری بینی بۆ دروستکردنی پڕۆسەی ئاشتی لە نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیادا.

- پەیوەندی لەگەڵ جیهانی عەرەبی:

بەهۆی شارەزایی لە زمان و شارەزایی قوڵی لە میژوو و ئەدەبی عەرەبیدا، سەرۆک مام جەلال پەیوەندییەکی کەسایەتی بەهێزی

لەگەڵ سەرکردە عەرەبەکاندا هەبوو (لەوانە حافز ئەلئەسەد، مەعەمەر قەزافی و پاشای ئەردەن). ئەمەش وایکرد پرسی کورد لە ولاتانی عەرەبیدا لە چوارچێوەی «کێشەی ئەمنی»یەوە بگوێزرێتەوە بۆ «پرسی ڕەوای نەتەوەیی».

چوارەم: سەرۆک مام جەلال و ڕۆڵی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

لەسەر ئاستی جیهانی، مام جەلال توانی دەنگی گەلی کورد بگەیەنێتە بەرزترین ناوەندە بڕیاربەخشەکانی جیهان، ئەو تەنها وەک سەرکردەیەکی ناوچەیی سەیر نەدەکرا، بەڵکو وەک دەوڵەتمەدارێکی جیهانی پێشوازی لێدەکرا

•ئەندامێتی لە سۆشیالیست: ئینتەرناشنالّ (Socialist International):

سەرۆک مام جەلال، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردە ئەندامی فەرمی لە ڕێکخراوی سۆشیالیست ئینتەرناشنالّ و خۆشی بووە جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەکە، ئەم سەکۆیە دەروازەیەکی گەورە بوو بۆ ناساندنی پرسی کورد بە حزب و حکومەتە چەپ و سۆشیال دیموکراتەکانی ئەورووپا و ئەمریکای لاتین.

- دیپلۆماسییەت لەگەڵ زلهێزەکان (ئەمریکا و ئەورووپا):

سەرۆک مام جەلال پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئیدارە یەک بە دوای یەکەکانی ئەمریکا و ولاتانی ئەورووپادا دروستکرد. پێشوازی لێکردنی لە کۆشکی سپی لەلایەن سەرۆکەکانی ئەمریکاوە (لەوانە جۆرج بوش)، گەواهی ئەوە بوو کە سەرۆک مام جەلال هاوبەشێکی باوەڕپێکراوی ڕۆژئاوا بوو لە ناوچەکەدا.

- وتار لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان: وەک سەرۆک کۆماری عێراق، سەرۆک مام جەلال چەندین جار لە سەکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک وتاری پێشکەش کرد. بەدەستهێنانی ئەم پایەیە و وتاردانی بە ناوی دەوڵەتی عێراقەوە، لووتکەی دەستکەوتە دیپلۆماسییەکان بوو بۆ سەرکردەیەکی کورد.

مام جەلال تەنها سیاسەتمەدار نەبوو، بەڵکو ڕۆشنبیر، ڕۆژنامەنوس، و ڕەخنەگرێکی بەتوانا بوو. ئەو بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی، و ئینگلیزی بە ڕەوانبێژی قسەی دەکرد، لە سەرەتای ژیانییەوە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەی هەبوو و دواتریش چەندین پەرتووک و لێکۆڵینەوەی سیاسی و مێژوویی نووسی.

کەسایەتی سەرۆک مام جەلال بە کەرەستەی زەردەخەنە، نوکتە دەستبەجێیەکان، و توانای بەستنی پەیوەندی کەسایەتی لەگەڵ دۆست و دوژمنەکانیدا دەناسرایەوە، ئەم خەسڵەتانە یارمەتیدەرێکی گەورە بوون لە هێورکردنەوەی قەیرانە قورسە سیاسییەکاندا.

نەخۆشکەوتنی سەرۆک مام جەلال لە ٢٠١٢دا، بۆشاییەکی گەورەی سیاسی لە عێراق و کوردستاندا دروستکرد، میراتی مام جەلال لە ناوچەکەدا بریتییە لە: چەسپاندنی بیری دیموکراسی، فیدرالّییەت بۆ کوردستان، کلتوری دیالۆگ و قبوڵکردنی بەرامبەر، و قوتابخانەیەکی دەوڵەمەندی دیپلۆماسییەت.

سەرۆک مام جەلال لە خەباتی شاخ و گوندەکانەوە دەستی پێکرد و گەیشتە لووتکەی دەسەڵات لە بەغدا، بەمەش بووە یەکێک لە دەگمەنترین سەرکردەکانی مێژووی هاوچەرخ کە توانی بڕوا بە خەباتی چەکداری و دیپلۆماسییەتی دەوڵەتمەداری لە یەک کاتدا کۆبکاتەوە.

ڕۆڵی سەرۆک مام جەلال لەسەر ئاستەکانی (کوردستانی، عێراقی، هەرێمی، و نێودەوڵەتی) بەستراوە بە یەکترەوە؛ لە کوردستان ئاشتی و فرەیی چەسپاند، لە عێراق بووە دەستوورنووس و سەمامی ئاسایش، لەسەر ئاستی هەرێمی دەرگای دیالۆگی کردەوە، و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پرسی کوردی گەیاندە بالاترین سەکۆکان، ناوی مام جەلال وەک سیمبولی ئاشتی، دیالۆگ، و خەبات لە مێژووی گەلاندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

هەڤالانی خەباتگیری ی. ن. ك:
پێشمەرگە نەبەزەکانی هێزی پشتیگیری کوردستان..

ئامادەکردنی: ڕێبوار ستار

> وتارێکی سەرۆك مام جەلال لە یادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە ساڵی ١٩٨٧دا، کە باس لە ئەرکی خەبات دەکات لە هەلومەرجێکی دژواردا، ئەم وتارە لەلایەن ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران چاپکراوە لە ساڵی ٢٠١١، هەڤاڵ (فەرید ئەسەسەرد) پێشەکی بۆ نووسیوە.

٢. ڕاستیی دووەم ئەمەیە: کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هەر بەهێزو توانای خۆیان، هەر بەخۆیان، ژیرانە و شۆڕشگێڕانە، هێزو توانای ڕەدو ڕەوەندیان ساز بدەن و ڕێکبخەن و بخەنە گەڕو ژیرانە ڕێبەریشیان بکە ن، گەر بپڕێن هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان یەکبخەن و بەدڕی بەدەی کوردستانیان لێ پێک بهێنن، گەر بپڕێن چە کدارە هەڵخەڵەتێنراوەکانیش بهێننەوە ڕیزی کوردایەتی و شۆڕش، گەر دلێرانە و لەخۆبوردوانە لەکۆڕی خەبات و فیداکاریدا بچنە پێش و ڕاوەستین ئەوا سەرکەوتن مسۆگەر دەکەین.

ئەم ڕاستییە هەر بۆ هۆشیار کردنەوە و بەخۆهێننانەوە و وەبیرهێنانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دوردات ناکەینەوە، ئەم ڕاستییە هەر بۆ جۆلاندنی ویژدان و دەماری کوردایەتی و پیاوەتی هەموو کوردێکی دڵسۆز دوردات ناکەینەوە، هەر بۆ گلەیی و ڕازی دلێش نانێندرێتە بەڕگوێی دۆستە بابەتییە خۆمات کردووە کانمادا، بەڵکو بۆیەش بەزەق و ڕەقی دەیخەینەڕوو.

چونکە ڕاستییەکی ڕەوای کاریگەریشە، چونکە گەر بکەوێتە گەڕ کاریگەرو چارەنوس سازیشە، چونکە مێژووی هەموو گەلان، تاقی کردنەوەکانی کوردیش خۆیان، دەمێکە ئەم ڕاستییەیان سەلماندووە و نیشانیان داوە گەلێک با زۆر بچوک و دواکەوتووش بێت، بتوانی هێزەکانی خۆی باش سازو ئامادە بکات، چاک بیان خاتە گەڕو ژیرانە ڕابەری بکرین ئەوا دەتوانێت بەسەر گەورەترین دوژمنی بەلامارەری زۆرداردا زال بێت. ئەوە نیە گەلانی جەزائیرو ڤیتنام زال بوون بەسەر ئیمپریالیزمی فەڕەنسا و ئەمریکادا؟ ئەوە نیە ئەلبانیای بچوک زال بوو بەسەر ئیتاڵیای فاشیستی زلدا؟ ئەوە نیە کوباو نیکاراگوا لەپێنا قەڵای توندو تۆڵی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی جیهانیدا سەرکەوتوون؟! بگرە ئەوە نیە شۆڕشی خۆمان و ی.ن.ک خۆمان دوازدە ساڵە بەگر درندانەترین دەوڵەتی ئیستعماری ئیستیتانی عەفلەقیدا دەچێت و لەسەرکەوتوون و بەپەرەسەندنی تر دەچێت؟! ئەوە نیە دوژمنە عەفلەقییە هارەکەمان بەدەربەچاوی هەموومانەوە مانگی چەند جارێک بەدەستی هەپ.ک و هـ پشتیگیری کوردستان تووشی چەندین شکستی ئابڕووبەرانە و سەروشۆڕکەرانە دەکەین؟! ئەوە نیە لوتکە چیاکانی شارباژێڕ و دەشتی شارەزوور بگرە تا سەر لوتکە چیاکانی گەڵەزەردە بارانان دەشتی گەرمیان هەردەکانی ئۆمەربل و شاری دێرینی ڕواندوز و تەق تەق، دوژمنی عەفلەقی تووشی چ جۆرە شکست و زەرەرو زیانێک دەکرێ؟

٣. بەڵێ ڕاستیی سێیەمینیش ئەمەیە ئیمە کورد کە دەتوانین دوژمنە عەفلەقییەکەمان بیمبەزینین و دەتوانین پێشبکەوین و دوری پەرەپێین لەژێردەربەی زۆری کوردستاندا، واتە دوژمنە عەفلەقییەکەمان لەشکاندا هاتووە. هەر چەندە خۆی لەکورد کردووە بەشێرێکی درندەی پیاوخور، بەڵام لە دیدی دوا ڕۆژدا، شێرە بەفرینەیە. چونکە ناوەڕۆکەکەی پوچەڵە، چونکە زۆردارو خوێنمژ و داگیرکەر و پەلاماردەرە. کە ئەمانەش خۆیان لەخۆیاندا مایەی گەندەڵ کردن و کلۆر کردنی ڕژێمەکەی عەفلەقین و دەبنە هۆی کزبوون و لاوازبوونی: دەبنە مایەی چەندین جۆرە گیر وگرفت و گێچەڵ و دەردەسەری بۆی. ئەوەتا ڕژێمی عەفلەقی دوو شەڕی گلاوی و هەڵگیرساندوە واخەریکە بەئاگرەکەیانەوە دەسووتێت: شەڕی تەفروتونا کردنی کورد و کوردستان و شیرێپەلامارەدرانش بۆسەر جمووری ئیسلامی هەموومان دەزانین کە شۆڤینیەت و تەیبیعەتە بۆرژوازیە ئیستیعماریەکەی حوکمی عەفلەقی بۆتە مایەی هەڵگیرساندنی شەڕی تەفروتونا کردنی کوردو کوردستان. هەمووشمان دەزانین کە بەفیتی ئیستعماری ئەمریکاو کۆنەپەرستیی عەرەب و دەزگا سەهسۆنیەکان بەدرۆ و دەلەسەی ئەفسەرە هەڵاتووەکانی شای گۆڕ بەگۆڕ، سەدامی خوێنڕێژ شەڕێکی پەلاماردەرانەی زۆردارانەی بەسەر ئیراندا سەپاند.

بەڵام حسابە کەی سەددام و ئاغا ئیمپریالیستەکانی سەددام غەڵەت دەرچوون. ئێران نەک هەر تسلیم نەبوو بەڵکو دەستی کردەوە و خۆی سازدایە وە و توانی هێزو توانایەکی زۆر کۆ بکاتەوە ولەشکری پەلاماردەری سەددام لەخاکی ئیران دەربکات و سەدان هەزار ئەسیرییشی لێ بگریت و ڕۆژانەش هەڕەشەی بەلاماراندو داگیرکردنی بەسڕەو عەمارەو خانەقین و شوێنەکانی تریشی لێبکات ! ئەم شەڕە شوومەی سەددام کە ناوی قادسیەی تاوان و خوێنڕێژی و مالوێرانی بەخۆیەوە گرتووە بۆتە هۆی لاوازی و کزیی ڕژێمە کەی لەڕووی عەسکە ری و ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. بۆتە هۆی پەچەدامالّی لەڕووی ڕەش و داروەستە کەی سەددامی خوێنڕێژ و فاشیست وە دەرکەوتنیان وەکو نۆکەرانی ئیمپریالیزم و هاوپەیمانی حکومتەکانی کامپ دێڤید و سعوودیە و ئوردن و هەموو کۆنەپەرستە کانی تر. هەرچەندە زۆر زۆر بەداخەوە هێشتا هەندێ هەر کەوڵە سووڕەکە ی خۆیان بەسەر ڕووی ڕەشی ئەم تاقمە خوێنڕێژە تاوانبارە دادەنو جارجاریش بۆخۆتانی پێشکەوتنخوازی و سەربەخۆبوونی پێ دەکەن، بەڵام ئیتر قارەمانی قادسیە شوومەکە چیتر ناتوانێ لاف و گەزافی سۆشیالیزم و پێشکەوتنخوازیی و دۆژمنایەتی ئەمریکاو ئیسرائیل بەرەی شۆڕشگێڕایەتیی عەروبە لێ بدات! ئەوە نیە بەبەرچاوی هەموومانەوە سەری شۆڕکرد و ملی شەرمەزاری دانواند بۆ ئیسرائیل کە هاتە سەر بەغدا و کورە ئەتۆمییەکەی لێ تێکدا تەنانەت بێ ئەوەی دەستیش بکاتەوە چ جای تۆڵە بکاتەوە؟ ئەوە نیە سەری نۆکەرایەتی شۆڕکردووە دای نەواندووە بۆ ئەمریکاو ئەفسەرەکانی ئەمریکا دهێنێت تەحقیق لەئەفسەری فڕۆکەوانی عیراقی بکەن کە بەئەمری خۆی، بەئەمری سەددامی جەلاد چوونەتە سەر خەلیجی فارس؟! بەڵێ ئەوە نیە ڕۆژانە لەسعودیە و ئۆردۆند میسر کامپ دیڤید دەپارێتەوەو مەرای و ماستاوی خەستیان بۆ دەکات؟! ئەوە نیە وازی لەڕزگاری فەلەستین و شەڕی ئیسرائیل و جەبهەی

ڕۆژهەڵات و هەموو جۆرە هاژو هۆشەکانی عەفلەقی هێناوە و مل شۆڕو سەروشۆڕو کلۆڵ و داماو بەدەست گیرو گرفەت کانی شەڕە گڵاوەکانی خۆیەوە؟! ئەمانەش هەموو نیشانەی فشۆڵی و کزۆڵی ڕژێمەکە ی سەددامن: نیشانەی گەندەڵ بوون و پووچەڵ بوونی حوکمە دیکتاتۆرییە خوێناویەکە ی سەددامن، نیشانەی چەمینەوەی ڕژێمەکە یەتی لەژێر بارە قورسەکانی تەنگوچەڵەمە ئابوری و عەسکەری و سیاسییەکانی خۆیدا. ئەو تەنگوچەڵەمانەی مەگەر بەشەڕ وەستاندن لەگەڵ ئیران خۆی لییان ڕزگار بکات ئەگینا ئەوا پشتی دەشکێنن و لەژێریاندا پانو فلیچ دەبێتەوە. هەر بۆیەشە هاواری ئاشتی و ئاشتبوونەوەی لێ هەڵساوە و داوای ڕاگرتنی شەڕ دەکات لەگەڵ ئیران.

بەڵێ لەم کات و ساتەدا، ڕژێمی عەفلەقی بەو هەموو تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتەوە، ڕووبەڕووی شۆڕشی کوردستان دەبێتەوە، بۆیە شکاندنی مومکین و لەتواندایە و زۆریش زەحمەت و زۆریش دوور نیە.

٤. ڕاستیی چوارەم زانینی ئەمەیە کە چۆنی دەشکێنین و چۆن ڕزگارمان دەبێت لەدەستی و چۆن هێزو تواناکانی کۆمەڵانی خەڵکی خۆمان لێ بەکار دەهێنین. وەڵامی ڕاست و دروستی ئەم پرسیارانە ، ڕاستییەکی زۆر گرنگ پێکدێنێ کە بەکارهێنان و کار پێکردنی دەبێتە مایەی ڕزگاری و سەرکەوتنمان. ئەم ڕاستییەش بریتییە لە:

١. پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی کوردستان بۆ سازدان و ڕێبەری کردنی خەبات و شۆڕشی کوردستان و هاوخەباتی کردنی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عیراقی بۆ ڕووخاندنی ڕژێم و هێنانە سەر کایەی حوکمێکی ئیئتیلافی دیموکرات کە دیموکراسیی ڕاستەقینە بۆ عیراق و مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان دابین بکات و عیراق و کوردستان لەکارەساتی هەردوو شەڕەکان ڕزگار بکات.

٢. یەکخستنی هەموو هێزی پێشمەرگە یان هیچ نەبێ یەکخستنی خەبات و چالاکییەکانی هەموو پێشمەرگەکانی هەموو هێزەکانی سیاسیی کوردستانی عیراقی هاندان و جۆشدانیان بۆ دەستوەهەشاندنی کاریگەر لەدوژمن و بۆ پاراستنی دێهاتەکانی کوردستان لەدوژمن و بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی ڕاپەڕاندنی خەڵکی شارو شارۆچکەکان و بەدەنگەوە چوونیان لەکاتی مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕاپەڕیندا.

٣. هاندان و وروژاندنی خەڵکی شارو شارۆچکەکان بۆ ڕاپەڕین و توندتر پێکەوە گریدانی خەباتی شاخ و شارو، شارۆچکە و لادێ.

٤. هاندان و هۆشیارکردنەوەی چەکدارەکانی سەر بەمیری بۆ هێنانەوەیان بۆ ڕیزی گەل و کوردایەتی.

بەڵێ هەڤاڵانی خۆشەویست بەبەدیهێنانی ئەم ڕاستییەی سەرەوە، بە بەکارهێنان و جێبەجێکردنی ئەم ڕاستییەی سەرەوە دەتوانین زۆربەی کوردستان لەحوکمی داگیرکەری عەفلەقی ڕزگار بکە ین و یارمەتییەکی باشی ڕووخاندنی ڕژێمەکەش بدەین لەبەغداو عیراقدا.

کەواتە ئەرکی هەرە گەورەمان، ئەرکی هەرە پیرۆزمان ئیمڕۆ ئەمەیە کە ئەو ڕاستییەی سەرەوە بەکارو کردەوە بەدی بهێنین و جێبەجێ دە کەین و چۆنی بەدی دەهێنین؟!

١. پێویستە دەست بەجێ لەگەڵ هەموو ئەو حزبانە ی ڕازیبوونە بەبەرەی نیشتمانی کوردستانی، کۆمیتەیەکی خۆئامادەکردن بۆ بەرەکە دامەزرێنین بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕاپەڕاندنی خەڵکی شارو شارۆچکەکانیش.

جێگەی شادیمانە کە تا ئێستا برای بەڕێزمان کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی و مەکتەبە سیاسییەکانی ح.س.ک ع و پاسۆک و پ.د. گە.ک / یش پێکهێنانی بەرەکەیان پەسەند کردووە .

برای بەڕێزمان کاک مەسعود بارزانی تەنانەت دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی کوردستانی بە «ضرورة ملحة» واتە پێویستییەکی لەدواخستن نە هاتوو داناوە و برایانی سەرکردەی حزبەکانی تریش زۆر گەرم و پشتیوانیان لەپێشنیارەکەمان کردووە بۆ دانانی بەرەی نیشتمانی کوردستان. ئەوەی ڕاست بێت ئێستا هەلومەرجە لەبارەکەی کوردستان بۆ ڕاپەڕاندنی خەڵکی شارو شارۆچکەکانی کوردستانیش پەلەکردنیان گەرەکە لەدانانی بەرەی نیشتمانی کوردستانی بۆ ڕاپەڕاندنیان و ڕێبەری کردنی ڕاپەڕینەکەیان. بۆیە هەقە دەستبەجێ کۆمیتەکەی بۆ دابنێین.

٢. پێویستە دەستبەجێ لەهەموو شارو شارۆچکەیەکدا کۆمیتەیەکی خۆسازدان و خەڵکسازدان بۆ ڕاپەڕین دروست بکە ین لەنوێنەرانی ی.ن.ک و پارتی و حشع و حسک و پاسۆک و پارتی گەلی کوردستان و لەنوێنەرانی مامۆستایانی ئایینی و کاسپکاران و کرێکاران و قوتابیان و

بیر ڕووناکان و پیاو ماقولانی دلێر، تاکو بتوانین هەم خەڵکەکە ساز بدەین بۆ ڕاپەڕینەکە و هەمیش پەیوەندی بەچەکدارە کوردەکانی سەر بەمیرییەوە بکە ین، هەمیش باش و ڕاست و چاک ڕابەری ڕاپەڕینەکەی خەڵک بکە ین.

ڕاپەڕاندنی خەڵک

لەسر مەسەلەی ڕاپەڕاندنی خەڵک لەشارو شارۆچکەکانی کوردستاندا بەپێویستی دەزانم هەندێ تێبینی پێویست دەربڕم:

١. زۆر بەداخەوە ئیمڕۆ لەهەموو عیراقدا زەمینەی ڕاپەڕینی شارەکان ساز نییە. بەڵکو هەر لەکوردستاندا زەمینەی ڕاپەڕاندنی خەڵکی شارو شارۆچکەکان سازو هەلومەرجەکانی بابەتی و زاتیشی لەبارە.

٢. زۆر بەداخەوە هێشتا سوپای عیراق ئەو گیانی هەڵگەڕانەوە و دەست کردنەوە و ڕاپەڕینەی تی نەگەڕاوە کە لەناو فە وجە سووکەکاندا گەڕاوە. خۆزیا زەمینەی ڕاپەڕین لەشارەکانی عیراقدا سازو لەبار دەبوو.

خۆزیا زەمینەی ڕاپەرینی سوپای عیراق سازو ئامادە دەبوو، ئەوسا ئەژدیها عەفلەقییە کە لەملەوە سەری دەبڕایەوە و هەموو عیراق لە و ئەژدیهایە کە سەددامی خوێنڕێژە، ڕزگاری دەبوو. بەڵام کورد گوتەنی داری خۆزیایان چاند، شین نە بوو!

٣ . هەرچەندە زەمینە و هەلومەرجی ڕاپەڕاندنی خەڵکی کوردستان لەبارە و هەپک و هـ پشتگیری ک/ یشمان هەیە لە دە وروبەری شارە کان و شارۆچکە کاندا کە زوو دەگاتە فریای خەلکە کە یان، بەڵام دیسان پێویستە زۆر وە ستایانە، زۆر ژیرانە، بو ڕاپەڕینە کە بچین و ئەم ڕاستییە مان لە بیر بیت کە نابی گە مە بە ئاگری ڕاپەڕاندنی خەڵک بکە ین و دە بێ هەمیشە ئە وە شمان لە بیر بێت کە ڕاپەڕاندنی خەلک هونەرێکی وردی شۆڕشگیرانە شە نە سستی و کە متە رخە می خاو و خلیچی دە ویت و نە پە لە پەل و هەڵپە هەڵپ و موغامەرەش بە کە لکی دێت. هەندێکیان دەبنە مایەی دواخستن و خەساندنی گیانی شۆڕشگێڕانە و مردارکردنەوەی ڕاپەڕینەکە و هەندەکەی تریشیان دەبنە هۆی لەباربردن و تیاچواندنی ڕاپەڕینەکە.

جا بۆ سەرخستنی ڕاپەڕاندنەکەی کۆمەڵانی خەڵک دەبێ و پێویستە کە:

١. خۆسازدان، سازدانی ڕێکخستنەکان، جەماوەر سازدان بۆ ڕاپەڕین دابین بکەین.

٢. کۆمیتەی سەرپەرشتی کردنی ڕاپەڕاندنەکە پێک بهێنین لەو هەموو حزب و هێزو شەخسیەتانەی لەسەرەوە باسمان کردووە.

٣. چەک لەناو شارو شارۆچکەکاندا دابەش بکەین یان پەیدا بکەین، یان لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا دابین بکەین.

٤. هەپک لەنزیک و لەپەنا شارەکاندا سازو ئامادە بکەین.

٥. ڕاکێشانی زۆربەی چەکدارەکان یان بەشێکی گرنگیان بەلای خەڵک و ڕاپەڕینەکەی دا مسۆگەر بکە ین یان هەر هیچ نەبێ بێ لایەنی ئەوان دابین بکە ین.

٦. بچووکترین و سادەترین ڕووداني دلتەزین، خەڵک بزوین، یان پەلامارو دەستدرێژیی میری بۆ سەر خەڵک بپۆزینەوە بۆ ڕاپەڕینەکە، بۆ وڕووژاندن و ڕاپەڕاندنی خەڵکەکە.

٧. بە بەربڵاوی، بۆ هەموو کەسێک، بەتایبەتی چەکدارەکانی میری ئەم ڕاستییە زۆر زۆرتر ڕوون کەینەوە کە نیازی گلاوەکەی حوکمی ئیسستعماری عەفلەقی کاول کردنی هەموو دێهاتی کوردستان و ئۆردووگا زۆرە ملێییەکانی کوردستانیشە ، وە ڕاگواستنی هەموو خەڵکەکەیەتی بۆ خواروووی عیراق. وە نابێ کەس فریر بخوات بەو درۆ و دەلەسە و بەڵێنانە ی دوژمن لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی قارەرمانی شارەزوور دەیدا کە گوایا چیتر دێهات کاول ناکات و چیتر خەڵک ڕاناگوێزی.

نەخێر بەپێچەوانەوە: دوژمن هەر سوورە لەسەر سیاسەتی کاول کردنی کوردستان و ڕاگواستنی خەڵکی کوردستان؛ بەڵام زۆڵانە و فێڵبازانە و هەنگاو بەهەنگاو، پارو بەپاروو کوردەواری دەخوات و کوردستانەکەمان وەک عەزیا هەڵدەلوشێ.

ئەو درۆ و دەلەسە و بەڵێنە فێڵبازانەش هەر بۆیە دەدا تا پەکی هاوکاری نێوان ناوچەکانی کوردستان بخات و ماوە نەدات لەهەموو لایەکەوە، هەموو خەڵکی شارو شارۆچکەکان بەجارێک لێی ڕاپەڕن و چەکدارەکانیش کە زۆربەیان جوتیاری ڕاگوێزراوو سەربازی فیرارن لێیان هەڵگەڕێنەوە و بچنەوە باوەشی گەلی خۆیان.

پێویستە پەیوەندی بەهەموو خەڵک و هەموو چەکدارە هەڵخەڵەتاوەکانی میریيەوە بکە ین بۆ ئەوەی هۆشیار ببنەوە و دوژمن سریان نەکات و چیتر بەدرۆ و دەلەسە و فێڵەکانی دوژمنی زۆڵ و فێڵباز فریو نەخۆن. ئەوا دوژمن لەگەرمیانی کوردستان، لەشوان و لەدەوروبەری سلێمانی هەر ڕەخریکی تێکدان و کاول کردنی کوردستانە.

٨. لەسەرو بەری ڕاپەڕینەکەدا لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا بانگەواز بۆ سەربازو ئەفسەری عەرەبی عیراقی لە» جەیشی عیراقدا» بڵاو بکە ینەوە و داوایان لێ بکە ین کە شەڕی بڕا کوردەکانی خۆیان نەکەن، کە چیتر نەبنە کوتەکی دەستی حوکمی دیکتاتۆری خوێنڕێژی عەفلەقی، کە چیتر خۆیان نەکەنە سووتە مەنی قادسیە شوومە تاوانبارەکەی هۆلاکۆی بەغدا، بەڵکو بینە ڕیزی خەڵکەکەوە و شان بەشانی هەپ.ک و خەڵکی کوردستان ڕاپەڕن و هاوکاری بکە ن بۆ بەعیراقی کردنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکە و ڕووخاندنی حوکمی دیکتاتۆری شەڕخوازی

بنەماڵەی سەددام حسێن عۆجەیی کە بۆتە هۆی بەکۆژتن دان و بریندار کردنی سەدان هەزار عەرەب و کورد و تورکمانی عیراقی کە

مایەی فیتنە و شەڕی براکوژی و کاول کردنی عیراق و تێکدانی یەکیتی نیشتمانی عیراق و هەڵتەکاندنەوەی بڕیاەتی کورد و عەرەبە.

٩. دەبێ دروشمی ڕاست و ڕەواو گونجاو بۆ ڕاپەڕینەکە هەڵبکەین کە لەو داخوازیانەوە دەست پێ بکات کە قابیلی بەدیهێنانن، وەک پەکخستنی ڕاگواستن و کاول کردنی کوردستان و هەڵوشاندنەوەی جاشایەتی و ئینجا وردە وردە بەرەو ڕزگاری کوردستان و عیراق لەحوکمی دیکتاتۆری و هەردوو شەڕە تاوانبارەکەی سەددامی جەلادیان بەڕین.

١٠. پێویستە لەسەر ڕێکخستنەکانی ی.ن.ک: بەکۆمەڵە و شۆڕشگێڕان و یەکیتی یەشەوە خۆیان (بەکادرو ئەندام و پاڵێوراو ولایەنگرانیشەوە) سازو ئامادە بکە ن بۆ دەسپێشکەری، بۆ خۆبەخت کردن، بۆ فیداکاری

لەوڕووژاندن و ڕاپەڕاندن و ڕێبەری کۆمەڵانی خەڵکدا. لەم ڕۆژانەدا دەبێ هەموو خەباتگیرانی ی.ن.ک ببینی ئەو گوتە نایابەی دانتۆن بکە نەوە کە لەشۆڕشی فەرەنسەدا گوتویەتی:

جەسارەت، هێشتا جەسارەت، هەمییشە هەر جەسارەت و ئازایەتی لەڕاپەڕاندنی خەڵک و هەڵکوتانە سەر دوژمن دا.

دەبێ ئیمڕۆ بەکارو کردەوە دەوری پێشڕەوی بنوێنین: دەبێ ئازاو نەبەزو بەجەرگ بن لەدەسپێشکەری دا.

ئەی هەموو ئەندام و پاڵێوراو ولایەنگرانی ی.ن.ک.

ئەی هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی هـپ.ک.

ئەی هەموو پێشمەرگە ئازاو دلێرەکانی هـ پشتیگیری کوردستان.

لەکاتێکدا هەموو کوردێکی دڵسۆز بەشادی و تەقدیرەوە دەنواریتە سەروەرییەکانتان، لە هەمان کاتیشدا چاوی هیواد ئومێدیان بڕیوەتە ئێوە و هەموو برا پێشمەرگە و تێکۆشەرەکانی تـرتـان هـی هـەمـوو حـزبـە سیاسییەکانی کوردستان، بۆ ئـەوەی لەچنگالی خوێناوی داگیرکەری عەفلەقی ڕزگاریان بکەن، بۆ ئەوەی شۆڕشەکەیان بۆ سەرخەن و بە ئەنجامی سەرکەوتنی خۆی بگەینن. دە ئێوەش لەئاستی ئەو هیوا و هیوایەی کۆمەڵانی خەڵکەکتاندا بن. ئەوا دوژمنی عەفلەقی دوا تیری کەوانی خۆی بەکار دەهێنێت، ئەوا دەستی داوەتە کاول کردنی کوردستان بە یەکجاری، ئەوا دوا بڕیاری تەفروتوناکردنی گەلی کوردو. ی.ن.ک و هە.پ.ک و هێزی پشتیگیری. ک و هەموو جۆڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی داوە.

دە ئێوەش لەگەڵ هەموو خەڵکی کوردستاندا، لـەگـەڵ هـەمـوو پێشمەرگە و خەباتگیرانی حـزبـەکـانـی تـری کـوردسـتـانـدا، دەنـگـە پیرۆزەکەمان بکە نە جە نگی پاراستنی کورد و کوردستان و جە نگی فەوتاندنی چەتە عەفلەقیە فاشیستەکان، جە نگی تەفروتونا کـردنـی دارو دەسـتـە نـیـشـتـمـانـفـرۆش و خوێنڕێژەکەی سەددامی عوجەوی و ئامۆزاو خاڵۆزاو نۆکەرەکانی.

ئیمڕۆ ئەو ڕۆژەیـە کە دەبێ هەموومان، بە هـەمـوو هـێـزو تـوانـایـەکـەوە، بـەو پـەڕی لە خۆبووردن و ئازایەتی و ئیقدام و جەسارەتەوە، لەناو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵکدا، لە ڕیزی پێشەوەیاندا بجە نگین و خەڵکەکەش بهێنینە جوش و خرۆش و ڕاپەڕین و دەستپێشکەری دلێرانەی پێویستیش بکەین لەمانگرتن و خۆپیشاندان و وڕووژانـدن و ڕاپەڕاندنی کـۆمـەڵانـی خـەڵکـی شـارو شـارۆچـکـەکـانـی کوردستاندا.

ئـیـمـڕۆ ڕۆژی ئـەوەیـە کـە هـــە.پ.ک و هـە.پـشـتـیـگـیـری.ک نـەک هـەر پـاریـزگـاری

ناوچەکانی خۆیان بکە ن، بەڵکو بە جۆرێکی بـەردەوام و نـەپساوەش دەستی کوشندە لەدوژمن بوهێنین: شارو شارۆچکەکانی لەبن دەست دەربهێنن: چەتە فاشیستەکانی عەفلەقی هەراسان کەن، بکۆژن تەفروتوناکەن. ئیمڕۆ ڕۆژی بەدی هێنانی ئەم دروشمەیە کە دەڵێ: فاشیست بکوژە تا گەل بژی عەفلەقی بکوژە تا کورد بژی

دە ئێوەش بـەردەوام بن لە هەڵکوتانە سەر دوژمن لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا ماوەی پشوو دان و حەسانەوەی مەدەن کوردستان لەی بکە نە گورستانی عەفلەقیەکان.

ئەی خەڵکی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ئەی کرێکاران و ڕەنجدەرانی بیرو بازوو ئەی مامۆستایانی بەڕیزی ئاییینی.

ئەی دوکانداری کاسپکاران. ئەی خوێندکار و خوێندەواری شارەکان.

وا دوژمنی فاشیست لێمان هار بـووە! بە ڕووتە گیانی کـوردەواری بۆ لەناوبردن و تەفرو تۆناکردنی! شەڕی لەناوبردنی کوردو کوردستان جوش دەدات: بە چەکی کیمیاوی، بە تـۆرپ، بە تانک، بە فرۆکە، بە جاش و جەیش لـە پێشمەرگە و خەڵکی ناوچـەی رزگاری کوردستان دەدات، ئێوەش خۆتان سـازدەن بۆ ڕاپـەڕین، خۆتان سـازدەن بۆ هـەڵگـەڕانـەوەو تەقینەوە بـەڕووی دوژمنی داگیرکەردا: ئێوەش شان بە شانی هە.پ.ک و هە.پشتیگیری ک و هەموو شۆڕشگێڕانی کوردستان خۆتان سازو

ئامادە بکە ن تا کو هەموو لە هەموو پێکەوە ڕاپەڕین و بپەقینەوە بەڕووی دوژمندا چونکە ڕاپەڕینی شارو شۆڕشی لادێ هەردووکیان پێکەوە ئەم دوو ڕەوڕەوەیە پێک دەهێنن کە میژووی کوردی پێ دەجوڵێت و پێ دەکەوێتە گەر و بۆ پێشەوە دەڕوات بەرەو رزگاری و سەرکەوتن بەسەر دوژمندا.

خوشک و برایانی شـار و شارۆچکەکانی کـوردسـتـان هـــەروەک ئـێـوە بـەڕاسـت و ڕەوای دەزانـن چـاوی ئومێدتان لە هـــپ.ک و پشتیگیری.ک بێت تا ئائەوهاش ئێمە و ئەوانیش چـاوی ئومێدیان بڕیوەتە ئێوە تا ئێوەش دەستێکیان لەگەڵ بـدەن و ئەرکی سەرشانی خۆتان بەجێ بهێنین.

ئەی مامۆستایانی بەڕێزی ئاییینی

وا بەبەرچاوی خۆتانەوە دوژمـن هـەزاران مزگەوتی کوردستانی کاول کرد و بە بەرچاوی خۆتانەوە دوژمن هەزاران دیهاتی سوتاند و ڕوخاند، وا دوژمن خەریکە هەموو دێهات و مزگەورت ماوە لە کوردستاندا تێکی بدات و کاول بکات! وا گەلی موسلمانی کوردستان لەژێر زەبری لەناو بردن و فەوتاندایە دە ئێوەش واجبی دینی و ئینسانی و نیشتمانی خـۆتـان جێبەجێ بهێنن، فـتـوای ڕاسـت و ڕەوای غـەزا لـە دژی چـەتـە فاشیستەکان دەربکەن. لە خەڵک بە گشتی و لە چەکدارە هەڵخەڵەتاوەکان بە تایبەتی بگەینن کە حوکمی ڕاستەقینەی ئیسلام و قورئان تەحریم کردنی خزمەتکاریە، جاشایەتیە بە بۆ عەفلەقیە زالمە مزگەوت ڕوخێنەکان، بگرە واجبی دینی و نیشتمانی هەموو موسڵمانێک هەڵگەڕانەوەوو بە گژداچووەی عەفلەقیە فاشیستەکانە!

دە ئێوەش بەڕێبازی پیرۆزی شێخ عبدالله نە هری، حاجی قادری کۆیی، شێخ عەبدولقادرو شێخ سەعیدو شێخ مەحمودی نەمور قازی محەمەد و هەموو مەلا بەڕێزو کوردپەروەرو شـۆڕشـگـێڕەکـانـی کـوردسـتـان، لـە ڕێـزی پێشەوەی خەڵکەکەی شـار شارۆچکەکاندا ڕاپـەڕن و ڕێبـەری خۆپێشاندانەکانیان بن چونکە خۆتان دەزانن هەر کەسێک خۆ لابدات لەو غەزایەی کەدەرکی مالّی پێ گرتوون ئەوا

خۆی لەئەرکێکی پیرۆزی ئایینی و نیشتمانی لادەدات و دوور دەخاتەوە.

ئەی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئیمڕۆ ڕۆژی بەپەلەکردنە لە پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی کوردستان. ڕۆژی ئەوە نییە دروشمی بەدری نیشتمانیی عیراقی کە هەموتان دەزانن ئیمڕۆ مۆمکین نییە بکریتە بیانووی دواخستنی و پەکەخستنی بەرەی نیشتمانی کوردستان چونکە هەم لە سەرێکەوە وا هەموو خەڵکی کوردستان خەریکە ڕادەپەڕێت، وا هەلومەرجە لەبارەکانی ڕاپەڕینی شارو شارۆچکەکانی کوردستان خەریکە پێ دەگەن و ساز دەبن و هم جاری لەعیراقدا زێڕش بەداخەوە ئۆور جۆرە هەلومەرجەی شۆر جۆرە ڕاپەڕینە ساز نییە. چونکە لەکاتێکدا هەموو حیزبەکانی کوردستانی عێراق پێشنیاری ی.ن.ک / یان پەسەند کردووە بۆ دانانی بەرەی نیشتمانی کوردستان هەێشتاهێزەکانی سەروکی عیراق واتا ئیسلامیەکان و نەتەوە پەرستە کان و کۆمۆنیستەکان و کوردەکان لەسەر یەکەمین و دووەمین دروشمی خەباتی ئیمڕۆ پێک نەهاتوون، هێشتا زۆری ماوە بگە نە قۆناغی دانانی بەرەی نیشتمانی عیراقی فراوان.

بۆیە کردنی دروشمی ئەو بەرەیە بەبیانوی نەکردنی نیشتمانی کوردستان زیانێکی گەورە لە شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دەدات و کۆسپێکی گەورەش دەکاتە ڕێگەی گەشەی بەرەی نیشتمانی عیراقەوە ئۆبالەکەش دیارە لە ئەستۆی ئەوانە دەبێت کە بیانوو بۆ پێک نە هێنانی بەرەکە دەهێننەوە.

دەبا هەموومان بەرەی نیشتمانی کوردستان پێک بهێنین و بیکەینە بناغە و نموونەی بەرەی عیراقی فراوان.

ئەی هەموو دڵسۆزانی ڕزگاری دیموکراسی کوردستان و عیراق

دیسان لە بیرەوەری دامەزراندنی ی.ن.ک دا سلاوێکی گرمی شۆڕشگێڕانتان لێ دەکەم و بەڵێنتان بەناوی ی.ن.ک هوە بۆ نوێ دەکەینەوە، کە هەتا سەر هەمان شۆڕشگێڕانی ڕێگای ڕزگاری دیموکراسی کوردستان و عیراق بین و بێ و وچان و کۆڵدان لادان دڕێژە بدەین بە خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگانە و سیاسی و نیشتمانی و چینایەتی و هەمە جۆر، لە پێناوی ڕزگاربوون لە حوکمی فاشیستی ناقمە خوێنڕێژەکەی سەددام حسێن و بەدیهێنانی عیراقێکی دیموکرات و کوردستانیکی خاوەن مافی چارەنوس، بۆ هەڵتەکاندنەوەی دامو دەزگای حوکومی بوژوازی بیروکراتی عەفلەقی لە کوردستاندا وە لەپێناوی گۆڕینی یەکێتیە درۆزنە ئیلحاقیەکەی عێراق بەیەک گرتنێکی ئازاد بە ئارەزووی برایانەی هەردوو گەلی کوردو عەرەب لەسەر بناغەی مافی ڕەوای چارەنووس و وەکییەکی ڕاستەقینە.

ئیتر بۆ پێشەوە بەڕەو جوشدانی خەباتی جەماوەری و شۆڕشەکەمان بەرەو خۆسازدان و خەڵک سازدان بۆڕاپەڕینی سۆڕش گێڕانە لە شارو شارۆچکەکاندا بەرەو جوشدانی خەباتی خۆڕاگرتن و پاراستنی ناوچە ڕزگار کراوەکانی.

بەڕەو تۆندو پتەو و پێکەوە گرێ دان و پێکەوە جوشدانی خەباتی شاخ و شارو هەپ.ک و هـ پشتیگیری.ک و جەماوەری شارو شارۆچکەکان.

بۆ پێشەوە بەڕەو پتر فیداکاری و خۆ بەخت کردن بەر سەڕ خستنی شۆڕشی ڕزگاری و دیموکراسی کوردستان بەسەر دوژمنە هارەکەی عەفلەقی دا.



وێژەی هەڵوێست و بەرگری



م. چەتۆ حەوێزی

لەیادی ڕێبەرە مەزنەکە
بۆکۆ دەڕۆی بەو خەزانە و
ئێمەبەزستان دەسپێری
کاروانەکە جێ دەهێڵی
ئەی کێ دەکەی بەچاودێری
مرازەکان هێشتا ساوان
هیچیان لە خەم نەرسکاون
هیواکانمان لەبەردەمان
هەموو گرمۆڵەو داماون
رزگاریمان لەدەم کەڵەو
هەتا ئێستا دوورە دێیە
ئازادێمان نەگەیشتوە
هەروائەڵێن والەڕێیە

نە یاسا بۆتە سەروەرو
نەیەکسانیش جێگیربووە
وڵات بەرەو مەرگاساتەو
سەدان قەیران تێی بەربووە
لەوکاتەدا بۆکۆ دەڕوی
کەنگی وادەی کۆچ و ڕەوە
هەژارەکان چاویان لێتەو
نەختێ لەڕێگە بسرەوە
دەسا مەڕۆ
مامی گەورەو تاجی سەرم
لەدوای کۆچت بەو حاڵەوە
خواستی گەلم هیوای شەهید
دەسپێریە کێ ئەی ڕێبەرم



مامۆستا چەتۆ حەوێزی، مام جەلال

جە نابی مام


شیعر: رەهبەر سەید برایم - ئاواز و وتنی: هونەرمەندی پێشمەرگەی دێرین بورهان محەمەد


جە نابی مام
هەڵۆی شاخو شێرەکەی شام
بەرزو نەبەز بەورەو سام
جەنابی مام
شۆڕشی نوێو گیرسانەوەی
نەڕوخانو هەڵسانەوەی
وانەو وەڵام
جەنابی مام
چاویلکەکەو گۆچانەکەی
تەزبیحە قل قەزوانەکەی
هێما و پەیام
جەنابی مام
قاقاو نوکتە گێڕانەوەی
ئاسۆی دووری لێکدانەوەی
سەیرو سەرسام
جەنابی مام
بنکەو ماڵی لەجەرگەی شەڕ
لەقوڵایی ناو جەماوەر
پێگەی مەقام
جەنابی مام
ناکۆکیو دژ ململانێ
مام لێزانەو لێ دەزانێ
ساڕێژی زام
جەنابی مام
بەگوتاری جۆشو خرۆش
بەلێدوانی شیرینو خۆش
وتە بەتام
جەنابی مام

لە خانووی قوڕ بە پە یژە ی دار
بووبە سە ردار سە رۆک کۆمار
بە ئۆقرە و فام
جە نابی مام
تووڕە بوون و ئاشتکردنە وە ی
لە جولە و باس وورد بوونە وە ی
هە موو ی مە رام
جە نابی مام
میژوو ویژدان شایەد حاڵە
گەورەو ڕابەر مام جەلالە
بەبێ بەڵام
جەنابی مام
بە هە ڵوێست و پشوودرێژ
ماندوو نە بووی هە ورازو لێژ
گە ییە ئە نجام
جە نابی مام
پەنجە مۆرو دەنگدانەکەی
ڕێی خەباتی کاروانەکەی
هەر بەردەوام
جەنابی مام
لە ڕوداوو بۆنە و پرس
دە هاتە گۆ بە بێ ترس
نە ی بوو ئارام
جە نابی مام
ئێستاحە رام
نە جیم نە لام
حە یف بۆ مام

بەڵگەنامە

گۆڤاری تێکۆشەر






دەفتەر و تیانووسی ڕۆژانەی مام جەلال کە بەکاری هێناوە

نامە چوکلێتییەکان

ئەو نامەیە مام جەلال وەک سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) بۆ (هۆمەر شێخموس) ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ک) ی نووسیوە لە ڕۆژمێژووی ١٩٨٩/١٠/١٦. بۆ ئەوەی دەنگی کورد و (ی.ن.ک) بگاتە جیهان داوای کردووە بەفەرمی بەشداربن بە عەرەب و بێگانەوە، چونکە نامەکە دوای ئەنفال و کیمیاباران و کارەساتی هەڵەبجەیە کەسێتی و ڕێکخراوە جیهانییەکان بانگهێشت دەکات ڕێنماییەکە بۆ ئەوەیە ئەو ستەمە و زۆرداریە بگاتە گوێی هەموو جیهان بە مەسەلەی کورد ئاشنا بکرێن.



١٩٨٩/١٠/٣٠

براگیان کاک عومەری بەرێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و سەرکەوتنتانم داوایەو ئێمەش باشین . بەداخەوە ئەمجارە نەکراو نەلوا بە خزمەت بگەین بە دیدارتان شاد بینەوە . بۆیە وابەنامە هەندێ شت و پێشنیارتان پێشکەش دەکەم

١-کۆبونەوە جیهانیەکەی ساڵی داهاتوو دەبێت باش ئامادەبکەین و ئێمەش باش خۆمانی بۆ ساز و ئامادە بکەین . پێویستە هەوڵبدەین بۆ :

آ-خەڵکی بێگانە زۆرتر و زلتر بانگ بکەین و بهێندرێن

ب-کەسانی وڵاتانی سۆشیالست بانگ بکرێن : لە سۆڤیەت ، بولگاریا ، ئەڵمانیای دیمکوکرات ، هەنگاریا ، پۆڵندا ، چیکۆسلۆڤاکیا و چین و کۆریا و ڤیتنام و کوبا .

ج-لە ئەمریکا و کەنەدا و لاتین ئەمریکا خەڵک بانگ بکرێن.

د-لە وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی (بەربەری و جەزائیر و مەغریب) و خەڵک لە کوێت و ئوردن (لیلی شرف) و لوبنان و سوریا و مسر و لیبیا وتونس بانگ بکرێن.

هـ-کوردی پاکستان و ئوردن و سۆڤیەت بانگ بکرێن.

و-سۆشیالست ئینتەرناشنالّ (سەرکردایەتی گشتی یان) + اتحاد نەقابات هی ڕۆژهەڵات و هی ڕۆژاوا + ی. ئافرەتانی دنیا + یەکێتی لاوانی دنیا + یەکێتی قوتابیانی دنیا + مجلس السلم العالمی + یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی دنیا + یەکێتی حقوقیات + ئەمنستی ئینتەر ناشینالّ + وینسکۆ + لجنة الامم لحقوق الانسان + المنضة الوبیة لحقوق الانسان + اتحاد نقابات العمال العرب + اتحاد الحقوقیین و المحامین العرب و هتد بانگ بکرێن .

ز- کورد هەر حزبەکان و هەندی شخصیاتی ناودار بانگ بکرین .

٢- پێویستە باشتر ڕێکبخرێت (الامور الأداریة و الدعوات و الاماکن) هتد.

٣- پێویستە وەختەکە (٣ سێ) ڕۆژ بیت: لەدوای هەر فیترەیەک سەعاتێک بەلای کەمەوە بۆ مناقەشە بێت.


٤-هەر بەشەی کوردستان یەک خوتبەی هەبێت.

٥- زۆرتر بۆ کوردستان بێگانە بێت.

ئاوازی هزر

ب. راهی

– بورهان جاهید ناوی تەواوی (بورهان مەحەمەدعەبدولڕەحمان ئاغا دۆغرامەچی) لە بنەچەدا دەگەڕێنەوە سەر بەگزادەکانی جاف، ساڵی ١٩١٨ لەهەولێر لەدایک بووە – ١٩٩٢/١/٢٠ کەلەدایک بووە باپیری عەبدولڕوحمانی ئاغا حەوت مانگای کردۆتە قوربانی وسێ ڕۆژ شایی وهەڵپەڕکی بووە،! باوکی بورهان جاهید لەسەرمایەدارەکانی شاری هەولێر بوو، بەس خووی دایەمەی خواردنەوە و مەستی بۆیە گووتیەتی؛



بورهان جاهید

خەیاڵاتی دڵی تەنگم لەدنیادا بەیەک پێکە
بفەرموو چاوەکەم ساقی هەتادەتوانی بۆم تێکە

لەساڵی ١٩٦٣ لەهەولێر (مەنعەتەجەول) بووە بورهان جاهید سەرخۆش بووە(کەر)یک لە کۆڵانێ بوو بورهان جاهید بە سەرخۆشی قسەی لەگەڵ کەرەکە کردووە و گوتوویەتی: هەی بێ عەقڵ نازانی بەوشەوە خوا سەری لێشێواندووی چ دەکەی هاتیتە دەرێ؟ نازانی بەعسیەکان شتی وا نازانن دەتگرن و دەتکوژن!! زەمانی زەعیم عەبدولکەریم قاسم نەماوە ئەوە زەمانی بەعسە و درندەن!

پاش ئەو هەمووە دەوڵەمەندیە کەوتە هەژاری و نەداری، یان لەماڵە خزم و دۆستەکان دەخەوت یان لە هۆتێلە هەرزانەکانی هەولێر، یان خۆی بە گرتن دەدا بۆ ئەوەی بچێتە بەندینخانە لەوێ بنوێ و بخوات! لەسەرەتای شەستەکان کاری نووسەری (ئەرز و حاڵچی) دەکات لە دادگای شەرعی هەولێر دوایی وازی لێدەهێنێ و ئەو کورسی و میزەی ڕەشادەفەندی کە خزمیەتی و بۆی کڕیوە دەیفرۆشێ و ئەو پارچە شیعرەی بۆ دەنێرێت:

بورهانی زگ بەرسی
فرۆشتی میز و کورسی

– مەحموود زامدار نامیلکەیەکی بۆ چاپکرد و نامیلکەکە دوو کەرت بوو بۆیە بۆی نووسی :

برای شیرینم کاک مەحموودی قشتیلە
خۆت ون کردووە هەر وەک پشیلە

جاهید بە خەیامی هەولێرێ دادەندرا، دوای کۆچی دوایی دایکی دووچاری سەختی ژیان دەبێت و ڕوو لە خواردنەوەی مەی دەکات و هەموو مولک و ماڵی باوکی دەفرۆشێت و نوقمی مەی و مەستی دەبێت.

– جارێک ساڵی ١٩٣٩ جاهیدی شاعیر لە خۆیەوە میوانی حاجی تۆفیق (پیرەمێرد) دەبێت سەردانی دەکات لە شاری سلێمانی، پیرەمێرد بێ ئەوەی لێی بپرسێت کێی و چۆن هاتووی دێرە شعرێک دەنووسێت، پیرەمێرد خەریکی ئامادەکاری خواردن دەبێ، جاهید هەڵدەسێ لەسەر میزەکە پارچە کاغەزێک دەبینێ و تەماشای دەکات ئەو دوو دێرە

شیعرە پیرەمێرد نووسیویەتی:

یاخوا بەخێر بێی سەرچاوان مێوان
وەختە لـــە کەیفان بکەومە کێوان

لەوێ خواردنێکی خۆش دەخوا و جێیەکی تایبەتی دەداتێ بۆ خەوو. پیرەمێرد نازانێ کێیە و بۆچی هاتووە! بۆیە جاهیدیش لەسەر ئەو دوو دێرەی پیرەمێرد ئەم چەند دێرە شیعرە دەنووسێ:

چاکبوو مامۆستا نەکەوتییە کێوان
ئەوسا من لە کوێ دەبووم بە مێوان
ئەو گۆشت و مریشکەم من لە کوێ دەخوارد
ئەو چایەم لە کوێ دەکرد نۆشی گیان
ئاخر جێگەمان هەر کێو و گردە
یاگردی یارە، یا گردی سەیوان
بەڵام تا ماوین نابێ ڕابکەین
یان دەکەین قازانج یان دەکەین زیان
زیان و قازانج هەردووک وەک یەکە
لە کردەوەی ڕاست نابی پەشیمان
پەشیمانی بۆ دەرد و بەدکارە
پەشیمان نابێ ئینسانی ئینسان
تۆ من بناسی خزمەتم بکەی
هیچ نەفعی نییە بە نرخ و میزان
تۆ هێشتا لە من نەتپرسی چیمە
کێمە لە کوێوە هاتوومە (قوربان)
ئەو خزمەتەت کرد بەخێرت هێنام
ئەمە وون نابێ لای زاتی یەزدان
ئەگەر ئەتەوێ کە من بناسی
لەقەبم (جاهید) ناویشم بورهان

مانگێک ماوەتەوە لای پیرەمێرد، بۆیە وتبووی ئەو دوو دێرە شیعرەم بە خەسار نەچووە ئەوە خەڵاتی یەزدانە!

-جاهیدی شاعیر ساڵی ١٩٦٠ لە شۆڕیجە دەبێتە میوانی شێخ عەبدولڕەحمانی شێخ نەجمەدین (سابیری)! جاهیدی بە پشت و پاشەوە چۆتە لای، شێخ لێی دەپرسی بۆ لە پشت و پاشەوە هاتی جاهیدیش شێخ دەڵێت دەڵێ:

شێخ ئەبێ ئاگاتان لە پێش و پاش بێ
نابێ خەیاڵی نیسک و بـــــاراش بێ
دەبێ زۆر ئـاگات مەحسوودی خـــۆی بێ
تا ئەو مەحسوبەی تۆزێ هـــەراش بێ

شێخ کەیف خۆش دەبێ دوایـی وتبووی ئامۆژگاری جاهید دەکات دەڵێ: ڕێگەی ڕاست بگرە ئەم دێوانەیی و سەرمەستیە ئەنجامی نییە (دوایی و وانبووی).

نەخێر بەکەیفی خۆت بکە، تا خوا نەتگۆڕێ بە کەس ناگۆڕێی!! ئەترسم ڕێگەت بگۆڕێ ئیتر دەستمان دەرچێ و بە هیچ جۆرێ نەتبینین!

- لە ساڵی ١٩٦١ بورهان جاهید لە کەرکوک دەبێ لە چایخانەیەک (قانع) لەوێ دەبێ، یەکتری ناناسن خۆیان بە یەکتر دەناسێنن پێکەوە لە شوێنێک دادەنێن و پێکەوە دەچنە بەغدایێ:

قانیعم فەلەک چەرخی کردووم
جاهیدم ئەقڵ و هۆشی بردووم
گەرچی لە قەیدا زیندوو حسابم
وەک شێت و شەیدا بۆخۆم مردووم
شکایەت دەکەم شێخ عبدولقادر
لەم چەرخە عەقڵی کەوا لێسەندووم
مەرقەدی پاکت دەخا دەقالەتگاهە
بەم جێگە پاکە پشتم پێت بەستووم
ڕزگارمان بکەی فرسەتمان بدەی
عەفوومان بکەی لەوەی کە کردووم
بۆمان ڕوونبکەی دونیا و ئاخیرەت
چاوم لەرێ یە خۆمن نەخەوتووم
گەرچی تاقەت و هێزم نەماوە
بەڵام هەر بەرزم قەت دانەکەوتووم
قانع گوتووبووی بە جاهید هەر لە دایک بووم
خوا شێرزەی کردووم جاهید دەڵێ خەم
مەخۆ منیش ڕەفیقی جەنابتم دەمبینی
چۆنم !! قانع دەڵێ شاعیر و زانا ئەبێ
شێرزەبن لە ژیان !!

تریقەی تێکۆشەران

ب. ڕەندی

مام جەلال لە سکرتاریەت چوار مەلای لەگەڵ بوو، مەلا بەهادین و مەلا عەبدولڕەحمان مستەفا و مەلا یاسین و مەلا ڕەحیم ڕەشید، بۆیە مام جەلال بۆ خۆشی و خۆشەویستی دەیگووت: خەڵک کێچ لێی دەدات من مەلا! لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕێکخراوە پیشەییەکانی سنووری مەڵبەندی سلێمانی گووتی: مەلا نین بەڵان! ئەگەر ڕۆژێک ڕامکرد ئەوا لە ترسی سەددام حسێن نییە، بەڵکو



مەلا یاسین ڕەئوف

ئەو مەلا بەڵایانەیە، دوانیان دەرچووی شەریعەن مەلانین بەڵان بەڵا!! دەشگووت: زۆرلێیان ڕازیم لەوەتەی سکرتاریەتم هەیە قەت ئەوەندە ئاسوودە نەبووم دڵم پێیان دەکرێتەوە، بەڵام گونتان گەورە نەبێت دەنا دەرزی تێ ڕادەکەم، هەرچەندە کورتە بالان (وقل قصیر فتنه) بەرێکەوتیش هەرچوار مەلا بالا بەرزنەبوون!

جارێک مام جەلال لە مەلا بەهادین محەمەد دالە تورە دەبێت دەڵێت: سزات دەدەم دەبێ مانگێک لە قەڵاچوالان بمێنێتەوە مەلا بەهادینیش دەڵێت: ڕێگەم بدە بچمەوە سلێمانی مام جەلالیش دەڵێت: ئەمن دەڵێم سزات دەدەم نەچیەوە سلێمانی و مالی مەلا بەهادینیش دەڵێت ئاخر مام جەلال دەچمەوە مالەوە ژنەکەم تەلاق دەدەم و دەگەڕێمەوە! مام جەلال لەو تووڕەییەوە قاقا پێ دەکەنێت و دۆخەکە هێور دەبێتەوە.

د.خدر مەلا مەعسووم هەورامی یەکەمین دکتۆر بوو لە شاخ (شۆڕشی نوێ) بە توانا و زیرەکی خۆی گەیشتە ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک). د.خدر دەڵێت: مام جەلال جارێک هاتیە کۆیە خەڵک دەوری لێ دابوو، منیش گچکەبووم، دەمویست بت بینم بۆیە لەکن مالی خۆم بە عامودە کارەبا هەڵگەرام تا تۆم بینی، مام جەلالیش دەڵێت مەراقت بوو من بینی کەچی ئێستا لە کۆبونەوەی سەرکردایەتی و م.س دەمە دەمم لەگەڵ دەکەیت!



د.خدر مەلا مەعسووم هەورامی، مام جەلال. هێرۆخان

نوسەر و شاعیر (ح.س.ح) گووتبووی مام جەلال سروشت و نەریتێکی هەیە کێ قینی لە مام جەلال بێ، مام جەلال بە پێچەوانەوە خۆشی دەوێت و ڕێزی دەگرێت! بەو قسەیەی بۆ مام جەلال دەگێڕنەوە مام جەلالیش دەڵێت ڕاست ناکات ئەو ڕقی لە منە منیش ڕقم لێیەتی!!


مۆری مێژوو


من دژی فیکری هەسەدە،
حیزبی کۆمۆنیست، بەعسی
سۆشیالیست و
هاوشێوەکانیانم
د. عەلی قەرەداخی
DIGITAL


بە داخەوە وێنەی
گەنجە خنکاوەکانی شاری ڕانیە !
Kurdish
News Live


دانان بە
مافەکانی کورد
ئەرک بوو
ئەحمەد شەرع


دۆزینەوەی بەردێکی
سروشتی
هاوشێوەی نەخشەی
کوردستان


مێجەرسۆن دەڵێت :
هەر کەسێك سلێمانی لەدەست خۆی بدات ،
ناتوانێت حوکمی کوردستان بکات ،
وە هەرکەسێك بیەوێت حوکمی کوردستان بکات،
ئەبێت خۆی لە سلێمانی نزیك بکاتەوە،،،،
Design/Soran Qesab



رۆژژمێری رووداوەکان

ئامادەکردنی: ستافی گۆڤاری تێکۆشەر

(١)

١٩٣٩/٩/١ هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی، کە زیاتر لە ٧٣ ملیۆن کەس بوونە قوربانی.

١٩٦٩/٩/١ هەڵوەشاندنەوەی شانشینی لیبیا و گۆڕینی بۆ کۆماری لیبیا.

١٩٧٦/٩/١ بەیاننامەی دامەزراندنی(ی.ن.ک) دامەزرێنەری»وڵات» نووسینی شەهید ئارام.

١٩٧٧/٩/١ هێلیکۆپتەرێک لەچیای هەڵگورد پێکراو کەوتەخوارەوە ئەفسەرێک و پێنج سەربازی قوات خاسەی تێدا کوژران.

١٩٨٣/٩/١ شەهید بوونی فەرماندە و پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاکانی شۆڕشی نوێ (ئەحمەد مەولود حەمەد) لەکۆنەکۆتری چیای قەندیل.

١٩٨٣/٩/١ کۆتایی شەڕی قەندیلی دووەم - شەڕی ناوخۆ و شەهیدبوونی نازمی حەمەی سلێمان، فەرماندەی تیپی(٢٣)ی سورداش.

١٩٨٦/٩/١ تێکشکاندنی هێرشێکی گەورە و بەربڵاوی دوژمن بۆسەر سەرکردایەتی(ی.ن.ک) لەدۆڵی جافایەتی.

١٩٨٧/٩/١ تیپی(١٩)ی کۆڕەک و گرتنی(٧)ڕەبیە لەچیای چەقەڵ سپی و گومێیان.

١٩٨٧/٩/١ لەسەر شەقامی کەرکوک - بەغدا، لەنزیک سلیمان بەگ، دەستگیرا بەسەر ڕەبیەیەکی دوژمن، کوژرانی ٣ چەکدار، بەدیلکردنی ٣ چەکدار، دەستکەوت ٤ کلاشینکۆف.

١٩٨٧/٩/١ مەفرەزەیەکی تیپی(٥٩)ی حەمرین دەستیانبەسەر ڕەبیەکانی سەرجادەی کەرکوک - بەغدا لەنزیک سلێمان بەگدا گرت.

١٩٩٤/٩/١ شەهید کردنی شاعیر (بەکر عەلی) لە سلیمانی.

١٩٩٦/٩/١ شەهید بوونی فەرماندە (غەفور عەبدوللا حەمەد) ناسراو بە (مەلا عەزیز بەردەسپی) پاش ڕۆژێک مانەوە بەبریندارى لە ٣١ی ئاب، لەکاتی داگیرکردنی شاری هەولێر لەلایەن ڕژێمی سەددام.

١٩٩٨/٩/١ لە ڕێوڕەسمێکدا پرۆسەی گۆڕینەوەیی دیلەکانی نێوان(ی.ن.ک)و «پ.د.ک» ئەنجامدرا.

١٩٩٩/٩/١ لەیادی شۆڕشی فاتیح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گۆڕەپانی برای سەرکردە«معمر القزافی»ی لەدەروازەی شاری سلێمانیدا کردەوە.

(٢)

١٩٧٩/٩/٢ شەهید بوونی سەرکردە و فەرماندە (ئەنوەر مەجید سولتان) لەدووناوان - ی ناوچەی بانە لە ئێران.

١٩٧٨/٩/٢ مەفرەزەیەکی کەرتی(٧٢) بەرەنگاری هێرشێکی دوژمن بوونەوە لەسینگورە لەپشتی سەنگەرەکانی دوژمن لەئینی(چۆمان) دوو سەرباز کوژران و دوو سەربازیتریش بریندارکران.

١٩٧٨/٩/٢ مەفرەزەیەکی هەمان کەرت چووە ناو چۆمانەوە لەکاتێکدا جاشەکانی خۆفرۆش»خان ئاودەلی حەریری» ئەیانووبست بۆسە لە دەوری چۆمان دابنێن بەئارپیجی لێیاندرا و چوار جاش کوژران و حەوت جاشیتریش بریندارببوون.

١٩٧٨/٩/٢مەفرەزەیەکی کەرتی(٢)ی هەرێمی(٧) بەرەنگاری هێزێکی دوژمن بوونەوە لە سنگورەی چۆمان و کوشتنی(٧) جاش.

١٩٨١/٩/٢ شەهیدبوونی فەرماندە (وەسمان بەگ) لەناو مزگەوتی گوندی گەڕەوان لەگەڵ شەهیدان (ئەحمەد نەبی و خدر سەرانەیی و لوقمان ماویلی).

١٩٨٤/٩/٢ شەهیدبوونی فەرماندە (ئەحمەد شاتوانی) لەدێیی تەپە لەشارەزوور.

١٩٨٥/٩/٢ لەچالاکیەکی زۆر سەرکەوتووانەی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر لەناو جەرگەی شاری هەولێر لەسەر ڕێگای هەولێر - مەخمور، کەسێ سەعاتی خایاند، ١٥٠ سەرباز و قوات خاسە و جەیش شەعبی کوژران.

١٩٨٦/٩/٢ دەستپێکردنی داستانی قەیوان - ماوەت کە نزیکەی سی مانگ و نیوی خایاند، زیاتر لە ٣ هەزار پێشمەرگە بەشداری کرد، ڕژێم - یش بەهەزاران جاش و قوات خاسە فرۆکە و هەلیکۆپتەر بەشداری کردبوو، ڕژێم زیاتر لەهەزار کوژراوی هەبوو، پێشمەرگەش ژمارەیەکی زۆر شەهیدی بەخشی.

١٩٨٦/٩/٢ گرتنی ناحیەی کارێزە لە درێژەی داستانی قەیوان - ماوەتدا.
١٩٨٧/٩/٢ لە بۆسەیەکی پێشمەرگە لەنیوان سەنگاو - چەمچەمال، کۆژرانی ١١ چەکدارو شکاندنی سەربازی، دەستکەوت ٥ کلاشینکۆف.
١٩٨٧/٩/٢ شەهیدبوونی کادیری لێهاتووی کۆمەڵە (سەمەد مەحمود سمایل) لەگەڵ شەهیدان (ئیسماعیل گەرمیانی، سەرتیپ ڕفعت، حوسین عارب) لەبەنی هەریر.
١٩٨٧/٩/٢ هێزێکی هاوبەشی تیپی(٥٩)ی حەمرین بۆسەیەکیان لەسەرجادەی سەنگاو چەمچەماڵ نایەوە و ئۆتومبێلێکی پڕ جاش تێکشکێنرا.
١٩٨٧/٩/٢ تیپی(٥٥)ی قەرەداغ، بۆسەیەکیان لەسەرجادەی بێستان سوور - عەربەت نایەوە و جاشێکیان کوشت.
١٩٩٢/٩/٢ پەرلەمانی کوردستان پارێزگارانی»هەولێر، سلێمانی، دهۆک»ی داناو پارێزگاران سوێندی یاساییان خوارد.
٢٠٢٤/٩/٢ کۆچی دوایی تێکۆشەرو پێشمەرگەی دێرین (زاهیر ئەنوەر جۆخین) لەشاری هەولێر.

(٣)

١٩٧١/٩/٣ سەربەخۆیی قەتەر لەژێردەستی بەریتانیا.
١٩٧٧/٩/٣ شەهید بوونی کادیری لێهاتووی کۆمەڵە (شوان عەلی سەعید) لەگەڵ پێنج هاوڕێی تری لەگوندی قازانقایە - ی لە ناوچەی قەرەداغ، دوای ئەوەی فیشەکیان پێ نەما بەنارنجۆک خۆیان شەهید کرد، ئەوانیش شەهیدان (مەلا ئەحمەدی گەرمیان، جوامێر، حەمەغەریب قەرەگوڵی، سمکۆ، عەبدوللا سوور)، بۆ ئەوەی بەزیندوویی نەکەونە بەردەستی جاشەکانی قالە فەرەج و تەحسین شاوەیس.
١٩٧٧/٩/٣ لەشەڕی قازانقایە حەوت پێشمەرگە شەهید بوون و پێشمەرگەیەکیش بەدیل دەگیرێ کە دواتر لە شاری موسڵ لە سێدارە دەدرێ. جاشەکانی تەحسین شاوەیس سەعید و قالە فەرەج، لەمڕۆدا، لەگوندی قازانقایەی سەر بە قەرەداغ حەوت پێشمەرگەیان شەهید کرد بەناوەکانی:ئازاد محەمەد ئەمین جەلال ناسراو بەهەڵۆ، ئەحمەد محەمەد ئەمین حسێن مەسۆیی ناسراو بە مەلا ئەحمەد گەرمیانی، کادیری یەکێتی، ئیسماعیل عەلی مستەفا ناسراو بە سمکۆ، شوان عەلی سەعید محێدین، ناسراو بە شامیل کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵە، عەبدوللای وایەرمەن، عەلی محەمەد سلێمان ناسراو بەجوامێر، غەریب عەلی عەزیز خەسرۆ، ناسراو بە بەهمەن شارەزوری. لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەک بەناوی عەزیز کاکە عەبدوللا زۆراب خەسرۆ سەرشەقامی ناسراو بە شەوکەت، لەلایەن جاشەکانی قالە فەرەج و تەحسین شاوەیس بەدیلگیرا و رادەستی ئیستخباراتی کەرکوک کرا، دواتر لە ڕێکەوتی(١٩٧٨/١/٢٩)دا، لەزیندانی موسڵ لەسێدارە دەدرێ.
١٩٧٧/٩/٣ جاشە خۆفرۆشەکانی قادر فەرج و تەحسین شاوەیس، گەمارۆی هێزێکی پێشمەرگەیاندا لەگوندی قازانقایە(قەرەداغ) پێشمەرگە قارەمانەکان ماوەی خۆدەربازکردنیان نەبوو لەبەرئەوە تا دوا هەناسە و تا دوا فیشەک شەڕیان لەگەڵ ئەم خائینانە کرد تا شەهیدبوون.
زیانی ئێمە - ئەندامی پێشکەوتووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و کادری «ی.ن.ک» شوان عەلی سەعید(سلێمانی - قوتابی زانستگا) کادری»ی.ن.ک» ئەحمەد محەمەد ئەمین مەسۆیی(سلێمانی - کرێکار) ئازاد محەمەد ئەمین(سلێمانی - قوتابی) سمکۆ عەلی مستەفا(سلێمانی - کرێکار) عەبدوللای وایەرمان(سلێمانی - کرێکار) غەریب عەلی عەزیز(سلێمانی - کرێکار) عەلی محەمەد سلێمان(دەربەندیخان - کرێکار) شەهیدبوون.
١٩٧٨/٩/٣ مەفرەزەیەکی هەرێمی(١) نارنجۆکێکیان خستەماڵی خۆفرۆش ئەحمەد مراد خان لەناو شاری هەڵەبجە، زیانەکان نەزانراوە.
١٩٧٨/٩/٣ مەفرەزەیەکی هەرێمی پارێزگاری لەنێوان رانیە-دەربەند لەئۆتومبێلێکی سەربازیاندا، یەک سەرباز کوژرا و سەربازێکیتریش بریندارکرا، دەستکەوتی مەفرەزەکە یەک کلاشینکۆف بوو.
١٩٧٩/٩/٣ مەفرەزە هاوبەشەکانی هەرێمی(١) بەئارپیجی و نارنجۆک ئەنداز دایان لەڕەبیەی سەرمەخفەری دوجەیلەی مەرکەزی ناحیەی سیروان(هەڵەبجە) زیانی دوژمن سێ سەرباز کوژرا.
١٩٨٣/٩/٣بروسکەی مەکتەبی سیاسی(ی.ن.ک)

بۆ کاک نەوشیروان بەبۆنەی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر پەلاماری هێزەکانی جود.
١٩٨٤/٩/٣بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی(ی.ن.ک) بەبۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزو ئەو لێبووردنە گشتییەی دەریکرد بۆ ئەوانەی شەڕی یەکێتیان کردووە.
١٩٨٦/٩/٣ گرتنی ناحیەی کارێزە لەلایەن تیپەکانی پیرەمەگرون و کەرکوک و کۆژرانی ژمارەیەکی زۆری چەکداری ڕژێم، گرتنی ٢٣ دیل، دەستکەوت ٥٠ چەکی جۆراوجۆر، زیانی پێشمەرگە شەهید بوونی (کامیل ڕەسول، بەکر جەلال، بەکر حەمە امین) لەگەڵ هاولاتیەک بەناوی (محەمەد مەلا عەلی).
١٩٨٧/٩/٣ شەهید بوونی پێشمەرگەی دێرین، فەرماندە (مەحمود سێدەری) و حەکیم - ی کوڕی بەچەکی کیمیاوی لە ناوچەی شارباژێر.
دەستەیەکی چەکداری تر لەشارباژێڕ بەفەرماندەیی ملازم ئەنوەر مەجید سوڵتان لەهەڤاڵان فەیسەڵ تاڵەبانی، شێخ محەمەد، حسێن کەریم، تاهیر حاجی عەزیز، شەهید ئەنوەر تۆفیق هەورامی پێکهات و کەوتنە چالاکی سیاسی، تەنزیمی، پێشمەرگەیی.
١٩٨٧/٩/٣ کیمیاباران گوندی یاخسەمەر و دۆڵی جافایەتی کە بووەهۆی شەهیدبوونی(٤) پێشمەرگە.
١٩٨٧/٩/٣ داستانە مەزنەکەی دێگەڵە و هیران و بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی بەمبۆنەیەوە.
١٩٨٧/٩/٣رژێم(٢٣) گوندی لەسەرتاسەری کوردستاندا بۆردومان کرد.
١٩٨٧/٩/٣ بۆسەی تیپی(٥١)ی گەرمیان لەسەرجادەی سەرقەڵا - کفری.
١٩٨٨/٩/٣ ئەحمەد بن بلە، ئیدانەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کرد لەلایەن عێراقەوە.

(٤)

١٩٧٧/٩/٤ دوژمن بەهێلیکۆپتەرهێزێکی گەورەی دابەزاند لەدەندی(رواندوز) پێشمەرگەکان بەرەنگاریانبوونەوە و شەڕەکە یەک کاتژمێری خایاند، زیانی دوژمن کوژرانی عەقیدێک و(٢٦) سەربازیش کوژران و بریندار بوون.
١٩٧٨/٩/٤ مەفرەزە هاوبەشەکانی هەرێمی(٥) چوونە ناو شاری(سەنگاو) و تاوانباری خۆفرۆش مەحمود خەلیفەیان بریندارکرد.
١٩٧٨/٩/٤ مەفرەزەیەکی کەرتی بازیانی هەرێمی(٥) بەنارنجۆک ئەنداز لەسەربازگەی(خاتو نازدار)یاندا و زیانی دوژمن نەزانراوە.
١٩٨٥/٩/٤ لەکلکەی گوندی خەراجیان لەشارباژێر شەهید بوونی چوار فەرماندەی پێشمەرگە...
ئەوانیش (جەزای کەوی، بەختیار حاجی فارس، عەلی شینە، سەردار عەلی ماتۆر) بوون.
١٩٨٥/٩/٤ شەهیدبوونی هەرسێ فەرماندە بەختیار حاجی فارس بێسەری و جەزای کەوێ و عەلی شینە، بۆ تەمێکردنی کۆمەڵێ جاش روودەکەنە جادەی دوکانیان و دوای راونانیان و هەڵهاتنی جاشەکان دەکەونە بۆسەی جاشیترەوە و شەهید دەبن.
١٩٨٥/٩/٤شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە (ئەسعەد ڕەسول و عەبدولوەهاب ئیسماعیل) لەگوندی باغەمرە-ی قوشتەپە لەلایەن مەفرەزە خاسەکانی ڕژێمی بەعس.
١٩٨٧/٩/٤دەستبەسەر داگرتنی ناحیەی دێگەڵە و ڕەبایەکانی دەوروبەری، زیانی دوژمن ١٥٠ کوژراو، گرتنی ٤٠ دیل، دەستکەوت ٢٠٠ پارچە چەک، زیانی پێشمەرگەش شەهید بوونی سی پێشمەرگەی قارەمان ئەوانیش (ئیسماعیل وونکە، حەسەن بانی مارانی، مام ڕەش) بوون.
١٩٨٨/٩/٤ یاداشتی بەڕێز»مام جەلال» بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی ڕێکخراوی»عدم الانحیاز» لەبارەی شەڕی لەناوبردنی گەلی کوردەوە.
١٩٨٨/٩/٤ شەوی(٤/٣) تیپی(٩١)ی سەفین هێرشیان کردەسەر ڕەبیەیەکی دوژمن لەگردسۆران و(٢) جاشیان کوشت.
١٩٨٩/٩/٤ دامەزراندنی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان.
١٩٨٩/٩/٤ ڕۆژانی(٤/٣) کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان لەزەڵێ.
١٩٩٢/٩/٤ڕۆژانی(٤-٦) لە شاری»زیست»ی هۆڵەندا کۆنگرەی یەکەمی نێودەوڵەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کوردستان ئەنجامدرا.
١٩٩٣/٩/٤ هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێرشێکی دوژمنی لەناوچەی شوان تێکشکاند.
٢٠٠٧/٩/٤ کۆچی دوایی فەرماندەی ڕۆژە

سەختەکان (غەریب عەسەکەری) لەگوندی عەسەکەر.

(٥)

٩/٥/ی هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانی خێرخوازی.
١٩٨٥/٩/٥ لەگوندی ئۆمەرە گەدە-ی ناوچەی جەباری، لەشەڕێکی قورسی پێشمەرگە لەگەڵ جاش و سوپا و هەلیکۆپتەر، ٧٠ سەرباز کوژران، لەگەڵ شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان (سەبور ئەحمەد محێدین).
١٩٨٨/٩/٥ شەهید کردنی چوار پێشمەرگەی قارەمانی ڕێکخستنەکانی شار، ئەوانیش (ئیبراهیم غەفور، زکری عەوێنە، شاکر، تەحسین) بوون، لەنیو بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێرو ڕووخاندنی مالەکانیان.
١٩٨٨/٩/٥ شەهید کردنی (فەرهاد ئەحمەد کاوانی) ناسراو بە (فەرهادە شەل) لەنیو بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر.
١٩٩٦/٩/٥شەهید بوونی ژمارەیەک لەپێشمەرگەو فەرماندەو کادیری لێهاتووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگوندی چەمرگە، لەوانە شەهیدان (فاروق جەبار، کەمال جەوهەر کەریم ناسراو بەدکتور هیوا، جەواد ڕەشید ناسراو بەجەوادە شێت، عومەر حەمە هەمزە...).
٢٠١٤/٩/٥ شەهید بوونی فەرماندەو کادیری پێشکەوتووی (ی.ن.ک) ئەشقی سورچی و ٣ پێشمەرگە بەناوەکانی (جەمیل، نیگار، ناظم) لەشەڕی دژبە تیرۆرستانی داعش.
١٩٧٦/٩/٥ شەهید محەمەد ئەمین عەلی، ناسراو بە»شەماڵ» لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تر دەستیانکرد بەپێکهێنانی یەکەمین دەستەی چەکداری لەبەری قەرەداغ.
شایانی باسە شەهیدانی نەمر شاسوار جەلال، ناسراو بە ئارام، جەمال عەلی مارف، ناسراو بەنەبەز، ڕۆلێکی گەورەیان هەبوو لەڕێکخستن و سازدان و ئامادەکردن و پڕچەککردنی دەستە چەکدارەکانی جافەتی، شارباژێڕ، قەرەداغ، هەورامان و شارەزوورد.
١٩٧٧/٩/٥ لەشارەزوور ئۆتومبێلێکی پۆلیس گولەبارانکرا.
١٩٧٨/٩/٥ مەفرەزەیەکی هەڕیمی(٦) چوونە ناوشاری قەڵادزە و لەسەربازگەیەکیدا کە سەرقاڵی خولێکی مغاویری بوون، دوو سەرباز کوژران و سێ سەربازیتریش بریندارکران.
١٨٨٢/٩/٥ تیپی(٥٧)ی سەگرمە و کەرتی(٤)ی جەباری گرتنی ڕەبیەیەک لەقەرەهەنجیر.
١٩٨٧/٩/٥ ئازادکردنی ناحیەی هیران و داستانی(١٠) ڕۆژەی تێکشکاندنی هێرشە یەکلەدواییەکەکانی دوژمن لەچوار قۆڵەوە.
١٩٨٨/٩/٥ شەوی(٥/٤) پارتیزانەکانی گەرمیان پەلاماری ڕەبیەیەکی دوژمنیاندا.
١٩٩٣/٩/٥ کۆچی دوایی نووسەر و خەمخۆری کەلەپووری کورد ئەندازیار جەلال تەقی.
١٩٩٥/٩/٥ لەبازگەی کەرکوک چەمچەماڵ پیاوانی رژێم ئاگریان لەئوتۆمبێلێک بەرداو(٤) هاوڵاتی گیانیان لەدەستدا.
٢٠٢٣/٩/٥ کۆچی دوایی نووسەر و وەرگێڕ جەلال زەنگبادی.

(٦)

١٥٦٦/٩/٦ کۆچی دوایی سوڵتان سولەیمانی قانوونی کە توانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە سێ کیشیوەردا بگەیەنێتە لووتکە لە ١٥٢٠ تا ١٥٦٦ حوکمی کرد.
١٩٣٠/٩/٦ ڕاپەڕینی شاری سلێمانی دژی ڕژێمی عێراقی پاشایی و ئینگلیزەکان، کە قوربانی زۆری لێکەوتەوە.
١٩٧٩/٩/٦شەهیدبوونی (حەسیب عومەر) ناسراو بەئاسۆی دەلاک کە یەکێک بوو لەپێشمەرگە ئازاو دەست وەشێنەکانی شاری سلیمانی، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلیمانی.
١٩٧٨/٩/٦ چەند پێشمەرگەیەکی هەڕیمی(٥) لەناوشاری سلێمانی هێرشیان بردەسەر سەرمالّی خۆفرۆش جەمال فەقێ حسێن، دەستکەوت حەوت کلاشینکۆف و دوو دەمانچەی تۆکاریۆف و یەک دووربین بوو.
١٩٧٨/٩/٦ دوژمن هێرشێکی بەرینی هێنایەسەر ناوچەکانی پشدەر بەنیازی ڕاگوێزانی ئەو گوندانەی لەوێ مابوون، مەفرەزەیەکی هەڕیمی(٦) لەلای بیگەلاس و چیای سەری مامەندە بەرەنگاریان بوونەوە، زەرەری دوژمن کوژران و بریندارکردنی(٤٠) سەرباز کە سێ ئەفسەریان تێدابوو.
١٩٨١/٩/٦ هێزێکی حزبی سۆسیالیست لەگوندی چیوە-ی دۆلی بالیسان هێرشیان کردە سەر هێزێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەم شەڕە نەویستراوەدا پێشمەرگە (هاشم حوسین) شەهید بوو، دکتور مەجید عەبدوللا بەسەختی

بریندار بوو، دواتر بەو بڕینەوە لەدەرەوەی ولات شەهید بوو، لەگەڵ دوو هاوڵاتی گوندی چیوە شەهید بوون.
١٩٨٥/٩/٦ گرتنی ڕەبیەی ناحیەی تەینال لەسەر شەقامی کەرکوک - سلیمانی، کوژرانی ٨ جەیشی شەعبی لێکەوتەوە، دوو پێشمەرگەش شەهید بوون بەناوەکانی (فەریق ڕەئوف و عوسمان عەلی).
١٩٨٥/٩/٦ شەوی(٦/٥) کەرتی(٢)ی بازیان و تیپی(٥٧)ی سەگرمە ڕەبیەی گشتی سەرڕێگای سلێمانی - کەرکوکیان گرت، ئەم نەبەردییە بەخۆیّنی فەریق ڕەئوف ڕەمەزان و عوسمان عەلی سەعید شەریف، ناسراو بەمیرزاو بریندار بوونی(٤) پێشمەرگەی تر تۆمارکرا.
١٩٨٦/٩/٦ تیپی(٥١)ی گەرمیان، بۆسەیەکیان لەسەرجادەی نێوان دووزخورماتوو- کفری نایەوە و(١٤) سەربازیان بەدیلگرت.
١٩٨٦/٩/٦ شەهید بوونی فەرماندە (شیخ جەمال بەهائەدین) لەتیپی ٥١ی گەرمیان لەشەڕی قەیوان - ماوەت.
١٩٨٦/٩/٦ شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان (ئیبراهیم غەفور عەلی) لەتیپی ٢١ی کەرکوک لەشەڕی قەیوان ماوەت.
١٩٨٦/٩/٦ شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بەناوەکانی (جەمال تیکال و حاجی عەوێنە) لەشەڕی قەیوان ماوەت لە گوندی دۆڵبیشک.
١٩٨٧/٩/٦ تۆپخانەی مەڵبەندی(٢) تۆپبارانی سەربازگەی سوسێی کرد و بووەهۆی سووتاندنی جبەخانەیەکی چەک.
١٩٨٧/٩/٦ دوژمن بەسەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجید، لەچوار قۆڵەوە هێرشی کردەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەهیران.
١٩٨٧/٩/٦ دەستپێکردنی شەڕی سەختی داستانی سماقولی بەفەرماندەیی کاک کۆسرەت ڕەسول عەلی، ئەم داستانە (١١) ڕۆژی خایاند کە تێیدا (١٢) پێشمەرگەو فەرماندە شەهید بوون بەناوەکانی [حوسین بندایزانی، یاسین حەمەد شیواشۆکی، موشیر مستەفا کۆیی، نەوزاد کاوانی، ڕەئوف نێرەکینی، ئیبراهیم بەکر عوسمان، جەنگی پیرداود، شوان حەمەد عەزیز، عومەر حەمەد (دەشتی موهەندیس)، فەریق حەسەن (شوان)، عوسمان کەریم (سۆسیالیست)، فەخرەدین عەلی (ئۆمید) (شیوعی)].
١٩٨٨/٩/٦ شالاوی ئەنفالی هەشت یان دوا قۆناغی شالاوی ئەنفال لەڕۆژی(١٩٨٨/٨/٢٥) دا، بۆ ناوچەی بادینان دەستپێکرد و لەڕۆژی(١٩٨٨/٩/٦)دا، کۆتایی هات.
١٩٨٨/٩/٦ بەیانی لێبووردنی گشتی رژێم بۆ هاووڵاتیانی کورد، لێبووردنەکە بۆ زیندانییانی سیاسی و پێشمەرگە و کوردانی هەندەران بوو، ئەوانەی لە پێشمەرگە و کوردانی هەندەران بیانەوێت بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعس، بۆیە لێبووردنەکە بۆ هاووڵاتیان نەبوو. زیندانییانی سیاسی لەڕۆژی(١٩٨٨/٩/١٤)و ڕۆژانی دواتر ئازادکران.
١٩٨٨/٩/٦ نامەی هەڤاڵ»مام جەلال» لەجیاتی بەرەی کوردستانی بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی لەندەن دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە.
١٩٩٥/٩/٦ لەئاکامی تەقینەوەی بۆمبێک لەنزیک کۆمیتەی شەهید «نوری نانەکەلی» هاووڵاتییەک شەهیدبوو.
١٩٩٣/٩/٦ لەسێدارەدانی شەهیدان (سیروان سابیر، سامان نەجمەدین، نەجات مەلا برایم، تاریق محەمەد) لەزیندانی ئەبو غریب.

(٧)

٩/٧ی هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانی هاریکاریی دەزگای پۆلیس
٩/٧ی هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانی هەوای پاک.
٩/٧ی هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانی نەخۆشیی ماسولکەیی دەچێن.
١٩٧٨/٩/٧ مەفرەزەیەکی کەرتی بازیانی هەڕیمی(٥) بەنارنجۆک ئەنداز و چەکی سووک لەڕەبییەکانی دێلێژە-یاندا، هەرهەمان شەو چوونەسەر ڕەبییەی خێوەتەو بەنارنجۆک ئەنداز لێیاندان، زیانی دوژمن - ئۆتومبێلێکی سەربازی تێکشکێنرا.
١٩٧٨/٩/٧ مەفرەزەیەکی کەرتی بازیانی هەڕیمی(٥) بەئاڕپیجی و نارنجۆک و چەکی سووک لەڕەبییەی تەبلەرمنیان-دا. زیانی دوژمن چوار سەرباز کوژراو چواریتریش بریندار بوون.
١٩٧٩/٩/٧ دەستگیرکردنی پێشمەرگەی

قارەمانی ناوشاری سلێمانی»ئاسۆی دەلاک»و پاشان لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا شەهیدکرا.
١٩٨٥/٩/٧ لەبۆسەیەکی پێشمەرگەکانی هەورامان لەسەر ڕێگای زەلم - خورمال، ٨ سەرباز کوژران.
١٩٨٦/٩/٧لەبۆسەیەکی پێشمەرگە لەنیوان هەریر - شەقلاوە، ئەفسەرێک و چوار سەرباز لەناو ئیفایەک کوژران.
لەپێشمەرگە قارەمانەکانی دەستەکەی بەناوی (مەولود خدر سماعیل) ناسراو بە (مەولودە سوور) شەهید بوو، چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون.
١٩٨٧/٩/٧بۆسەی تیپی(٢٥)ی خالخالان لەسەرجادەی تەکیە - ئاغجەلەر.
١٩٨٧/٩/٧دوژمن بەهێزێکی بەربلاوەوە هێرشی کردەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەهیران و لەو شەڕەدا دوژمن بۆمبی هێشوویی بەکارهێنا.
١٩٩١/٩/٧بۆمبارانی گوندەکانی»کوچەک، کانی لەلە، سێ گرتکان»و ئۆردوگای دارمانە لەلایەن دوژمنەوە.
١٩٩٣/٩/٧ دوژمن لەچەند قۆڵێکەوە پەلاماری ناوچەی شوانیدا و لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان-ەوە تێکشکێنرا.
١٩٩٥/٩/٧ کاتژمێر(٩)ی سەرلەبەیانی بڕێک(TNT) لەسەر ڕێگای کەژاوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر شەقامی شەست مەتری چواڕیانی عەین کاوە تەقییەوە و بووەهۆی شەهیدبوونی(٤) پێشمەرگە.
١٩٩٥/٩/٧ ڕزگاربوونی بەڕێز کاک (کۆسرەت ڕەسول عەلی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکارێکی تیرۆریستی لەسەر شەقامی شەست مەتری شاری هەولێر نزیک چواڕیانی عەنکاوە - هەولێر، لەم تەقینەوەدا یەکێک...
٢٠٢٣/٩/٧ کۆچی دوایی نووسەر و مێژوونووس جەمال بابان.

(٨)

٩/٨ی ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی نەخوێندەواری.
١٩٣٣/٩/٨ کۆچی دوایی شا فەیسەڵی یەکەم، پاشای عێراق لە سویسرا بەشێوەیەکی گومانلێکراو.
١٩٧٩/٩/٨ شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی قارەمان بەناوەکانی (ڕەسول حاجی شەریف چەکوانی و حەمە ئەبوبەکر چاوشین) لەبەستەستین لەناوچەی قەلادزێ، لەبۆسەی جاشەکان
١٩٧٦/٩/٨ لەکاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆر لەکاربەدەستانی حکومەت لەوانە پارێزگاری سلێمانی بۆ سەیران چووبوونە هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا(هەڵەبجە) دەستەیەک لەپێشمەرگەکان خۆیان تێکەڵاوی سەیرانەکە کرد و کردیانە شەڕ لەگەڵ پاسەوانانی پارێزگار، زیانی دوژمن(٢) پۆلیس کوژران و(٤) پۆلیس بریندارکران. پارێزگار و کاربەدەستەکانی تر بەهەڵەداوان خۆیان ڕزگارکرد و هێزێکی گەورەی دوژمن هاتەناوچەکەوە.
١٩٧٨/٩/٨ مەفرەزەیەکی کەرتی(٧٢) توانیان چەند ئۆتومبێلێکی دائیرەی ئیشغالی هەولێر ڕابگرن و دوای تێگەیاندنیان لەئامانج و ڕێبازی شۆڕش و سیاسەتی دوژمن ئازادکران.
١٩٨٢/٩/٨ کەرتی(٣)ی تیپی(٥٧)ی سەگرمە و گرتنی ڕەبیەی کەلەڕەش.
١٩٨٤/٩/٨ سەوک مام جەلال هاوڕێ لەگەڵ کاک کۆسرەت، هێرۆخان، مام ڕۆستەم، سابیر ڕەسول، جەمال ئاغا سەردانی گوندی بەحرکەی ناوچەی بەڕانەتی کرد، بەهاوڕێیەتی.
١٩٨٤/٩/٨ هاتنی بەڕێز مام جەلال سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) بۆ گوندی بەحرکە لەناوچەی بەرانەتی بەهاوڕێیەتی بەڕێزان (کاک کۆسرەت ڕەسول، هێرۆ خان، مام ڕۆستەم، سابیر ڕەسول، جەمال ئاغا، دکتور فوئاد).
١٩٨٥/٩/٨ لەبۆسەیەکی پێشمەرگە لەنزیک شارۆچکەی قەسرێ ئەفسەرێک کوژراو ٩ سەربازیش بە دیل گیران، دەستکەوتی پێشمەرگە ٩ پارچە چەک بوو.
١٩٨٥/٩/٨لێدانی بازگەی کۆیە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە، کە تێیدا ژمارەیەک سەرباز کوژران.
١٩٨٥/٩/٨لەنیوان کفری - کەلار لەبۆسەیەکدا (٢٥) قوات خاسە کوژران، دەستکەوت ٧ پارچە چەک بوو.
١٩٨٦/٩/٨ شەهید بوونی فەرماندە (شەریف کۆکۆیی) لەشەڕی قەیوان - ماوەت.
١٩٨٧/٩/٨پاککردنەوەی دۆلی خانەقا، گرتنی ١٠ ڕەبیەو کوژرانی ٧٥ سەرباز، لەگەڵ شەهید بوونی ئەو فەرماندەو پێشمەرگانە (فەرماندە خالیدە ڕەش بنمێردەیی، فەرهاد قادر ناسراو

بەشوانە بیکەس هەولێری، دلشاد محەمەد عەلی، خەلیل بلەیی، خدر ئەحمەد عەولا).
١٩٨٧/٩/٨ پاکردنەوەی دۆڵی خانەقا لەڕێگەی چەند پێشمەرگەیەک شەهیدبوون، فەرماندە خالیدە رەش بنمێردەیی و شوانە هەولێری و دڵشاد محەمەدعەلی، خەلیل شێخ تاهیر بلەیی و خدر ئەحمەد حمد عەولا.
١٩٨٧/٩/٨ شەوی(٨/٧) تیپی(١٢)ی سۆران و تیپی(٧٨)ی کاروخ و تیپی(١٩)ی کۆڕەک، دەستیانگرت بەسەر مقر فەوجێک و(١٠) رەبیە لەدۆڵی خانەقا.
١٩٨٧/٩/٨تیپی(٥٩)ی حەمرین بۆسەیەکیان لەسەرجادەی سەنگاو- چەمچەماڵ نزیک کانی شیرینەکە نایەوە.
١٩٨٧/٩/٨ بۆسەی تیپی(٥٣)ی شێروانە لەسەرجادەی کەلار- باوەنوور.
١٩٨٨/٩/٨ دەرکردنی بریاری لێبووردنی گشتی سەددام حوسین بۆ هەموو کەس تە نیا هەڤاڵ مام جەلال نەبێت
١٩٩٢/٩/٨ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری ژمارە(١٢٢٧) ی دەرکرد سەبارەت بەگەڕانەوەی زانکۆی سلێمانی.
١٩٩٢/٩/٨ رۆژانی(٨ بۆ ١٠/ی ٩) دوژمن بەتۆپی قورس و کۆپتەر ناوچەکانی»گەراوی و قادر کەرەم»ی بۆردومان کرد.
١٩٩٣/٩/٨هەڤاڵ»مام جەلال» لە قەڵاچوالان پێشوازیکرد لەمیستەر»تۆنی» نوێنەری یەکێتی ئەوروپا لەکوردستان.
١٩٩٥/٩/٨هەلهاتنی (حوسین کامل و سەددام کامل) لەگەڵ هەردوو کچەکەی سەددام حوسین بۆ ئوردن.
٢٠١١/٩/٨ کۆچی دوایی نووسەر مەحمود زامدار لە هەولێر

(٩)

٩/٩ی هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانی پاراستنی پەروەردە لە هێرشەکان.
١٩٧٦/٩/٩ کۆچی دوایی ماوتسی تونگ، ڕابەری شۆڕشی ڕۆشنبیری لە چین، کە ناسراوە بە بیری ماوی.
١٩٧٨/٩/٩ لەشەڕێکی سەختی پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عیراق لەنزیک گوندی بیگەلاس و چیای مامەندە لە پشدەر (٤٠) سەرباز کوژران و بریندار بوون.
١٩٧٨/٩/٩ مەفرەزەیەکی کەرتی(٧٣) لەبارەگای سریەی دەرگەڵە(چۆمان)یاندا. زیانی دوژمن کوژرا و بریندارێکی زۆری لێکەوتەوە.
١٩٧٨/٩/٩ مەفرەزەیەکی کەرتی(٧٣) لەسەنگەرێکی دوژمنیاندا لەگرد کەچەڵ(چۆمان) کوژراو و بریندارییان هەبوو.
١٩٨٢/٩/٩ گرتنی ڕەبیەی گوندی کەلەڕەش لەسنووری سەگرمە، کە تێیدا ١٦ سەرباز دیل کران، دەستکەوتێش ١٥ پارچە چەک بوو.
١٩٨٥/٩/٩ لەچالاکیەکی پێشمەرگە لەنزیک ناحیەی کەسنەزانی هەولێر، دوو ئۆتۆمبێل کەوتنە بۆسەی پێشمەرگە، کە تێیدا ٦ جاش کوژران و ٧ دیل کران، دەستکەوتیش ٩ پارچە چەک بوو.
١٩٨٥/٩/٩ گرتنی دوو ڕەبیە لەلایەن تیپی هەورامان لەنیوان سەید صادق - هەلەبجە، دەستکەوت ٧ پارچە چەک بوو.
١٩٨٦/٩/٩ تیپی(٣٧)ی شارباژێڕ لەناحیەی ماوەت هێرشێکی دوژمنیان تێکشکاند.
١٩٨٧/٩/٩ تێکشکاندنی هێرشێکی گەورەی دوژمن بەمەبەستی ڕاگواستنی گوندەکانی لای پشدەر لەلایەن پێشمەرگەکانی هەرێمی(٦)و (٤٠) سەرباز و سێ ئەفسەر کوژران.
١٩٨٧/٩/٩شەهیدبوونی فەرماندە (حوسین بندایزانی) لەقۆپی گەڕۆتە لەزنجیرە چیای سەفین، شەهید حوسین باوکیشی لەساڵی ١٩٦٢ لە هەمان شوێن شەهید بوو.
١٩٨٧/٩/٩ تیپی(١٥)ی شارەزوور چوونەناو شارۆچکەی خورماڵ و لەئەنجامدا(٥) جاشیان بەدیلگرت.
١٩٨٧/٩/٩ دوژمن بەلیوایەکی حەرەس جمهوریيەوە هێرشی کردەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەهیران.
١٩٨٨/٩/٩هێزێکی دوژمن لەنزیک قادر کەرەم بەتۆپی(٧٥ملم) بۆردومانی ناوچەکەی کرد.
١٩٩٥/٩/٩پارتی(٣) هاوولاتی لایەنگری»ی.ن.ک»ی گولەبارن کرد کە دانیشتووی شارۆچکەی شیلادزێ بوون.
١٩٩٥/٩/٩جەماوەری هەولێر و ئۆردوگاکانی دەوروبەر، بۆ ریسواکردنی تیرۆر و تیرۆریستان ڕێپێوانێکی فراوانیان بۆ بەردەم پارێزگای هەولێر سازکرد.

١٩٩٦/٩/٩شەهیدبوونی فەرماندە (خالە باقی بادلی) لەناوچەی حاجی ئۆمەران لەشەڕی ناوخۆ.
٢٠٠١/٩/٩ کۆچی دوایی تێکۆشەری هەردوو شۆڕش مامۆستا (مەلا ناسح سەید ئیسماعیل سەید خدر).
٢٠٠١/٩/٩ تیرۆرکردنی ئەحمەد شامەسعوود یەکێک لە سەرکردە کاراکانی جیهادی ئیسلامی ئەفغانستان.
٢٠٠٩/٩/٩ لەکارێکی تیرۆریستی لەگوندی وەردەکی کاکەییەکان ٢٢ شەهید و ٦٠ بریندار لیکەوتەوە.

(١٠)

١٩٧٧/٩/١٠ دەستەیەک لەپێشمەرگەکان چوونەناو ناحیەی سورداش-ەوە و لەمەرکەزی پۆلیسیانداو موسەلەحەیەکیان تێکشکاند.
١٩٧٨/٩/١٠ مەفرەزەیەکی کەرتی بازیانی هەرێمی(٥) لەڕەبییەی دێلێژەیان-دا و زیانی دوژمن سەربازێک کوژرا.
١٩٧٨/٩/١٠مەفرەزەیەکی کەرتی گەرمیانی هەرێمی(٥) هەردوو تاوانباری خۆفرۆش عەزیز محەمەد لاو و حەمەجان ئەحمەد کەرەم-یان بەپێی بڕیاری گەل و یاسای شۆڕش ئیعدام کرد.
١٩٧٨/٩/١٠مەفرەزەیەکی کەرتی شەهید دلێر-ی سەر بەهەرێمی(١) بەئاڕبیجی لەڕەبییەی ملەی نالپاریزیان-دا، لەئەنجامدا ڕەبییەکە گڕی گرت. زیانی دوژمن ئەفسەرێک و سەربازێک کوژران.
١٩٧٨/٩/١٠مەفرەزەیەکی کەرتی(٨١) لە ناوچەی سورچیان، توانیان فاخر مەسیفی خائن کە فەرماندەی دەستەی جاشەکان بوو لەگەڵ سێ جاشیتر بکوژن.
١٩٨٢/٩/١٠یەکگرتنەوەی هێلی گشتی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لەڕێکخراویکی نوێ بەناوی (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان).
١٩٨٦/٩/١٠ حەوت فڕۆکەی دوژمن بۆردومانی شەڕگەی قەیوان ماوەتیان کرد و لەئەنجامدا(٢) پێشمەرگە شەهید و(١٧)ی تر بریندار بوون.
١٩٨٦/٩/١٠ لەدوو چالاکیدا دوو مەفرەزەی پێشمەرگە لەدەفەری سۆران لەسەر ڕێگای ڕواندز - بینخال ٧ جاش کوژران.
١٩٨٧/٩/١٠ تیپی(٣٩)ی خەنجەرە، پەلاماریکی دوژمنیان تێکشکاند کە بەمەبەستی سووتاندنی گوندی قەوالی هاتبوون.
١٩٩٥/٩/١٠ بۆ ریسواکردنی تیرۆر و تیرۆرستان، جەماوەری شاری سلێمانی ڕێپێوانێکی فراوانیان لەبەردەم سەراوە بۆ بەردەم دیوانی پارێزگا سازکرد.
١٩٩٧/٩/١٠ بەئامادەبوونی هەڤاڵ»مام جەلال» کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی، فەرماندەی(٧)ی سلێمانی ئاهەنگی دەرچووانی خولی یەکەمی مەشقی سەربازی لە بنکەی مەشقی فەرماندەیی لە بەکرەجۆ گێڕا.
١٩٩٨/٩/١٠ هەڤاڵ»مام جەلال» لە لەندەن سەردانی»لویس ئەیالا»ی سکرتێری گشتی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنالی کرد.

(١١)

١٩٣١/٩/١١ دەستگیرکردنی شۆڕشگێڕی لیبیایی عومەر موختار لەلایەن داگیرکەری ئیتاڵییەوە.
١٩٦١/٩/١١ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول.
١٩٧٥/٩/١١ دامەزراندنی پارتی سۆشیالیستی کورد (پاسۆک).
١٩٧٥/٩/١١ کۆچی دوایی مێژوونووسی کورد ئایەتوڵا محەمەد مەردۆخی.
١٩٨٥/٩/١١ پلینیۆمی یەکەمی (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان) لەکانی زیوکە - ی گوندی هەلەدن لەدۆڵی جافایەتی.
١٩٨٧/٩/١١ شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان (نەوزاد یوسف کاوانی) لەگوندی سوسی لەداستانی سماقولی برای شەهیدان (تەحسین کاوانی و یاسین کاوانی).
١٩٩١/٩/١١ کردنەوەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، بەپەخشکردنی وتارێکی هەڤاڵ مام جەلال لەسلیمانی.
١٩٩١/٩/١١ کردنەوەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کە لەسەر پەخشی تاوەری ئەزمەڕ تەلەفزیۆنی کەرکوکی حکومەتی عێراقی ئەوکاتە کار و وتاری ئەو ڕۆژەی سەردانی مام جەلالی بۆ سلێمانی پەخشکرد. دەستپێکردنی یەکەمین پەخشی "PUK.TV" بەوتاری هەڤاڵ»مام جەلال» لەمەلعەبەکەی سلێمانی.
٢٠٠١/٩/١١ تەقاندنەوەی هەردوو سەنتەری بازرگانیی جیهانیی لە ویلایەتی نیۆرکی ئەمریکا.
٢٠٠١/٩/١١ تەقاندنەوەی هەردوو تاوەری بازرگانی جیهانی لەنیویۆرک لەئەمریکا، لەلایەن

گروپی تیرۆریستی (القاعده).
٢٠٠٦/٩/١١ لەکۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی بەسەرپەرشتی هەڤاڵ»مام جەلال» بڕیاردرا(٩/٢٠) هەڵبژاردن لەکۆمیتەکانی ڕێکخستنی»ی.ن.ک» دەستپێبکات.
٢٠٠٧/٩/١١ لەهەڵمەتێکی هێزەکانی پۆلیسی گەرمیان بەهاوکاری پێشمەرگە و هاوپەیمانان(١٥) گوندی سنووری چیای حەمرین لەتیرۆریستان پاککرانەوە.
٢٠٠٧/٩/١١ د. ئەرسەلان بایز بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی»ی.ن.ک» لەمەراسیمێکدا کۆمیتەی سەرگەڕانی کردەوە.
٢٠١٢/٩/١١ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی بەیان لە سلێمانی.
٢٠١٧/٩/١١ کۆچی دوایی تێکۆشەرو پێشمەرگەی دێرین... (حەمە ئاوات).
٢٠٢١/٩/١١ کۆچی دوایی تێکۆشەرو پێشمەرگەو کادیری لێهاتووی (بەکرە سوور).

(١٢)

٩/١٢ی هەموو ساڵێک ڕۆژی هاوکاریی وتاڵانی باشوور.
١٦٨٣/٩/١٢ سوپای عوسمانییەکان گەمارۆی شاری ڤییەننایان دا بە مەبەستی فراوانکردنی فتوحات، بەڵام بەهۆی ئازەوەنانەوەی سەفەوییەکان لە پشتەوە ناچار بە پاشەکشە بوون.
١٩٧٧/٩/١٢خولی یەکەمی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی»یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» کە پێکهاتبوو لەئەندامانی سەرکردایەتی وڵات و دەستەی دامەزرێنەری»ی.ن.ک» لە ٨/٣١-٩/١٢ درێژەی کێشا، کە گەلێک بڕیاری سیاسی و تەنزیمی و پێشمەرگەییدا.
١٩٧٨/٩/١٢ مەفرەزەیەکی هەریمی(٥) دار و تەختەی پردی زەید عومەری سەر و(قەرەداغ) یان سووتاند.
١٩٧٨/٩/١٢ مەفرەزەیەکی هەریمی(٥) چوونەسەر ناحیەی سەنگاو(گەرمیان) فەرمانگەی کارەباو مەرکەزی پۆلیسیان گولەبارانکرد.
١٩٨٢/٩/١٢ گرتنی ڕەبیەی قەرە تامووز لەلایەن کەرتی چواری جەباری کە تێیدا ژمارەیەک سەرباز بە دیل گیران، دەستکەوتیش ٦ کلاشینکۆف بوو.
١٩٨٧/٩/١٢ تیپی(٨٧)ی قەرەچوخ و چەند مەفرەزەیەکی شیوعی و سۆشیالیست لەناو ئۆردوگای دارەتوو چەند خۆفرۆشێکیان بەدیلگرت.
١٩٩٥/٩/١٢ڕۆژانی(١٢-١٥) گفتوگۆکانی ئاشتی نێوان «ی.ن.ک»و «پ.د.ک.”
١٩٩٩/٩/١٢ لەهۆڵی پەلکە زێڕینەی منارە ئاوارەکانی کەرکوک لەسلێمانی، هەڤاڵ»مام جەلال» پێشانگایەکی گەورەی کتێبی کردەوە کە بەهاوکاری»دار المدی» و بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ سازکرابوو.
٢٠٠٦/٩/١٢ لە یادی(11)ی سێپتەمبەردا بەڕێز»مام جەلال» سەرۆک کۆماری عێراق نامەیەکی پشتیوانی بۆ سەرۆک بۆش نارد.
٢٠٠٦/٩/١٢ لەهاوینەهەواری دوکان بەڕێزان»مام جەلال» سەرۆک کۆماری عێراق و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەکانی یەکخستنەوەی ئەو دامودەزگایانەی هەرێم کە بەدووبەشی ماونەتەوەو مەسەلەکانی کاروباری بەغداو فیدراڵیزم و بودجەی هەرێمی کوردستان.
٢٠٠٧/٩/١٢ سەرۆک»مام جەلال» پێشوازیکرد لەدادوەر مونیر حەداد دادوەری دادگای تەمیز و وتەبێژی ڕەسمی دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق، تەئکیدی لەڕێزگرتنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی کردەوە.
٢٠٠٧/٩/١٢ وەفدێکی هاوبەشی سەرکردایەتی»ی.ن.ک»و»پ.د.ک» سەردانی شاری خانەقی-یان کرد.
٢٠١١/٩/١٢ کۆچی دوایی زانای ئایینی و کەسایەتیی تێکۆشەر مامۆستا شێخ سدیق سەرگەتی.

(١٣)

١٩٧٧/٩/١٣ دوژمن هێرشێکی گەورەی هێنایەسەر گوندی سنگر و میۆلاکە(چوارتا) بۆ پشکنینی ناوچەکە، شوانێکی بێتاوان محەمەد سالح حەوەزی-یان شەهید کرد.
١٩٧٨/٩/١٣ مەفرەزەیەکی هەریمی (٣) لەسەنگەری دوژمنیاندا لە روشە پشتی گوندی دەشتی(چوارتا) دوو سەرباز کوژران.
١٩٧٨/٩/١٣ مەفرەزەیەکی هەریمی(٣) لە سەنگەری دوژمنیاندا لەبەردەسپیان-ی ماوەت،

زەرەری دوژمن کوژرانی سەربازێک و بریندارببوونی یەکێکیتر.
١٩٨٤/٩/١٣ شەهید بوونی هەردوو پێشمەرگەی قارەمان (غالب فاروق و شوان دوبزی) لەنزیک گوندی دۆلە بەکرە - ی ناحیەی قوشتەپە بەدەستی جاشەکان.
١٩٨٥/٩/١٣ تێکشکاندنی پەلاماری جاشەکانی زەڕایەن بۆسەر پێشمەرگەکانی کەرتی تیپی(٥٥)ی قەرەداغ لەگوندی باریکە.
١٩٨٦/٩/١٣ تیپی(٥١)ی گەرمیان و مەفرەزەیەکی حشع بۆسەیەکیان لەسەرجادەی دووز- قادر کەرەم نایەوە.
١٩٨٧/٩/١٣شەهید بوونی فەرماندەو کادیری لێهاتووی (دەشتی موهەندیس) لەداستانی سماقولی لەگەڵ شەهیدان (یاسین شیواشۆکی، ڕەئوف نیرەکینی، موشیر کۆیی، ئۆمید عارەبکەندی لەحزبی شیوعی).
١٩٨٧/٩/١٣ هێزی هاوبەشی مەڵبەندی بادینان پەلاماری مەقەر فەوجێکیاندا و دەستیان بەسەرداگرت و زیانی دوژمن بریتیبوو لە(١٤٣) دیل و هەشت ئاڕپیجی و(١٥) چەکی جۆراوجۆر.
١٩٨٨/٩/١٣ تیپی(٢١)ی کەرکوک و تیپی(٧٨)ی کاروخ، هێرشێکی بەربڵاوی دوژمنیان بۆسەر سنووری شێخ بزێنی خوار و تێکشکاند، شەڕەکە(٧) کاتژمێری خایاند.
١٩٨٨/٩/١٣ ژمارەیەک پێشمەرگە لەچەمەی تولکی ڕووبەڕووی هێزێکی جاش و سوپاو هەلیکۆپتەر بوونەوە، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لەدوژمن کوژران، لەگەڵ شەهید بوونی (ڕەحمان سالح کەریم، مەشعەل حوسین بۆلی، پەڕژین کانە بی، نەجات کۆچەکی) و (٥) بریندارێش هەبوون.
١٩٩٢/٩/١٣ کۆچی دوایی شاعیر و زانای ئایینی ڕەشاد موفتی لە هەولێر.
١٩٩٢/٩/١٣ پەرلەمانی کوردستان پارێزگاری کەرکوکی دانا.
١٩٩٥/٩/١٣ لەبەرئەوەی پارتی ئامادەنەبوو داهاتی مەرزی ئیبراهیم خەلیل بگەڕێتەوە خەزینەی هەرێم، خولی دووەمی وتوێژەکانی دبلن بەئاکام نەگەیشت.
١٩٩٩/٩/١٣بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی هەڤاڵ»مام جەلال» کۆنفرانسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەی کوردستان ئەنجامدرا.
٢٠٠٦/٩/١٣ ساڵی ٢٠٠٦ لەسلێمانی سەرۆک تاڵەبانی پێشوازیکرد لەڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ و دۆستی کورد جۆناسان راندل.
(١٤)
١٨٩٩/٩/١٤ بە فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، پیرەمێردی شاعیر کرایە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئەستەنبوول.
١٩٥٩/٩/١٤ کۆچی دوایی نووسەری کورد مەلا محەمەدی تورجانی قزڵجی لە بەغدا.
١٩٦٠/٩/١٤ دامەزراندنی ڕێکخراوی ئۆپیک.
١٩٧٦/٩/١٤ یەکەم شەهیدی شۆڕشی نوێ لەشارەزوور گیانی بەخشی ئەویش شاعیری شەهید (فاتیح حەیدەر عارف) بوو لەگوندی (قاینجە)ی قەزای سەید صادق، شەهید خەلکی گوندی (سازان) بوو.
١٩٧٨/٩/١٤مەفرەزەیەکی کەرتی شەهید دلێر-ی سەر بەهەرێمی(١) بەئاڕپیجی لەڕەبییەکانی کەولۆسی-یاندا و لەئەنجامدا ڕەبیەکە گڕی گرت.
١٩٨١/٩/١٤ بۆردومانی مەرکەز ناحیەی هیران، لەلایەن کەرتی(٥)ی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێرەوە.
١٩٨٤/٩/١٤ ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان بەڕابەرایەتی مامۆستا محەمەدی بەرزنجی، ئەم حزبە حزبە لە ساڵی ١٩٧٨ بە نهێنی دامەزرا و کاری ڕێکخستنی کردووە، تا کاتی ڕاگەیاندن.
١٩٨٤/٩/١٤ لە ئەنجامی بۆسەیەکی کەرتی(١) ی ساڵەیی و تیپی(٢١)ی کەرکوک، پتر لە(٢٠) جاش کوژران.
١٩٨٥/٩/١٤ لەتیپی خالخالان شەهید بوونی ١٢ پێشمەرگە و بریندار بوونی ٢٣ پێشمەرگەی تر لەناوچەی ئاغجەلەر بەهۆی تەقینەوەی ژمارەیەکی زۆری (مین)، شەهیدەکانیش بریتی بوون لە (کامەران تەها، عەلی ئەمین، کاویس حەوێز، مەحمەد، یاسین سەلام، محیەدین ئەحمەد، کاویس حەوێز، فازیل عەلی، ئەمین عەبدولکەریم، عەزیز مەحمەد، جومعە عەبدولکەریم، سالح عومەر، عەبدوللا خدر).
١٩٨٥/٩/١٤ کۆچی دوایی شاعیر مەلا حەسەنی کوردی (هۆشیار).
١٩٨٦/٩/١٤حەوت فڕۆکەی دوژمن لەداستانی قەیوان - ماوەت پەلاماری دۆڵی جافەتیانداو

یەکێکیان پێکراو لەسەر ئاسمانی قەرەهەنجیر کەوتەخوارەوە.
١٩٨٧/٩/١٤ بۆ جاری دووهەم گرتنی شارۆچکەی تەقتەق لەلایەن هێزی پێشمەرگە، ژمارەیەک زۆر لەجاش و سەرباز کوژران، دەستکەوتیش (٤٣) کلاشینکۆف بوو، ئەوەی شایەنی باسە لەجاری یەکەم لە (١٩٨٧/٥/٢٩) شارۆچکەی تەقتەق دەستی بەسەردا گیرا.
١٩٨٧/٩/١٤ گرتنی شارۆچکەی کانی ماسی سەر بە قەزای ئامێدی لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک) و کوشتنی ژمارەیەک چەکدارو دیلکردنی (١٤٣) چەکدار، دەستکەوتیش (١٢٠) پارچە چەک بوو.
١٩٨٧/٩/١٤ تیپەکانی(٢١)ی کەرکوک و(٢٣)ی سورداش و(٢٥)ی خالخالان و(٩٣)ی کۆیە، لە چوار قۆڵەوە هێرشیان کردەسەر ناحیەی تەق تەق و دەستیان بەسەرداگرت.
١٩٨٧/٩/١٤ تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی سەربازگەی سوسێی کرد کە بووەهۆی تێکشکاندنی(٢) تانک و تۆپێک و شۆفلێک.
١٩٨٧/٩/١٤ تیپی(٨٧)ی قەرەچوغ چوونە ناوشاری موسڵ و پسپۆڕێکی ئیتاڵیان دەستگیرکرد.
١٩٨٧/٩/١٤ رژێمی عێراق کیمیابارانی دۆڵی مێرگەپانی کرد.
١٩٨٨/٩/١٤هێزەکانی دوژمن چەند گوند و باخ و مەزرایەکیان لە ناوچەکانی دەشتی زرارەتی وێران کرد.
١٩٨٨/٩/١٤بەڕێز»مام جەلال»و وەفدە یاوەرەکەی لەلایەن خاتوو»مادلین ئۆلبرایت»ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەنووسینگەی ڕەسمی خۆی لەوەزارەتی دەرەوە پێشوازیان لێکرا.
٢٠٠٦/٩/١٤ د. بەرهەم ئەحمەد سالح جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق لەواشنتۆن لەگەڵ دیک چینی جێگری سەرۆکی ئەمریکا و دۆنالد رامسفیلدی وەزیری بەرگری پێشووی ئەمریکا کۆبوونەوە.
٢٠٠٦/٩/١٤ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی بەڕێز عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەسەڵاحەدین پێشوازیکرد لەژەنەرالی خانەنشین جۆزیف رالستۆن نێردراوی تایبەتی حکومەتی ئەمریکا بۆ کاروباری کورد.

(١٥)

٩/١٥ی هەموو سالێک ڕۆژی جیهانی دیموکراسی.
١٩٧٢/٩/١٥ کۆچی دوایی شاعیر نیشتمانپەروەر حاجی باقی بەنگینە، ناسراو بە شاعیری گەل.
١٩٧٧/٩/١٥ بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی»ی.ن.ک.”
١٩٨٤/٩/١٥ شەهید بوونی فەرماندەی ئازاو لەخۆبردوو (مولازم سەید کەریم هاودیانی) ئەندامی سەرکردایەتی لەگەڵ دوو پێشمەرگەی قارەمان (نەهرۆ عەبدوللاو سەباح مەجید) لەبازگەی تاسلوجە بەدەستی جاشە خۆفروشەکان، کە دواتر بەسزای خیانەت گەیشتن.
١٩٨٤/٩/١٥ شەهیدکردنی»ملازم سەید کەریم» و هەڤاڵەکانی»نەهرۆ» و»سەباح» لەسەر ڕێگای تاسلوجە - سلێمانی لەکاتی گفتوگۆدا.
لەمبارەیەوە مەکتەبی سیاسی لە(٩/١٦) بەیاننامەیەکی دەرکرد.
١٩٨٧/٩/١٥ شکانی یەکجارەکی هێرشی هێزەکانی دوژمن بۆسەر هیران.
١٩٨٨/٩/١٥ رژێم ئاگاداری گوندەکانی»بێستان سوور، زەڕایەنی کۆن، قەرەگۆل»ی کرد بۆ ڕاگواستن.
١٩٩١/٩/١٥دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ کە(٢٥) تەرمی تێدابوو.
١٩٩٢/٩/١٥پەرلەمانی کوردستان بڕیاری یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیدا.
١٩٩٣/٩/١٥بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
١٩٩٣/٩/١٥ شەوی(١٥/١٤) تۆپخانەی ئێران بۆ ماوەی(١) کاتژمێر بەخەستی بۆردومانی گوندەکانی پێنجوێنی کرد.
٢٠١٠/٩/١٥ کۆچی دوایی بیرمەند و نووسەر محەمەد ئەرەگۆن.

(١٦)

٩/١٦ی هەموو سالێک ڕۆژی جیهانی پاراستنی ئۆزۆن.
٩/١٦ی هەموو سالێک ڕۆژی جیهانی زانست و تەکنەلۆژیا و داهێنان بۆ وڵاتی باشوور.
١٩٣١/٩/١٦ لەسێدارەدانی تێکۆشەری لیبیایی عومەر موختار لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی ئیتاڵیاوە.
١٩٧٨/٩/١٦لەهێرشێکی هەلیکۆپتەر بۆ سەر

دۆلی باڵەییان شەهیدکردنی (٥) ژن و منداڵ و بریندارکردنی ژمارەیەکی دیکە لە هاوڵاتیانی سیڤیل.
١٩٧٨/٩/١٦ دوژمن هێزێکی گەورەی هێنایەسەر دۆڵی باڵەیان بەنیازی گەمارۆدان و لەناوبردنی پێشمەرگە، پاش بەرهەڵستییەکی کەم، پێشمەرگەکان بەسەلامەتی دەربازبوون، بەڵام هێزی ئاسمانی دوژمن زەرەری گیانی لەڕەوەندەکاندا.
١٩٧٨/٩/١٦ تێکشکاندنی پەلامارێکی دوژمن لەدۆڵی باڵەییان.
١٩٨٤/٩/١٦بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی(ی.ن.ک) لەبارەی شەهیدکردنی ملازم سەید کەریم.
١٩٨٤/٩/١٦تیپی(٥٧)ی سەگرمە لەسەرجادەی ئەڵڵایی، هێرشیان کردەسەر گەلەجاشێک و لەئەنجامدا(٦) جاش کوژراو ئۆتومبێلێکیش سووتێنرا.
١٩٨٤/٩/١٦ تیپی(٣٧)ی شارباژێڕ و کوژرانی(٦) جاش و سووتاندنی ئۆتومبێلێک.
١٩٨٧/٩/١٦ تیپی(١١)ی هەورامان پەلاماری سریەی مغاویریاندا لەکازان.
١٩٨٩/٩/١٦ ئازادکردنی هەڤاڵ مەلا بەختیار لەلایەن سەرکردایەتی ئەوسای کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە.
١٩٩١/٩/١٦ دامەزراندنی کۆمەڵەی منداڵپارێزی کوردستان.
١٩٩٢/٩/١٦ هەڤاڵ مام جەلال، لەمیانەی سەردانێکیدا بۆ ئوردون لەگەڵ مەلیک حسێن کۆبۆوە.
١٩٩٣/٩/١٦شەوی(١٦/١٥) دوژمن گوندەکانی تۆمار و گورگانی سەربەناحیەی شوانی تۆپباران کرد.
١٩٩٩/٩/١٦ بەئامادەبوونی بەڕێز»مام جەلال» چوارەمین کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئایینیی ئیسلامی کوردستان بەسترا.
٢٠٢٢/٩/١٦ شەهیدکردنی کچە چالاکوان (ژینا ئەمینی) لەتاران.
٢٠٠٧/٩/١٦ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیکرد لەئەشرەف قازی نوێنەری پێشووی سکرتێری گشتی لەعێراق کە بەمەبەستی مالئاوایی لەپۆستەکەی سەردانی کوردستانی کردبوو.

(١٧)

٩/١٧ی هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانی پاراستنی تەندروستی نەخۆش.
١٩٧٥/٩/١٧ هەڤاڵانی ڕێکخستنی کۆمەڵە لەبەغدا دەستگیرکران.
١٩٧٨/٩/١٧ شەهیدکردنی دوو پێشمەرگەی قارەمان بەناوەکانی (تۆفیق حاجی مەحمودو قادر حاجی ئەحمەد) لەلایەن قیادەی موەقەتە لەنزیک گوندی (میری سور)ی شارەزوور، دواتریش سێ پێشمەرگەی دیلیان شەهید کرد بەناوەکانی (دکتور ڕەزا، حوسین مەحمەد، ئازاد حوسین) لەشاخی سورین.
١٩٨٣/٩/١٧ شەهید بوونی فەرماندەو پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاکانی شۆڕش (حاجی ئەحمەد عەبدوللا) لەقەندیل، کە ناوبراو برای شەهیدان (حەسەن کوێستانی و حەمەڕەش و خولە).
١٩٨٤/٩/١٧ پێشمەرگەکانی تیپی(٥٥)ی قەرەداغ چوونەسەرجادەی سلێمانی - عەربەت نزیک گوندی قەرەگۆل بۆسەیەکیان داناو پەلاماری گەلە جاشێکیاندا.
١٩٨٥/٩/١٧ هێرشی دوژمن بۆسەر گوندی کانی بەردینەو پاشان سووتاندنی.
١٩٨٥/٩/١٧ لەبۆسەیەکی تۆکمەی پێشمەرگەکانی گەرمیان لەنیوان دووز و قادر کەرم (١٢) چەکدار کوژران، دەستکەوتیش (١٥) پارچە چەک بوو.
١٩٨٧/٩/١٧ تیپی(٢١)ی کەرکوک لەسەرجادەی شیوەسوور(١٠) جاشیان بەدیلگرت.
١٩٨٧/٩/١٧ تیپی(٢١)ی کەرکوک لەسەرجادەی تەق تەق - ڕێدار، دەستیانگرتبەسەر ڕەبیەی گەڵەبیاندا.
١٩٨٧/٩/١٧ دوای (١١) ڕۆژ و (٢٦٤) کاتژمێر لەبەڕگری، هێزەکانی ڕژێمی بەعس کشانەوە و نە یانتوانی سماقولی داگیر بکەن، ئەو شەڕە بە داستانی (١١) ڕۆژەی سماقولی بەناوبانگ بوو.
١٩٩٢/٩/١٧ تیرۆرکردنی د.سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەبەرلین.
١٩٩٨/٩/١٧ بە سەرپەرشتی مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لەنێوان یەکێتی و پارتی لەلایەن بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود واژوو کرا.
١٩٩٨/٩/١٧ دوای شەڕێکی ماڵوێرانی ناوخۆی

پارتی و یەکێتیی بە میانگیریی ئەمریکا ڕێکەوتنامەی واشنتۆنیان واژۆکرد و ئاشت بوونەوە.
١٩٩٨/٩/١٧ مۆرکردنی ڕێککەوتنامەی مێژوویی واشنتۆن لەنێوان هەردوو وەفدی(ی.ن.ک)و «پ.د.ک» لەواشنتۆن.
٢٠٠٦/٩/١٧ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی بەڕێزان کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سەرۆکی هەرێم و عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ سەرۆک و ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەوە.
٢٠٠٦/٩/١٧ لەپێنج پەلاماری تیرۆریستیدا لەشاری کەرکوک زیاتر لە(١٠٠) کەس شەهید و بریندار بوون.
٢٠٠٧/٩/١٧ بەئامادەبوونی بەڕێز عومەر فەتاح، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمارشی ئەی ڕەقیب زەنگی دەستپێکی ساڵی خوێندنی(٢٠٠٧-٢٠٠٨) لێدرا.
(١٨)
٩/١٨ی هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانی بۆ هاوتایی موچە.
١٩٧٨/٩/١٨ مەفرەزەیەکی هاوبەشی هەرێمی پارێزگاری بەئاڕپیجی لەفەوجی کۆمتان(قەڵادزە) یاندا و زیانێکی زۆریان پێگەیاندن.
١٩٨١/٩/١٨ شەهید بوونی فەرماندە (حەمەڕەش گریزەیی) لەگوندی ڕەزلە لەناوچەی شارەزوور.
١٩٨٥/٩/١٨ شەوی(١٨/١٧) پێشمەرگەکانی تیپی(٤٧)ی پیرەمەگرون، چوونە ناوشاری سلێمانی و لەتۆڵەی سووتاندنی کانی بەردینەدا(٤) ئۆتومبێلی سەربازیان سووتاند و(٢٤) کەسیشیان لەپیاوانی رژێم بەسزای گەل و شۆڕش گەیاند.
١٩٨٩/٩/١٨ شەوی(١٨/١٧) هێرشی گەورەی دوژمن بۆسەر شاخی چەکوچ و سادر.
١٩٩١/٩/١٨ دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەعەین کاوە تەرمی(٥) هاوولاتی مەسیحی تێدابوو کە لە(٨ی ئابی ١٩٨٨)دا، دەستگیرکرابوون.
١٩٩١/٩/١٨ وەفدی پەرلەمانی ئەوروپا سەردانی مەکتەبی سیاسی(ی.ن.ک)یان کرد.
١٩٩١/٩/١٨ دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەسەر ڕێگای هەولێر - مەخموور، تەرمی(٢٥) هاوولاتی کیمیابارانی بالیسانی تێدابوو.
١٩٩٦/٩/١٨ لەدوای(31) ی ئاب ڕێکخستنەکانی»ی.ن.ک» لەشەوی(١٩٩٦-١٨-١٧) لەناحیەی ڕزگاری لەگەرمیان چەندین پۆستەر و بەیاننامەیان بڵاو کردەوە.
٢٠٢٣/٩/١٨ شەهید بوونی سێ پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لەفڕۆکەخانەی عەربەت بەدرۆنەکانی ڕژێمی تورکیا.
٢٠٢٣/٩/١٨ شەهید بوونی (دەنیز هیڤی) ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەهەولێر لەکارێکی تیرۆریستی
٢٠٠٣/٩/١٨ کۆچی دوایی نووسەر و وەرگێڕ شکوور مستەفا لە هەولێر.
٢٠٠٦/٩/١٨ سەرۆک تالەبانی لەکۆنگرەی خستنەڕووی پەیمانی نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراق لەنەتەوەیەکگرتووەکاندا وتارێکی پێشکەشکرد.
(١٩)
١٢٤٥/٩/١٩ کۆچی دوایی زانای گەورە ئیبین سەڵاحی شارەزووری.
١٩٧٨/٩/١٩ مەفرەزەیەکی هاوبەشی هەرێمی پارێزگاری، کەوتن بەسەر کەمینێکی دوژمندا لەچیای ساوێن(قەڵادزە) شەڕ یەک کاتژمێری خایاند.
١٩٨٠/٩/١٩ مانگرتنی جەماوەری کوردستان و بەشداری نەکردنیان لەهەڵبژاردنە ساختەکەی ئەنجومەنی تەنفیزی و تەشریعی.
١٩٨٥/٩/١٩ لەناوگەردانی شارەزوور لەهێرشی جاش و سوپاو هەلیکۆپتەر بۆ سەر پێشمەرگەکانی هەورامان (٢٣) چەکداری ڕژێم کوژران، دەستکەوتیش (١٢) پارچە چەک بوو.
١٩٨٦/٩/١٩ هێزێکی مەڵبەندی یەک، لقی سۆشیالیست و هێزی پشتگیریی هەڵمەتیان بردەسەر مقر فەوجی قادر کەرەم.
١٩٨٦/٩/١٩ دەستگرتن بەسەر شارۆچکەی قادر کەرم لەلایەن هێزی پێشمەرگە، لەم چالاکیەدا دوو پێشمەرگە شەهید بوون (جەمال مور تکەیی و مەحمود سەررەقەلایی).
١٩٨٧/٩/١٩ هەردوو تیپی شیروانەو گەرمیان چوونە ناو شارۆچکەی کولەجۆ لەباشووری کەلار، کە بووە هۆی زەبر وەشاندن لەچەند شوێنێکی سەربازی و ئەمنی.

١٩٨٧/٩/١٩ مەفرەزەیەکی تیپی(٥٥)ی قەرەداغ، لەسەرپردی عەزیز ئاوای سلێمانی، بۆسەیەکیان نایەوە و(٦) سەربازیان بەچەکەکانیانەوە بەدیلگرت.
١٩٨٨/٩/١٩ پارتیزانەکانی گەرمیان هەڵیانکوتایەسەر مۆڵگایەکی دوژمن لە قۆپی قەرەداغ.
١٩٩٠/٩/١٩حکومەتی فەرەنسا پێشوازیکرد لە وەفدی بەرەی کوردستانی بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ»مام جەلال."
١٩٩٠/٩/١٩ فەرماندەو پێشمەرگەی پارتیزانی دوای ئەنفال کادیری بەتواناو لێهاتووی رێکخستن هاشم شەمامکی و پێشمەرگەی قارەمان ئیسماعیل مورتکەیی لەنزیک گوندی دەلوگولی ناوچەی شەمامک، لەدوای رووبەڕووبوونەوەیەکی پڕلەبوێری لەبەرامبەر گەلەجاشێکی یەکجار زۆر شەهیدبوون.
١٩٩١/٩/١٩ شەهیدبوونی فەرماندە و پارتیزان و ئەفسانەی شۆڕشی نوێ»حەمەی تەلە» ناسراو بە»شاهۆ».
١٩٩٢/٩/١٩ بەبۆنەی شەهیدبوونی»د. سادقی شەرەف کەندی» حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرتاسەری هەرێمدا(٣) رۆژ پرسە و ماتەمینی راگەیاند.
١٩٩٣/٩/١٩ رۆژانی(١٩/١٨) تۆپخانەی ئێران گوندەکانی ناوچەی قەڵادزێ و پێنجوێنی تۆپباران کرد.
١٩٩٦/٩/١٩ بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی(ی.ن.ک) لە زەڵێ پاش(٣١)ی ئاب.
١٩٩٨/٩/١٩ بەڕێز»مام جەلال» لەگەڵ سەرۆکی فیدراسیۆنی جیهانی ئاشوری و کۆمەڵێک ئاشووری عێراق لەئەمریکا کۆبۆوە.
٢٠٠٦/٩/١٩ سەرۆک»مام جەلال» لە نیویۆرک بەشداری کۆبوونەوەکانی سالانەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانی کرد.
٢٠٠٦/٩/١٩ بەڕێز»مام جەلال» سەرۆک کۆماری عێراق لەنیویۆرک لەگەڵ بەڕێز جۆرج دەبلیو بۆشی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆبووەوە.
١٩٩٠/٩/١٩ شەهید بوونی فەرماندەو پێشمەرگەی پارتیزان و کادیری هۆشیاری رێکخستن (هاشم شە مامکی) لەشەڕیکی سەخت لەگەڵ هێزێکی گەورەی جاش و سوپا لەگەڵ هاوڕێیەکی تری بەناوی شەهید (ئیسماعیل مورتکەیی) لەگوندی دەلوگول - ی ناوچەی شە مامک.
٢٠٠٥/٩/١٩ گرتنی بازگەی پردی قەرەگۆل لەنیوان سلیمانی - دەربەندیخان، کە تێیدا (٨) چەکداری رژێم کوژران، دەستکەوتیش (٨) چەکی جۆراوجۆر بوو، لەگەڵ شەهید بوونی پێشمەرگە (حەمید ئەحمەد هۆرینی).
(٢٠)
٩/٢٠ی هەموو ساڵێک رۆژی جیهانی پاکژی ژینگە
١٩٢٣/٩/٢٠ بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال لە سلێمانی کە حسێن نازم بەگ سەرنووسەری بووە.
١٩٤٧/٩/٢٠ کۆچی دوایی نووسەر و رۆژنامەنووس حسێن حوزنی موکریانی.
٢٠١١/٩/٢٠ تیرۆرکردنی سەرکردەی ئەفغانی بورهانەدین ڕەبانی.
١٩٧٨/٩/٢٠ لەگوندی شێخ وەسانان لەدۆلی بالیسان لەناو مزگەوتی گوندەکە ژمارەیەک پێشمەرگە بەئازایەتیەکی بێ وێنە توانیان ئابلوقە بشکێنن و (٥) سەربازیش بکوژن، خۆشیان بەبێ زیان دەربازیان بوو.
١٩٧٩/٩/٢٠ لەنزیک گوندی (بیشی)ی ناوچەی بالەکایەتی لەبۆسەیەکی پێشمەرگە (١٩) سەربازو دوو ئەفسەر کوژران، لەگەڵ سووتانی شەش ئۆتۆمبیلی سەربازی، دەستکەوتیش (٥) کلاشینکۆف بوو.
١٩٨٥/٩/٢٠ گرتنی دوو ڕەبیە لەتانجەرۆ نزیک سلێمانی لەلایەن پێشمەرگەکانی سەگرمەو کوژرانی (٦) سەرباز.
١٩٨٦/٩/٢٠ گرتنی بارەگای فە وجی قادر کەرم و کوژرانی (٢٠) جاش، دەستکەوتیش (٣٠) پارچە چەک بوو، لەگەڵ شەهید بوونی دوو پێشمەرگەش بەناوەکانی (جەمال سالح و محمود عەزیز).
١٩٩٢/٩/٢٠ تیرۆرکردنی تێکۆشەرو نووسەرو رۆژنامەنووسی کورد (موسا عەنتەر) لەلایەن رژێمی تورکیا.
١٩٧٨/٩/٢٠ مەفرەزە هاوبەشەکانی کەرتی گەڵاڵە، لەسەر رێگای»بیشی» بۆسەیەکیان بۆ دوژمن نابۆوە و هێزێکی سوپای فاشیست کەوتە ناو بۆسەکەوە و پێشمەرگە قارەمانەکان

گولەبارانێکی خەستیان کرد، زیانی دوژمن بیست و یەک ئەفسەر و سەرباز کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندارببوون، لەناو کوژراوەکانی دوژمندا ئامر لیوای یەک و ئەفسەرێکی ئیستیخباراتی تیابوو، جگە لەوەی (٦) ئۆتومبێلی سەربازی تێکشکێنراو پێنج کلاشینکۆفی سیخۆش دەستکەوتبوو.

١٩٨٧/٩/٢٠ مەفرەزەیەکی تیپی(٨٣)ی هەورێ، لەقەزای سدیق خۆفرۆشێکیان بەسزای گەل گەیاند.

١٩٨٧/٩/٢٠ تیپی(٥١)ی گەرمیان، بەهاوەن بۆردومانی مەعسکەری دووزیان کرد.

١٩٩٠/٩/٢٠ کۆنگرەی یەکگرتنەوەی نووسەران لەبارەگای بەرەی کوردستانی.

١٩٩٣/٩/٢٠ کۆمەڵەی چەپە کوردستانییەکان کە بریتیبوون لەدەستەیەک ئەندامان و کادیرانی حزبی شیوعی عێراقی پەیوەندیان بە«ی.ن.ک»ەوە کرد.

٢٠٠٦/٩/٢٠ پرۆسەی هەڵبژاردن لەسەرجەم مەڵبەندەکانی رێکخستنی»ی.ن.ک» لەهەرێمی کوردستان و چەند پارێزگایەکی عێراق دەستپێکرد.

٢٠٠٧/٩/٢٠ بەسەرۆکایەتی عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لیژنەیەکی باڵا بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی پێکهات.

٢٠٠٧/٩/٢٠ (٥٢) پارچە شوێنەواری میژوویی کە لەلایەن تیرۆریستانەوە دزرابوو لەلایەن هێزەکانی فرەڕەگەز لەکەرکوک دەستیانبەسەرداگیراو لەڕێوڕەسمێکدا لەبارەگای مەکتەبی سیاسی»ی.ن.ک» تەسلیم بەجەلال جەوهەر ئەندامی مەکتەبی سیاسی کرا.

(٢١)

٩/٢١ی هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانی ئاشتی.

١٩٧٠/٩/٢١ دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان.

١٩٧٧/٩/٢١ لەسێدارەدانی هاوڕێ (مەولود هەمزە) ئەندامی کۆمیتەی هەرێمی کۆمەڵە لەهەولێر، لەبەندیخانەی موسل، برایەکی تریشی شەهید بووە بەناوی (عومەر هەمزە) لە (٥/٩/١٩٩٦) لەچەمرگە نزیک شاری هەولێر.

١٩٨٧/٩/٢١ هێرشی هاوبەشی یەکێتی و پارتی بۆ سەر بارەگای فەوجێک لەناوچەی زاخۆ، کە تێیدا ژمارەیەک چەکدار کوژران و بریندار بوون، لەگەڵ دیلکردنی (٩) چەکدار، دەستکەوتیش (١٢) پارچە چەک بوو، دوو پێشمەرگەش شەهید بوون.

٢٠١٣/٩/٢١ شەهید بوونی (سەرکەوت عومەر فەرحان) لەڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و بریندار بوونی باوکیشی.

(٢٢)

٣١ی گەوێژ کۆتا ڕۆژی وەرزی هاوین.

١٩٧٧/٩/٢٢ لەکاتژمێر(٥)ی سەرلەبەیانی و لەسەرجادەی دەربەندیخان - سلێمانی، پێشمەرگەکان دەستیانکرد بەپشکنینی هەموو ئەو ئۆتومبێلانەی بەو ڕێگایەدا تێدەپەڕین، لەئەنجامدا ملازم تەحسین جودە، ئامر فیصل لەسەر بازگەی تاجی،ج.ا. نزال جەبار غضب(شافیعە - قادسیە) دەستگیرکران. پاش ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی شۆڕش بۆیان لەدوای کاتژمێرێک ئازادکران.

١٩٧٧/٩/٢٢ دوژمن لەزیندانی موسڵ ئەم پێشمەرگە دیلانەی لەسێدارەدا:

١- سەدرەدین ئیسماعیل(هەولێر).
٢- مەجید ڕەشید مامەند(کانی سارد- چوارتا).
٣- خدر عەبدوڵڵا خدر(قڕناقاو- قەڵادزە).
٤- محەمەد ڕەسوڵ محەمەد(شێنی - قەڵادزە).
٥- مەغدید محەمەد سۆفی(هەرتەل- رانیە).

هەروەها ئەم هاوولاتیانەش لەهەمانڕۆژدا لەسێدارەدران:

١- شێخە محەمەد سلێمان.
٢- سلێمان شێخ محەمەد.
٣- حەسەن عەبدوڵڵا مەولود.
٤- مالیک نەبی ئەحمەد(حاجی ئۆمەران).
٥- عەبدوڵڵا خدر سلێمان(قەڵادزە).
٦- عەلی ئەحمەد شەریف(سلێمانی).
٧- عوسمان شێخ فەرەج(حاجی مامەند - چوارتا).
٨- ئەسکەندر ئەحمەد محەمەد(گوڵپ - هەڵەبجە).
٩- سالح مەحمود محەمەد(شارستێن - دوکان).
١٠- ڕەسوڵ حسێن ئەحمەد(هەولێر).
١١- قادر ڕواندوزی(ڕواندوز).

١٩٧٩/٩/٢٢ کۆچی دوایی زانای گەورە و دامەزرێنەری کۆمەڵی ئیسلامی پاکستان ئەبوئەعلای مەردوودی

١٩٨٠/٩/٢٢ سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی عێراق – ئێران.

١٩٨٠/٩/٢٢ دەستپێکردنی جەنگی عێراق و ئێران کە هەشت ساڵی خایاند، وە لە ڕێکەوتی (٨/٨/١٩٨٨) شەڕەکە کۆتایی هات.

١٩٨٢/٩/٢٢ شەهید بوونی هەردوو پێشمەرگەی قارەمان لەدەشتی هەولێر لەناو زینی بچووک (بەکر ئیلنجاغی) جیگری کەرتی (٢) لەدەشتی هەولێرو (کاکە مەلا قەرە).

١٩٨٥/٩/٢٢ تێکشکاندنی هێزی دوژمن بۆ سەر میلان لە ٣ قۆڵەوە، تیپی گەرمیان توانیان (١٥٠) کەس بکوژن لەجاش و سەرباز، لەگەڵ سووتانی (٦) موددەرەعە و (٨) ئۆتۆمبیل و (١) شۆفەل، شەهید بوونی (٣) پێشمەرگە و (٧) هاوڵاتی.

١٩٨٥/٩/٢٢ کەرتی(١و٢)ی تیپی(٥٥)ی قەرەداغ، لەشەوی(٢١/٢٠) کۆنترۆڵی(٢) ڕەبیەی کەناری تانجەرۆیان کرد.

٢٠٠٦/٩/٢٢ بەناوی گەلی عێراقەوە سەرۆک تاڵەبانی نامەیەکی ئاراستەی گەلی ئەمریکا کرد کە گروپی ڕۆژنامەکانی ماکلاچی بڵاویانکردەوە.

(٢٣)

٩/٢٣ ڕۆژی جیهانی پاراستنی زمانی هێما

١ی ڕەزبەر، یەکەم ڕۆژی وەرزی پاییز.

١٩٣٢/٩/٢٣ شاعەبدولعەزیز بن سعوود ناوی وڵاتی نەجد حیجازی گۆڕی بۆ شانشینی سعوودیە.

١٩٧٥/٩/٢٣ کۆچی دوایی شاعیر مەلا مستەفای عاسی.

١٩٧٨/٩/٢٣ شەهیدبوونی پێشمەرگەی قارەمان (جەلال فەتاح) لە گوندی سیاگوێز – ی پێنجوێن، پاش بەسزا گەیاندنی ژمارەیەکی زۆر لەداگیرکەران.

٢٠٠١/٩/٢٣ شەهیدکردنی (٤٢) پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەوپەڕی وەحشیگەری لەلایەن تیرۆریستانی بەناو (جوندول ئیسلام) لەگوندی (خێلی حەمە) لەناوچەی شارەزوور.

٢٠٢٢/٩/٢٣ کۆچی دوایی تێکۆشەر و فەرماندەی دێرین عەمید (مەجید میرخان) لەشاری کۆیە.

(٢٤)

١٩٨٢/٩/٢٤ لەڕووبەڕوو بوونەوەیەک لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم لەگوندی (ئاومااڵ)ی نزیک بەستی شەرغە – ی دەشتی هەولێر، سی پێشمەرگە شەهید بوون بەناوەکانی (مەجید سماقە، قادر گردەسۆری، سەباح گەرمکی).

١٩٨٥/٩/٢٤ گرتنی ڕەبیەی قۆچەری لەسەر ڕێگای قادر کەرم – لەیلان، کە تێیدا ژمارەیەک جاش کوژران، دەستکەوتیش (٢) پارچە چەک بوو.

١٩٨٦/٩/٢٤ کوژرانی (٥) ئەفسەر لەلایەن پێشمەرگەکانی تیپی (٨٥)ی بەرانەتی، لەشارۆچکەی (بەرتلّە) لەنزیک موسڵ.

٢٠١٢/٩/٢٤ ڕاگەیاندنی ڕێکەوتن نامەی هاوبەشی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لەدەباشان.

(٢٥)

٩/٢٥ ڕۆژی جیهانی دەریایی.

١٣٢٨/٩/٢٥ز کۆچی دوایی زانای گەورەی کورد نەژاد ئیبن تەیمیەی حۆڕانی، لە بەندیخانەی قەڵای دیمەشق کە ١٠٠ هەزار پیاو ١ هەزار ژن بەشداریی مەراسیمی بەخاکسپاردنیان کرد، ناوبراو خاوەنی زیاتر لە ٥٠٠ کتێبە.

٢٠٠٣/٩/٢٥ کۆچی دوایی نووسەری گەورەی میسری ئیدارد سەعید.

٢٠١٧/٩/٢٥ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە تەواوی کوردستان بە شاری کەرکوک و ناوچە کورددییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٢٠١٧/٩/٢٥ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، کە ٩٣٪ی خەڵکی کوردستان و کەرکوک بە بەڵێ دەنگیان دا.

٢٠٢٢/٩/٢٥ کۆچی دوایی تێکۆشەری شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ (بەهرام صادق عەلی) ناسراو بە (مام بەهرام).

(٢٦)

٩/٢٦ ڕۆژی جیهانی دامااڵینی تەواوەتیی چەک.

١٨٦٨/٩/٢٦ دامەزراندنی یەکەم شارەوانی لە بەغدا.

١٩٠٦/٩/٢٦ کۆچی دوایی شاعیری گەورە مەحموی لە سلێمانی.

١٩٨٤/٩/٢٦ لەگوندی گەزنەی ناوچەی بەرانەتی لەنزیک هەولێر، لەشەڕێکی سەخت کە لەبەیانی

تاکو ئێوارەی خایاند لەنیوان هێزەکانی پێشمەرگە و جاش و سوپا، لەئەنجامدا فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکە کوژرا لەگەڵ ژمارەیەک سەرباز، ژمارەیەک پێشمەرگەش بەدەستپێژی هەلیکۆپتەر بریندار بوون.
٢٠٢٢/٩/٢٦ کۆچی دوایی زانای گەورەی ئیسلامی د. یوسف قەرزاوی.
(٢٧)
١٩٨٣/٩/٢٧ خاپوورکردنی شارۆچکەی پێنجوێن لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە.
١٩٨٦/٩/٢٧ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەگەڕەکی (٧)ی نیسان لەشاری هەولێر، دوو هەواڵگری دەزگای جاسوسی بەعسیان بەسزای گەل گەیاند.
١٩٩٦/٩/٢٧ بزووتنەوەی تاڵیبان کابۆڵی پایتەختی ئەفغانستانی گرت و سەرجەم هێزەکانی تر هەڵاتن نەجیبوڵای سەرۆککۆماری پێشووی ئەفغانستانیان لەسێدارە دا.
٢٠٠٩/٩/٢ کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین و زیندانی سیاسی حاکمی شۆرش (قاسم محەمەد مستەفا) ناسراو بە (حاکم قاسم) لە شاری هەولێر .
(٢٨)
٩/٢٨ ڕۆژی جیهانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری گشتگیر.
١٩٢٤/٩/٢٨ کۆچی دوایی عادیلەخانمی هاوسەری وەسمان پاشای جاف، کە دوای مەرگی هاوسەرەکەی سەرۆکایەتی هۆزی جافی کرد.
١٩٦٣/٩/٢٨ کردنەوەی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق.
١٩٧٠/٩/٢٨ کۆچی دوایی جەمال عەبدولناسر، سەرۆککۆماری میسر.
١٩٨٥/٩/٢٨ کۆچی دوایی چیرۆکنووس حەسەنی قزڵچی لە بەندیخانەی ئەوین لە تاران.
١٩٨٧/٩/٢٨ لەکارێکی هاوبەشی چالاکی پێشمەرگەکانی تیپی قەرەداغ و گەرمیان و سەگرمە و شیروانە، سەرجەم ڕەبیەکانی زرگوێز و بورجی دارەڕەش و دوو بارەگای فەوج دەستی بەسەردا گیرا، کە تێیدا (٩٧) چەکداری ڕژێم کوژراو (٥١) چەکداریش بە دیلکران گیران ، دەستکەوتیش (١٠٢) پارچە چەکی جۆراوجۆر بوو، ئەم فەرماندە و پێشمەرگانەش شەهید بوون (حەمەسەعید سیتەڵانی فەرماندەی تیپی (٥٥)ی قەرەداغ، ئازاد کەرکوکی فەرماندەی کەرت، عوسمان هێڵەرەیی، دیار ئەحمەد، بەختیار، خەسرەو، حاجی چەچان، فەلاح، ڕزگار فەرقانی، نەجات، عەدنان، بورهان بەگزادە، یاسین).
(٢٩)
١٩٧١/٩/٢٩ ڕژێمی عێراق کۆمەڵێ مەلای نارد بۆلای مەلا مستەفای بارزانی وتوێژ ئامێرێکی تۆمارکردنی دەنگ کە بۆمبڕێژکرابوو پێیدابوون، کە ئەوانیش ئاگادارنەبوون، بۆمبەکە تەقییەوە و مەلاکان و پاسەوانێکی بارزانی کوژران بارزانی و د.مەحموود عوسمان سەلامەت بوون.
١٩٧٨/٩/٢٩ لەچالاکیەکی پێشمەرگەکانی هەرێمی هەورامان لەناو شارۆچکەی خورمال ئەفسەرێک و (١١) سەرباز کوژران.
١٩٨٩/٩/٢٩ دوای ئەنفالەکان لە قاسمەڕەش سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بڕیاریدا بە شێوەی پارتیزانی دریژە بە خەبات بدات دژ بەڕژێمی بەعس.
١٩٩٦/٩/٢٩ شەهید بوونی فەرماندە و پێشمەرگەی دێرین (بەکر گەورە دێیی) لەناوچەی شارباژێر لەگەردەلوولی تۆڵە.
(٣٠)
٩/٣٠ ڕۆژی جیهانی وەرگێڕان.
١٩٥٨/٩/٣٠ دەرکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵ لەلایەن عەبدولکەریم قاسمەوە.
١٩٧٧/٩/٣٠ لەسێدارەدانی پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ (خدر عەبدوللا خدر) لەبەندیخانەی موسڵ.
١٩٨٧/٩/٣٠ هەلیکۆپتەرێک لەزرگوێز خڕایە خوارەوە بەچەکی (سام) لەلایەن پێشمەرگەی قارەمان (سوهاد خانەقینی)، کە چوار ئەفسەری پلە بالای تێدا کوژرا ئەوانیش (عەمیدێک و موقەدەمیک و نەقیبێک و مولازمێک) بوون، ڕژێمی بەعس بەغیابی بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ پێشمەرگەکە دەرکرد چونکە لەلای ئەوەوە بەکارهێندرابوو.
١٩٩٥/٩/٣٠ پروژەی ڕۆبەرت دۆیچ، سەرۆکی بەشی باکووری کەنداو لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاگەیەندرا، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان یەکێتی و پارتی.

نووسینەوە بە هەتاو








مام جەلال- ١٩٤٦



مام جەلال لە دۆڵی ئەسحابان-کۆیە- ساڵی ١٩٤٦



مام جەلال



مام جەلال نوێنەری شۆڕشی کورد بەجلی کوردیەوە، جەمال عەبدول ناسر سەرۆکی میسر،فوئاد عارف وەزیر بۆ کاروباری دەوڵەت لە حکومەتی عێراق - شاری قاهیرە پایتەختی میسر، ساڵی ١٩٦٣.



مام جەلال بە جل وبەرگی کوردیەوە لە فڕۆکەخانەی «قاهیرەی «پایتەتی» میسر»١٩٦٣ لەو سەردانەدا» مام جەلال تاڵەبانی» چاوی کەوت بە «جەمال عەبدول ناسری» سەرۆك کۆماری» میسر»..!



مەسعوود محەمەد ، ماموّستا بەکر مستەفا، مام جەلال



سەید مەجید، مولازم عومەر، نەناسراوەتەوە، هەڤاڵ خەجۆ



مام جەلال، شەریف باویانی



زانکۆی سلێمانی ١٩٩٨/٣/٣١

مەلا یاسین، سەعدی ئەحمەد پیرە، جەماڵە ڕەش، بەرزانی قاڵەی خەڵووز، مام جەلال



بافڵ جەلال تاڵەبانی، مام جەلال، قوباد جەلال تاڵەبانی




رێبوار سەعید لە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ لەگەڵ مام جەلال- بەرگەڵوو ساڵی ١٩٨٧




زەڵێ - ١٩٨١

مام جەلال، شەماڵ عەبدولخالق



دکتۆر کەمال فوئاد، مام جەلال، کۆسرەت ڕەسول، عومەر فەتاح




مام جەلال و دلێری سەید مەجید



مام جەلال، رەهبەر سەید برایم — مەدالیای ڕێزلێنان لە دەباشان ٢٠٠٩/٩/٣



مام جەلال و فەریق رووکن نەوشیروان فواد مەستی



هێرۆخان، مام جەلال، قوباد جەلال تاڵەبانی، بافل جەلال تاڵەبانی



مام جەلال، شێخ لەتیفی حەفید

کۆیە - ١٩٦٣